بەرهەمی سیاسی

زنجیرە (7)

# لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك

(بیرەوەری و دیکۆمێنت)

## دیدار لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیNRT

(ڕووداو و مێژوو)

سازدانی دیمانەو پێشکەشکاری بەرنامە: نووسەرو ڕۆژنامەنووس :

فەیسەڵ محەمەد عارف

دیدارەکە لە 2013/3/16 و 2013/3/19 لە دووبەشدا پێشکەشکراوە

(لێیزیادو پوختەکراوە)

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین

بەشی یەکەم 2013 چاپی یەکەم

بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی

زنجیرەی (7)

ناوی کتێب : لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك

نووسینی : دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین

تیراژ : (1000) دانە

تایپ و نەخشەسازی: نووسینگەی هیوا

چاپ : چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)

چاپی یەکەم ، هەولێر / 2013

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (2592)ی ساڵی (2013)ی دراوەتێ

پێشکەشە:

بە کاکە محەمەد عەزیز (خاڵە حەمە(

ئەو مرۆڤە مەزن و خۆنەویستەی نەیهێشت لەژیانی سیاسیم و کارو چالاکی حزبیمدا بگلێم

عەبدوڵڵا ئاگرین

سلێمانی

2/5/2013

وشەیەکی گوڵاوپژێن

حزبی (کاژیك - کۆمەڵی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد-( خاوەن شکۆیەکی مێژوویی‌و سەروەریەکی مەزنە.. تەنیا حزبێکی سیاسیی کوردی بوو، بەئاشکراو لە پەیڕەوی ناوخۆو پڕگرامو کاروچالاکیی قۆناغی‌و هەمیشەیی (تەکتیكو ستراتیژ( ئامانجی بەدیهێنانی هەڵکردنی ئالاَی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بەکوردو دنیا

راگەیاند... جەماوەر بەگشتیو هاوبیرانی ریزی رێکخستنو دۆستو یارانی بە ئامانجەکەی ئاشنا ئەکردو ئەو بیروباوەرە (کوردایەتی- نەتەوایەتی (یەی دوور لەرەگەزپەرستیو دەماگیریو توندڕەوی، تەنیا هەڵقوڵاوی فیکرو ئامانجی مرۆڤایەتیەو بڕوای تەواو قەناعەتی سەرتاسەریی بەتێزی: ئازادی تاكو بە دیهێنانی ئیرادەی جەماوەرو یەکسانیو دادوەریو سستمی دیموکراتیو رێزگرتن لەفیکری بەرانبەرو قەبوڵکردنی ژیانی برایەتیو کامەرانی... تا دوای... لای من ئەو فیکرو خەباتو ئامانجی نەتەوەییە، تەنیا خۆی لەفکر و خەباتو ئامانجی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەریو فیکری پێشکەوتوخوازی سەردەممدا ئەبینێتەوەو هەر راڤەیەکی دی بۆ زاراوەی (نەتەوایەتی( جگە لە (مرۆڤایەتی) لای من رتئەکرێتەوەو قابیلی قەبوڵکردن نییە!.. کاژیك (فکرو خەباتو ئامانجی)ی کوردایەتیی لەبازنگەیەکی مەعریفیی پۆزەتیڤی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا سەلمانو چەسپاند.. ئا ئەو سەروەرییە نەك تەنیا لای هاوبیرانی کاژیك و خانەوادەکانیان شانازی پێوە ئەکەن بەڵکو بۆ کوردو هەموو ئەومرۆڤ بەویژدانە غەیرە کوردانەش بەسەربڵندیەوە ناوی ئەبەن.!!

راستە لە 1959/4/14، کاژیك لە شاری سلێمانی لەسەر دەستی کۆمەڵێك ئەدیبو رۆشنبیرو سیاسەتمداری جوامێر دامەزراو تا ئەو دەمەی واتە ساڵی 1964 لەگەڵ حزبی نەتەوەیی (پارتی گەلی کورد) کەلەساڵی 1962دا راگەێنراو خاوەنی دوو رێکخراوی بنکە فراوانی جەماوەری بوو، رێکخراوی پیشەیی (یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد (1962/3/21) ورێکخراوی جەماوەری (یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد 1961/13/15) سەرکردایەتی هەردوو حزب: (کاژیکو پارتی گەلی کورد) هاوبیران:

مامۆستا ئەحمەد هەردی، مامۆستا فەریدەون عەلی ئەمین، مامۆستا فائق عارف و کاکە محەمەد عەزیز و کاکە شێخ محەمەد هەرسین ئامادەبوونو گفتوگۆ لەنێوانیانا کراو دوای حەوت کۆبوونەوە (کاژیك و پارتی گەل) بەیانێك یەکیان گرتو بەرپرسیارێتی بەمشێوەیە دابەشکرا:

-1مامۆستا ئەحمەد هەردی. (بەرپرسی یەکەم)

-2کاکە شێخ محەمەدی هەرسین. (بەرپرسی دووەم)

-3کاکە محەمەد عەزیز (خاڵە حەمە). (بەرپرسی لیژنە پەیوەندی) و رێکخستن بەگشتیو رێکخستنی شاری سلێمانی بەتایبەت سەرکردایەتی نوێی حزب بەمشێوەیە لەم مامۆستایان پێکهات -:

-1ئەحمەد هەردی.

-2کامیل ژیر.

-3فەرەیدون عەلی ئەمین.

-4شێخ محەمەد هەرسین.

-5محەمەد عەزیز (خاڵەحەمە).

-6فائق عارف.

-7لەگەڵ دکتۆر جەمال نەبەز، ئەوسا بۆ خوێندن لەئەوروپا بوو.

هاوبیرانی دڵسۆزو پاك، مامۆستاعەبدوڵلا جەوهەرو دکتۆر ئیحسان فوادیش هەر زوو لەساڵی 1961ەو بەتەواوی لەکاژیك پاشەکشەیانکرد.

وەك هەقیقەتێك ئاماژەی پێئەکەم، نەك خوانەخواستە (گاز لەگوێی خۆم بگرم) و تانەو تەشەر لەتواناو هێزو بنکەی جەماوەری و قودسیەتی کاژیك بدەم... نەخێر بەڵکو بەدیکۆمێنت: واقیع ئەدوێو هەقیقەت خۆی دەر ئەخات.. کاژیك لە 1959/4/14 تا ساڵی 1964 و یەکبوونی لەگەڵ (پارتی گەلی کورد) رێکخستنەکانی (کاژیك) تەنیا بریتیببوون لەو: نوخبە رۆشنبیرو ئەدیبە هەڵکەوتوو سیاسەتمەدارە هوشیارو دڵسۆزانەو لەماوەی نزیکی شەش ساڵدا تەشەنەیان نەکرد و بنکەی جەماوەریان نەبوو، ژمارەیان نەدەگەیشتە پەنجەکانی هەر دوو دەست ئەم دڵسۆزو خۆشەویستانەبوون: هاوبیران، ئەحمەد هەردی، کامیل ژیر، د. جەمال نەبەز، فەرەیدون عەلی ئەمین، شێرکۆ بێکەس، محەمەد مەجید ئەسلان ، لەتیف عەلی، حەمە عەلی فەرج، فائق عارف.. دەرخستنی ئەم هەقیقەتەو داننان بەو راستیەدا نەخەوشەو نەئەوەیە بایەخی کاژیك کەمکرێتەوە، بەڵکو تیشکی راستی ئاڕاستە هەقیقەتو واقیعی ژیانو مێژووی خەباتی کاژیك ئەکرێتو راستوایە کەس پێینیگەران نەبێتو بەدڵێکی فراوانو گیانێکی سپۆرتانەوەو بەخۆشیەوە ئەم راستیە قەبوڵبکات.. ئەمەتەنیا قەناعەتی من نییە. (کاکە محەمەد عەزیز "خاڵە حەمە" ئەندامی سەرکردایەتی کاژیكو بەرپرسی لیژنەی پەیوەندیو رێکخستنەکانی کاژیك) لەساڵی 1964 ودوای یەکگرتنی هەردوو حزب:

(ئەفەرموێت: لەکاتی تێکەڵبوونی ڕێکخستنەکانی هەردوو حزبو دیاریکردنی بەرپرسیارێتیو سەر لەنوێی ریزەکانی ڕێکخستن.. هاوبیرانی )کاژیك( لەناو کوردستاندا لە هەشت هاوبیر تێپەڕ نەئەبوون!).

دووپاتی ئەکەمەوە، دەرخستنی ئەو هەقیقەتە هیچ لەوەزنو شکۆو پایەو مەنزڵی بەرزو پیرۆزی کاژیك کەم ناکاتەوە.. من بەشبەحاڵی خۆم لەو ساتەی لەکاژیکدا خەباتمکردووە تالە ژیانیشدابم سەر بەرزانە شانازی بەو تەمەنە داگیرساوەی تێکۆشانی ناورێزەکانی کاژیکەوە ئەکەم... من لێبوردانەو بیٚ پەرواو دڵسۆزانە رەنجم لەگەڵیدا کێشاوە..!!.. نووسینەوەی (لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك)و (بیرەوەری و دیکۆمێنت) لەو چەپەرەوە سەریهەڵداوە هە ستئەکرێت: تەمو مژو لێڵیەکی نەخوازراو لەرووی سروشتیی مێژووی خەبات ئەوحزبە مەزنەدایە.. ئەوەش ناهەقیەکە لە مێژووی ئەو حزبەو رەنجو ماندووبوون وقوربانیدانی هاوبیرانی ریزی تێکۆشانی رابردوی کاژیك ئەکرێت، هەر بەهۆی ئەو شکۆیەی تێکۆشانی کاژیکەوە، مرۆڤی بەویژدان خۆیان بەشانو شەوکەتی رابردووی کاژیکەوە بائەدەن...کەچی مەخابن هەندێك جار لەزۆر بۆنەدا سەروەری ئەو خەباتوماندووبوونو قوربانیدانە تەنیا وەك باز بەسەر سەری حەوت هاوبیرە دڵسۆزە نەتەوەپەروەرەکەی دەستەی دامەزرێنەری 1959/4/14ەوە ئەگیرسێتەوە.. راستە ئەو دەستپێشخەریە جوامێرو ئازاو دڵسۆزانەیەی ئەو هاوبیرانە جێی رێزو تەقدیری بیٚ ئەندازەیە.، وەلیٚ ناکرێت ئائەو پێوەرە لەهەموو کاتو حاڵەتو شوێنێکدا تاسەر بەبەستەڵەکیو چەقبەستووی بمێنێتەوە!!.. مرۆڤ ئەپرسێت ئاخۆ هەر هەموو ئەو حەوت هاوبیرە دڵسۆزە تاسەر هەڵگری پەیامەکە بوونو

لەرێزی کاژێکدا تاسەر ماونەتەوە؟.. خۆ ئەوە هەرزوو لەدوای ساڵی 1961 مامۆستایان: عەبدوڵڵا جەوهەرو دکتۆر ئیحسان فواد پاشەکشەیان لەکاژێك کردو لەدوای ساڵی 1971یش مامۆستا جوامێرو گەورەم فەرەیدون عەلی ئەمین بەخواستی خۆی وازی لەکاژێك هێنا، ئەمە بەو واتایەی لە (1959/4/14)ە تاکو 1975( دەستەی دامەزرێنەری کاژێك لەناو کوردستاندا مامۆستایان: (ئەحمەد هەردی، کامیل ژیر، فائق عارف) بوونو لەدەرەوەی وڵاتیش هاوبیری دڵسۆز دکتۆر جەمال نەبەز بووە. ئەمەبێ ئەوەی وەك ماف و هەق دوای یەکگرتنەکەی ساڵی (1964) هەردوو سەرکردە کاکە محەمەد عزیز (خالە حەمە)و کاکە شێخ محەمەدی هەرسین ناویان بهێنرێنو نکۆڵیش لە کۆنگرەکەی 1972/5/25 ئەکرێت. ئێستاش ئەڵێم بێ نیازی تایبەتو بێ ئەوەی بڕیاری پێشووەختدرا بێ، لەبەر رۆشنایی لێکدانەوەیەکی زانستانەو لۆژییکیانە، نووسینی (لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژێك) وەك بیرەوەری و دیکۆمێنت لەسەر خواستی زۆر لە ئازیزو دڵسۆزان بووە لەوانە: دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا —زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هاوبیر محەمەد کەمال لەدهۆك، براو خزمیو دڵسۆزم کاکە رەزاقی حاجی کەریم لەسلێمانی.. ئەم نووسینە ویستی تاکەکەسیو حەزی خۆ دەرخستو پۆزلێدان هاندەری نییە، تازە لەتەمەنێکدام ئەزموونی ژیانی ئاساییو سیاسیی ومەرعیفیم لەبۆتەکەیەکی پتەوی ئەوتۆدا قاڵیکردوم، ختووکەی فیزم بەتێزی لادەرانەی هەرزەییانە نەدرێت، پێگەی خاوێنو چەمکی دڵسۆزیو رەهەندی بنچینەی بزوتنەوەی رزگاریخوازو پێشکەوتووی عەقڵکراوەو لۆژیکیانەی مرۆڤانە فاکتەرە بۆ ئەوەی: ئەم هەقیقەتە بۆ هاوبیرو دڵسۆزانی

کاژیك تەنانەت نەیارانی (کاژیك) وفیکری نەتەوەیی دەرخرێت... خۆی لەم دوو تەوەرە ناسكو گرنگەدا ئەبینێتەوە:

یەکەم: نیاز لەم نووسینە: خۆ بادان نییەو موزایەدەش بەسەرهاوبیرانی خۆشەویستو دڵسۆزانی کاژیکدا ناکەمو سواڵی ناوبانگیش رەتئەکەمەوەو شەڕیش لەسەر وەرگرتنی میراتی مادی یاخود مەعنەوی کاژیك ناکەم، بەڵکو مەبەستمە بەهەموودنیا راگەیێنم: لەساڵی 1961-1975 لەکاژیکداو دواتر لەپاسۆکدا هەنووکە لەریزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خەباتمکردووەو ئەیکەم خاوەنی ئەو دروشمە موقەدەسەم بەرزکردنەوەی: ئاڵای کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان..!

دوای ئەوەی (پاسۆك گەلو سۆسیالیست) لە حزبی (یەکگرتن)دا بوون بەیەك و دواتر بەخواستی هەمولایەك بەشێوەیەکی فەرمی لەکۆنگرەی (11)دا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان تێکەڵ بووین.. هەن لەنەزانیانەوە بێت یاخود بێ ئاگای یان بەئانقەست تا هەنووکە واحاڵیبوون.. ئێمەو مانان هاتوینەتە سەر سفرەو خوانی حازریو مشەخۆری ئەکەینو لەسەر بەشی ئەوان ئەژین.!!

ئەمە لەکاتێکدا ئێمەو مانان لەساڵی 1961ەوە یەك رێچکەو رێرەو خەباتی کوردایەتیمان گرتووەو رەنجمانداوەو لەپێناو خولقاندنی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردو بەدیهێنانی خواستو ئیرادەی ئەم میللەتە ستەمدیەی دووچاری ئەنفالو کیمیابارانو (جینۆساید) بوو هەوڵمانداوەوکارمان بۆ هێنانەدی ئەو خەونو خواستو ئاواتە کە ئەمڕۆ بەهەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتۆتەدی ئێمەو مانان پشکی

وەزندارو موقەدەسمان بۆ لەدایکبوونی ئەم رۆژەنوێیەو دۆخی ئازادی کوردو سەربەخۆی کوردستاندا بووە و هەیە...!!

دووەم: مێژووی خەبات‌و لێبوردەیی وقوربانیدانی هاوبیرانی کاژیك هێندە شکۆدارو مەشخەلێکی داگیرساوە هەموو خانەوادەو دۆست‌و یاران و هاوبیرانی رێزی تێکۆشانی ناو کاژیك شانازی پێوە ئەکەن و بۆ ئەوەی مافی ئەو هاوبیرە جوامێرو خانەوادە سەربەزەکانیان نەسووتێت‌و نەفەوتێ بەتایبەت ئەوانەی ئازیزانیان لەسەر خەباتی کوردایەتی ناوریزی کاژیك دووچاری نارەحەتی‌و گرتن‌و ئەشکەنجەدان دوورخستنەوە (نەفی)و راودونان بوون‌و ئیعدام کراون، پەراوێز نەخرێن، بەراستمزانی لەم بیرەوەریەدامشتێك لەناو و ناوی نهێنی شۆڕشگێرانەیان بکەم بەنموونەی خەرواریك، خودای مەزن‌و میهرەبان پشت و پشتیوان بێت لەبەشی دووەمدا (مێژووی کاژیك‌و وەقائع ودیکۆمنێت) ئەدەبیات‌و نامەی هاوبیران‌و خشتەی کاری نهێنی‌و ناوی حەرەکی هاوبیران پێشکەش ئەکەم.

یەزدان یارو یاوەرتان بێ، هەی دڵسۆزانی هەست پاك‌و هەقویست‌و مرۆڤ پەروەر، من بەقوربانتتان بم

ئێوەش سەرفرازوسەرکەوتووبن

عەبدوڵڵا ئاگرین

هەولێر- باشووری کوردستان

1/11/2013

دیمانەی کەناڵیNRT لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین

پێشکەشکار:

ساڵی 1974بەیاننامەیەك سەرکردایەتییە کۆنەکەیان هەڵپەسارد و لەشوێنی ئەوان سەرکردایەتییەکی کاتی نوێیان پێکهێنا، بەناوی رەخنە و گلەیی لە شێوازی کارکردن و شێوەی رێکخستنو تواناو لێهاتوویی سەرکردایەتی کۆنی کاژیك، ئەوان دەیانوت: رابەران و سەرکردایەتی کۆنی کاژیك لە ئاستی لێپرساوی دانەبوون و کەمتەرخەمبوون، لەو رۆژگارەدا، یەکێکیان دەچێتە ئەوروپا و ناگەڕێتەوە و ئەوانی تریش بەبێ دەنگی و بێ چالاکی راستەقینە، لەولاتدا دەمێننەوە، هەندێکیشیان دەکشێنەوە و کارنەکردن لە ریزەکانی کاژیکدا هەڵدەبژێرن .

ئیدی لەو قۆناغەدا چارەنووسی کاژیك لەرووی فکری و لێکۆڵینەوە و نووسینەوە دەکەوێتە دەست د. جەمال نەبەز و لەرووی کاری رۆژانە و تەنزیمات و رێکخستنو جموجۆڵو چالاکی حزبی و پەیوەندیەکانیشەوە دەکەوێتە دەست مامۆستا دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین.

عەبدوڵڵا ئاگرین — دکتۆر جەمال نەبەز

بەرلینی رۆژئاوا - 1973/8/24

بۆ قسەکردن لەسەر هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو رەوتە نوێیەی نێو ئەو پارتە نەتەوەییەو ئەو سەرکردایەتییە کاتییە و سەرهەڵدانی پاسۆك وەك درێژەپێدەری کاژیك و رەوتێکی نەتەوەیی و رۆڵی مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین لەنێو ریزەکانی کاژیك و پاسۆك و ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق و بەشداری سیاسی ئەم کارەکتەرە لەڕیزەکانی شۆڕشدا تا ساتەوەختی یەکگرتنی پاسۆك لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و توانەوەی لەو حزبەدا، رووداو مێژوو بە گرنگی زانی لەسەر تێزێکی تایبەت، میوانداری بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر (عەبدوڵلا ئاگرین) مان کردووە وەك ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی کاژیك و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێشووی پاسۆك و ئەندامی کارگێری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانو ئێستاش بەرپرسی سەنتەری دیراساتو توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانە.

* * * * *

پێشکەشکار: مامۆستا زۆر بەخێربێی بۆ بەرنامەی رووداوو مێژوو خۆشحاڵبووین بە ئامادەبوونت لە بەرنامەکە. وەك بەرچاوروونییەك بۆ بینەران پێمان بڵێ عەبدوڵلا ئاگرین کێیە؟.

د.عەبدوڵلا ئاگرین: زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە، بە تایبەت لە بەرنامەیەکدا کە ناوی رووداو و مێژووەو ئەوەش قورسایی‌و بایەخی خۆی هەیە، ئەوەی ئێستا من باسی ئەکەم، هەم رووداوە هەم مێژووە، بۆیە من واقیعی مێژوو ئەگێڕمەوە کە لەسەر راستی بنیادنراوە، خستنە رووی ئەم زانیاری هەقیقەتانە، بەهیچ جۆرێ بەمەبەستی مزایەدەکردن نییە بەسەر هاوبیرە ئازیزو هاوخەباتەکانمدا و شەڕی وەرگرتنی میراتی (کاژیك)یش نییە .!!

بۆیە ئەگەر کەسێك یان لایەنێك پێی هەزمنەکرێت‌و نیگەران بێت ئەوە گوناهی من نییە و ئەوە راستی رووداو و مێژووە و نزیکەی 50 ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، هەموو مرۆڤێك لەژیانیدا کۆمەڵێك وێستگەی هەیە، ئەو وێستگانەی من لەم بەرنامەیەدا ئاماژە پێئەدەم بۆ بەرنامەکە گرنگن، من ناوم عەبدوڵلایە کوڕی مەلا عەزیزی مەلاخالدی مەحویی کوڕی مەلا وەسمانی دووەم‌و مەلا وەسمانی گەورەو مەلاعەلی گردەو پیر مەحمودو پیر خدرو شێخ رەش‌و پیر ئەلیاس‌و میرە سووری بەرزنجی، تا مەلا وەسمانی گەورە بنەماڵەکەمان لە گوندی باڵخ ژیاون، ئێمە بنەچەمان ئەگەڕێتەوە بۆ گوندی باڵخ کە لە شارباژێڕە. ئێمە بنەماڵەیەکی رۆشنبیرین هەر لە باوانمەوە خانەقامان هەبووە و ئەو خانەقایەی ئێستا لەشاری سلێمانییە، لە ساڵی 1784 دەستپێیکراوە و لە ساڵی 1786 لەکاتی بنیادنانی

شاری سلێمانی تەواو کراوە، من قوتابخانەی ئەیوبییەی سەرەتایم لە شاری سلێمانی خوێندووە دوایی ئامادەیی پیشەسازیم تەواو کردوە، ئینجا پەیمانگای تەکنەلۆژیام لەزانکۆی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواو کردوە (دبلۆم فەنیم لەهەندەسەی کارەبا) دا هەیە، پاشان گەڕاومەتەوە بۆ تەواوکردنی، خوێندنی ئەکادیمی، ئەمە بۆ ئەوەی هەم خوێندنەکەم هەم فرمانو کاری وەزیفیم و هەم هیوایەتەکەم کە لە دنیای ئەدەبدا خۆیان ببیننەوە، وەك چیرۆك و شیعر و ... تا، یەکبگرنەوە. بەتاقیکردنەوەی دەرەکی (خارجی) قۆناغی سێی ناوەندی و شەشی ئامادەییم بڕیوە، ئینجا چوومە زانکۆ و خوێندنی بالاو ماستەرو دکتۆرام تەواوکردووە. ئێستا مەرتەبەی عیلمیم لە: پلەی(پڕۆفیسۆر)یدایە مامۆستام لەزانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

پێشکەشکار: مەبەست لەئاگرین چییە، لەکاتێکدا پێشتر بەنازناوی هەستیارەوە شتت ئەنووسی.. ئاگرین چییە؟ .

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: بۆ ئەم نازناوە لەساڵی (1964)ەوە لەگەڵ کاك شێرکۆی بێکەس پێکەوە لەکاژیکدا خەباتمان ئەکرد لەبەغدا بووین .

کاك شێرکۆ بێکەس لە ساڵی 1967دا وتی: کاك عەبدوڵڵا بۆ لەقەبی مەحوی هەڵناگری؟، بۆنازناوی ئاگرین بەکارئەهێنێت؟ وتم: کاکە شێرکۆ

من بەشکۆوە، شانازی بە مەحوی‌و ناز ناوەکەیەوە ئەکەم، لە خۆبایبوون نییە ئەڵێم : من ئەوەم پێڕاستە لەسایەی رەنج‌و بەخششی خۆمەوە پێبگەم.. ئیدی ئەو هیچ قسەیەکی دی نەبوو؟.. لەڕاستیدا ئەم ئاگرینە ناوێکی حەرەکییە هی کار و چالاکی حزبایەتی، من بۆ خۆم هەندێ وزەو دەگمەنم لەخۆما ئەبینی، بزێوی‌و بزوێنەری داینەمۆیی تایبەتیشم لەخۆما شك ئەبرد کە پێم وابوو ئەتوانم بەردەوام کارێکی فکری و چالاکی پراکتیکی بەگورجی بکەم، ئەوە لەوەوە هاتووە .

لە ساڵی 1958 و 1959 ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواتر ئەندامی لیژنەی قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بووم، هەمان ئەو رۆحە سرك‌و یاخییە سەرکەشەم لەخۆدا هەستپێئەکرد

پێشکەشکار: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین چۆن هاتیتە ناو کایەو کاری سیاسییەوە، مێژووی بەشداری کاری سیاسی تۆ لەنێو شۆڕشدا ئەگەڕێتەوە بۆ کەی؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: مەسەلەی هاوبەشیم لە چالاکی دنیای سیاسەت... یاخود کشان بۆ ناخی ئەو دنیایە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، من بەعەشق‌و شەوقەوە بەرەو پیر سیاسەت و حزبایەتی رۆیشتووم، مامم مەلا ئەسعەدی مەحوی و شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی

حەفیدسالّی 1938 پێکەوە کۆمەڵەی برایەتییان دروستکرد، ئەو کۆمەڵەیەی دروستیانکرد بە هاندانی شێخ مەحمودی حەفید و پاڵپشتی حەپسەخانی نەقیب دامەزراو دروشمیان:

سەربەخۆی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بوو، ئەم راستیەم چەند جارێك لە مام و ئامۆژنم (شەمسە خانی حاجی عەلی باڵخی)و دایکم (شەمسەخانی حاجی حەمە ساڵح)و کاك عوسمانی مامم کە ئێستا لەژیاندا ماوە ئەبیستەوە.. دواتر لەدوای 14ی تەمموزی 1958و تەقینەوەی بورکانێکی گەورەی فیکری لەدنیای سیاسەتدا هاتە ئاراوە و مەسەلەی کورد هاتە پێشەوە، ئەوسا دایکم هەر ئەیفەرموو: عەبدوڵڵا مامت کوردیەتی ئەکرد، هەر دایکم یەکێك بوو لەوانەی کە بەگەرمی هانی ئەدام و ئەیوت: عەبدوڵلا وەرە بزانم دەربارەی کورد چی بووە و چیان ئەوت؟. حکومەتی عێراق ئەڵێ چی و عبدالکریم قاسم چی بۆ کورد ئەکات، ئەی مەلا مستەفا لەکوێیە و کەی ئەگەڕێتەوە؟!. ئەم بیروڕاو هەڵوێستەی دایکم لە هەڵوێستی باوکم مەلا عەزیزی مەلا خالدی مەحوی جیابوو، هەرچی باوکم بوو، زیاتر بەلای هونەر و خۆشمەعشەری و تێکەڵاوی خەڵکدا ئەچوو تا بەلای سیاسەتدا .

لەمەیان دایکم کاریگەری ئەرێنی زۆرو بەهێزی بەسەرمەوە هەبوو. ئینجا دوای 14ی تەمموز1958 ململانێیەك دروست ببوو، سەبارەت بە مەسەلەی دروشمی مافی کورد، ئایا کورد ئوممەیە یان ئوممە نییە، ئایا کورد ئەبێ یەکێتیەکانی لاوان و قوتابیان و رێکخراوە پیشەییەکانی بەناوی کوردستانەوە هەبێ یان نا؟!! ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان

رابەرایەتی پرسی کوردیەتو ئەو بارودۆخەی ئەکرد، منیش حەزم ئەکرد بچمە ناو یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، چونکە بەر لەشۆڕشی تەموزی 1958 یەکەم جار داوام کرد ببمە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، وتیان: تەمەنت کەمە، مامۆستایەکی خزمم لەسلێمانی هەیە: ناوی مەلا عزەت عەزیزی مەلا رەحیمە، لەگەڕەکەکەمانا بوو، ئەو زیاتر تێکەڵی ئەم بابەتی سیاسەتە بوو، من داوام کرد لەیەکێتی قوتابیانی کوردستاندا خەباتبکەم، بەلاّم وتی: تۆ هێشتان تەمەنت نەگەیشتۆتە ئەوەی ببیتە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 کە بووم بە ئەندام، بڕوات هەبێ ئێستاشی لەگەڵ بێت خۆشترین و بەچێژترین کاتی سەروەری ژیانم بوو، ئەو ئەندامێتیەم لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا هاندەرێکی بەهێز بوو، بۆ ئەوەی روو لەسیاسەتو حزبایەتی بکەم، ئینجا دوایی لە چالاکیەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستاندا کارم کردو ساڵی1959 بوومە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمە تاکو ساڵی 1961 خایاند، واتا تا دەسپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لە1961/9/11دا ، ئینجا دواتر من لە یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورددا کارم کرد کە رێکخراوێکی تازەی نەتەوەیی بوو، چونکە هیچ رێکخراوێکی تری نەتەوەی نەبوو، ئەو رێکخراوەش گۆڤارێکی بەناوی چرای کوردستانەوە دەرئەکرد کە بە دەستخەت ئەماننووسییەوە و بلاّومان ئەکردەوە .

پێشکەشکار: وتت خۆشترین رۆژی ژیانت ئەوەبوو کە چوویە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، بەلاّم لە دوای شۆڕشی ئەیلول لە پارتی دوورکەوتیتەوە و رێکخراوێکی ترت دروستکرد، رێکخراوی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد هی کێ بوو، سەر بەکێ بوو؟.

د.عەبدوڵلاّ ئاگرین: من ئەو رێکخراوەی لاوانی نەتەوەیەی کوردەم دروستنەکردبوو، رێکخراوەکە هەبوو، لە1961/9/11 دوای شکستی بزوتنەوەی شۆڕش لەدەربەندی بازیانو دەربەندی خان من لەڕێگای کاك تۆفیقی نوری بەگەوە چوومە ناو ئەم رێکخراوەوە، شەهید شێخ محەمەدی هەرسین بەرێوەی ئەبرد، لەدواییا زانیم کاك محەمەد عەزیزو شێخ محەمەدی هەرسینو کەسێکی تریشیان لەگەڵ بوو، وائەزانم بە ناوی کاك رەشیدەو و خەڵکی رۆژهەلاّتی کوردستانە و لەپێنجوین دائەنیشت، من ئەو کاك رەشیدە نەبینیبوو، لەو دەمەدا لەناو یەکێتی لاوانی نەتەوەیی چالاکیەکانم ئەوەبوو کە لە شاری سلێمانی خەڵکمان بۆ ریزەکانی رێکخراوەکە کۆ ئەکردەوە .. وەك وەفاو هەقیقەتێك ئەبێ دەوری مامۆستا غەفوور ئەمینو چالاکیی بەرچاوی لەساڵی 1961- 1963 لەو رێکخراوەدا لەبیر نەکەین، چونکە مامۆستا غەفوور دەوری مەزنو نەترسانەی هەبوو، ئەو فەزڵی گەورەی بەسەر ئەو رێکخراوە هەیەو هەتا بەسەر کاژیکیشەوە، ئەو کەسێکی زۆر چالاك و دڵسۆزەو تا ئێستاش لەژیاندا ماوە .

کاتێك من لەو رێکخراوەدابووم پێشنیازێکم بۆ کاك تۆفیقی نوری بەگ کرد، وتم: بۆ ئێمە رێکخراوێکی قوتابیانە دروست نەکەین؟ چونکە زۆر کەس هەن حەز بە حیزبایەتی ناکەن و

وائەزانن ئەم ڕێکخراوی لاوانە حیزبیەو ئەوانە نایەنە ناو کارەوە، پێشنیازەکەمی بەشەوقەوە وەرگرت‌و فەرمووی زۆر باشە. !

تۆفیق نوری بەگ ، عەبدوڵڵا ئاگرین

4/7/1964 – قەڵادزێ

من و تۆفیقی نوری بەگ و لەتیف قەرەداخی و کەمال عەبدوڵڵا محێدین لە1962/3/21دا ڕێکخراوەکەمان بەناوی یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کوردەوە دامەزراند و وەك سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە دەستبەکاربووین و ڕۆژنامەیەکیشمان بەناوی (رابەر)ەوە بەنهێنی دەرئەکردو بەدەستنووس لەسەر کاغەزی کۆپی(30(نوسخەمان بڵاوئەکردەوە .

دوایی لە ساڵی 1972/5/25 کۆنگرەی یەکەمی کاژیکمان لە ماڵی کاك کامیل ژیر لە سلێمانیدا بەست، لەو کۆنگرەیەدا حەوت کەس بووین و لەسەر پێشنیازی هاوبیری بەرێز کامیل ژیر بووین بە سەرکردایەتی کاژیك، تەبعەن دیارە کە ئەندامانی کۆنگرە حەوت کەسبێت ئەوانە تەمسیلی سەرکردایەتی ئەکەن، ئەوسا من مەسئولی لقی کاژیك بووم لەگەڵ مامۆستا محەمەد مەجیدی ئەسلاَن و مامۆستا حەمە عەلی فەرەج و کاك فەتاح عەبدولرەزاق و ...تاد.. ئیتر لەوێدا سیفەتی قیادەی کاژیك بەئامادەبووان بڕا، بریتیبوون

له: ئەحمەد هەردی، کامیل ژیر، فائق عارف، عەبدوڵڵا ئاگرین، محەمەد مەجید ئەسڵان، محەمەد عەلی فەرەج، فەتاح عەبدولرەزاق.. ئەمە جگە لەوەی سیفەتی سەرکردایەتی بەهەریەك لە: مامۆستا دکتۆر جەمال نەبەزو شێخ محەمەدی هەرسینو کاك محەمەدی عەزیز دراو وەك خۆیان مانەوە.

له دوای راپەرین ئەندامی سەرکردایەتی پاسۆكو ئەندامی کارگێری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بووم، دواتر لە یەکگرتندا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتنو ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەرکردایەتیش بووم .

پێشکەشکار: لەساتەوەختی شۆڕشی ئەیلول تۆ لەناو کایەی سیاسیدا بوویت، ئایا شۆڕشی ئەیلول ئامادەیی بۆ کرابوو یان هەلێکی سیاسی بوو قۆزرایەوە؟ .

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: ئێمە چەند گەنجێکی شاری سلێمانی بووین، لەبەر هەرزەیی سیاسی و خوێنگەرمیمان بۆ کوردایەتی چالاکی بەرچاومان هەبوو.

له1961/9/11 کورد خۆی بۆ شۆڕشی ئامادەکردبوو، تا بەرگری لەخۆی بکات ..من بڕوام وایە: شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێك بوو لەپێناوی کوردا و لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆییو بەدەستهێنانی مافەکانی کوردا بەرپابوو، چونکە کە لە دەربەندی بازیان و دەربەندی خان لەشکر شکا، ئێمە و مانان زۆر دڵگران بووین لەوەی کە لەوانەیە خەتاکە هی پارتی بووبێت، لەبەر ئەوە من لە خەتی پارتی دوورکەوتمەوە و خواخوام بوو رێکخراوێکی تری

نەتەوەیی هەبێت کاری تێدا بکەم، لە ئەنجامی ئەو خورتەو بۆڵەو مناقەشەیە من وەك قوتابیەکی چالاکوانو سیاسی دیاربووم ئەوەبوو من چوومە ناو رێکخراوی لاوانی نەتەوەیی کوردەوە کە تەسەور ئەکەم من چوارەم کەس بووبم لەو رێکخراوەکەدا، شێخ محەمەدی هەرسینو کاکە محەمەد عەزیزو کاکە تۆفیق نوری و من بووین، دواتر مامۆستا غەفور ئەمین و ئەوانەیتر هاتن، پاشان گۆڤارەکە و ئینجا رۆژنامەکەمان دەرکرد، لەو کاتە تاساڵی 1963 هەتا کارەساتی دڵتەزێنی خوێنڕێژ زەعیم سدیقی ئیرهابی کە هات لە 9 حوزیرانی 1963دا مەنعی تەجەولێکی لە سلێمانی کرد و چەند گەنجو رۆڵەی ئەو شارەی زیندە بەچاڵ کرد، لەسەر ئەوەی کە داوایان لێکردبوون جنێو بە رەحمەتی مەلا مستەفا بدەن ، یان رەسمەکەیان دانابوو ئەیانوت: سوکایەتی بەم رەسمە بکەن، ئەوانیش پێچەوانەی ئەمری ئەو جەللادانەی ئیرهابی زەعیم صدیق مستەفا هەڵوێستیان ئەنواند، بەمجۆرە گوڵەبارانیان ئەکردن..

پێشکەشکار : مامۆستا لەو کاتەدا دەنگۆی حزبێکی کوردی هەبوو بەناوی حزبی شۆڕش، ئەو حزبی شۆڕشە کێ بوون؟، تا چەند لێی ئاگاداربووی؟ .

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: دەنگۆی دامەزراندن و بوونی حزبی شۆڕش بەر لە ساڵی 1961 بوو، بەر لەوەی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد کاری خۆی بکات ، لە چەند دانیشتنێکدا ئەوەم لەکاك شێخ محەمەدی هەرسین بیست کە لەساڵی 1960-1961 هەوڵێك هەبوو کە لە سنووری پێنجوین حزبێك دروستبووە بە ناوی حزبی شۆڕشەوە هەتا باسیان ئەکرد کە

ناودارو تێکۆشەری کاك حەمەرەشید خانی خوالێخۆشبوو لەگەڵ مەحمودە فەندی هەمەوەند و مەجموعەیەك ئەیانەوێت حزبێکی ئاوا نەتەوەیی بنیاد بنێن، ئەوانە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون بەڵکو چالاکیەکە لەسەر سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بەڵام ئەوە هەر ماوەیەك بوو، ئیتر دەنگو رەنگی نەما. سەبارەت بە مەنعی تەجەولەکەی ساڵی 1963 و رەشبگیرەکە کە لەوانە کاك تۆفیق دەسگیرکرا، کاك شێخ

محەمەدی هەرسین رایکرد بۆ قەرەداغ و لە زرگوێز مایەوە، منیش لە خانەقای مەحوی خۆم پەنادابوو، ئەو کاتە بیرم کردەوە، ئەوە 25ی مانگ هاتووە و هێشتان گۆڤاری چرای کوردستانمان دەرنەکردووە، بەم شێوەیە هاتم لەسەر شێوەی ژمارەی پێشوو بە دەسخەتی خۆم ژمارەیەکی ترم نووسییەوە ئەو کاتە ناز ناوی حەرەکی من (هەستیار( بوو، نزیکەی هەشت دانە نوسخەم بە دەستنووس لەبەر نووسیەوە و بردم دابەشم کرد، داوام کرد لە رێکخستنەکانمان ئەوانەی کە پەیوەندیان پچڕاوە با پەیوەندی بکەنەوە بە (هەستیارە(وە کەخۆم بووم، بەو مەبەستەی رێکخستن نەپچڕێو سەرلەنوێ تەنزیم، چالاکیەکانمان درێژەی هەبێت، ئەمە وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژوویی و حزبی، تا ئەو وەختە ناوی کاژیك نەبوو، و ئەوەی کە من ئەمزانی لە ناو شۆڕشو پێشمەرگە مامۆستا بلیمەتو جوامێر کاکە فەرەیدون عەلی ئەمین کەسێکی نەتەوەییە بەڵام نەمئەزانی کە سەربەئێمەیە یان نا، تەنیا ئەمزانی کە کەسێکی نەتەوەییە، ئەشمزانی، کاك هەردیش کەسێکی نەتەوەییە، هەتا

جارێکیان کاك شێخ محەمەدی هەرسین بەیانێکی دامیٚ وتی: ئەمە ببە بۆ مامۆستا هەردی بزانە چی ئەلّیٚ؟... ئەمە لە سالّی 1962 بوو کە من ناوی کاژیکم هەر نەبیستبوو .

پێشکەشکار: کاژیك کە لە کاری نهێنییدا هیچ بلاّوکراوەیەکی نەبووە، چۆن سەری هەلّدا؟.

د.عەبدوللاّ ئاگرین : پاش ئەوەی سالّی 1964 لەبەیانیکدا بە عەمەلی بینیم کە پارتی گەلی کورد و کاژیك یەکیانگرت، لەرێگای رێکخستنیشەوە وەپێمان راگەێنرا... ئەمە رووداوێکی سیاسیی گرنگو تەئریخێکە تا ئێستا ناحەقی بەرانبەر ئەکریٚ و کەس باسی نەکردووە، خەلّك وا ئەزانن ئەوەی لە سالّی 1964وە دەستی پێکردووە بەناوبانگە چالاکی رێکخستنەکان کاژیکە، نەخێر وانەبووە، ئەو کاتەی من بەیاننامەکەم برد بۆ مامۆستا مەزنو بەرێز کاکە ئەحمەد هەردی لە مالّەوە بوو، مالّەکەیان لە سابوونکەران لای مالّی قازییەوە، بە بیجامەوە هاتە بەردەم دەرگا دەرەوە و وتی: ئەوە چییە؟..

مامۆستای مەزن ئەحمەد هەردی – عەبدوللاّ ئاگرین

فەرمووی: منیش عەرزمکرد ئەوە بەیاننامەیە بۆ جانابتم هێناوە، ئیدی سلّەمیەوە و حەزەری کرد و فەرمووی: کیٚ پێی وتووی، بۆچی بۆمنت هێناوە، چۆن بۆ منت هێناوە؟،

من به پێچەوانەوە چاوەڕوانی ئەوەم ئەکرد بمباتە ژوورەوەو لەسەر باسەکە قسەم بۆ بکات، کەچی من تووشی شۆك بووم.. ئەمەیان بەمندا بۆ جەنابتان ناردو ئیدی لێیوەرگرتم‌و هەر لەوێدا چاوێکی پیاخشان‌و فەرمووی: ئەمە لەمەهدا ئەتاسێ!!.. ئیدی خوا حافیزیم لێکرد.

پێشکەشکار: ئەو لە ترسان ئاوای کرد، یان ئەی ویست شتەکە بە نهێنی بێت؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: نەخێر لەترسا نەبوو ئەو جوامێرە پیاوێکی نەترسبوو، دەنا تا دوا تەمەنی لەگەڵ کاژیکدا نەئەمایەوە!!، تەنیا سڵەمینەوەو دوای بۆم ساغبووەوە، ئەوە شێوازی کارو رێکخستن‌و نهێنی کاژیکی بوو.. ئاخر، ئەوە شێوازەکەی کاژیك بوو، وایکرد لەبار بچێت و رۆڵی خۆی نەبینێت .

ئەبوایە قیادەی ئایندەی حەرەکەی کوردی و شۆڕش، کاژیك بیکردایە!! بەڵام بەهۆی ئەو شێوازی مامەڵەکردنە و حەزەرەوە زۆرە کاژیك داچوو، هەتا کە بەیاننامەکەی خوێندەوە قسەیەکی کرد کە گەڕامەوە بۆ کاك شێخ محەمەدیشم گێڕایەوە، هەردی ئاماژەی بەناوەرۆکی بەیاننامەکەداو فەرمووی: ئەمە لە مەهدا ئەتاسێ، ئەوسا بەراستی عەرەبیەکەم زۆر باش نەبوو، نەمئەزانی مەبەستی ئەوەیە: کە لەلانکەدا واتە: لە بێشکەدا ئەتاسێ و سەرناگرێ. جا لەو سەردەمەیا کە یەکێتی لاوانی کورد و یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد دەوری جەربەزانەو بوێرانەی یەکجار بەهێزو چالاکیی بەرچاویان لەسلێمانیدا ئەبینی.

لەدانیشتنە دوو قۆڵیەکانی منو کاکە شێخ محەمەد لە دوکانەکەی خۆی لەشەقامی مەولەویی شاری سلێمانی ئاماژەی بەوە ئەدا، دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەیی پێویستە.!!

شێخ محەمەد هەرسین خاڵە حەمە

دامەزرێنەرانی پارتی گەلی کورد / 1962

کاك شێخ محەمەد بیری لەوە کردەوە کە ئەبێ حزبێ هەبێت سەرپەرشتی ئەو رێکخراوانە بکات، سەرەتای ساڵی 1963 بوو بەیانێك دەرکرا وائەزانم ئەویش هەر شێخ محەمەد هەرسین نووسیبوی لەگەڵ رۆژنامەیەکدا بەناوی (گەل( ئیتر پەیڕەوو پڕۆگرام و ئەوانەم نەبینی، حزبەکە ناوی (پارتی گەلی کورد( بوو، لە دوکانەکەی خۆی کە لە شەقامی مەولەوی بوو بەیانەکەی یایە دەستم، بەڕاستی من کاك شێخ محەمەدی هەرسین بە مامۆستایەکی رۆشنبیرو دڵسۆزی خۆم ئەزانم و زۆر زانیاری سیاسی و حزبی فێرکردووم، (هەرچەندە( تا ئێستاش پێی نەوتووەو بلێ: سەرکردەیەکی پارتی گەلم یان رێکخراوی لاوانی نەتەوەیی کورد، بەلاّم ئەمزانی، ئەو ئەیزانی من لە تەنزیمەکەدامو رۆڵی دیاریشم هەیە، بۆیە من زۆر قەرزارباری ئەوم و زۆر شتی باشی فێرکردووم، کە تا ئێستاش سوودی لێ وەرەگرم، کاتێك نامەکەی مامۆستای گەورەم کاك ئەحمەدم بۆ شێخ محەمەد بردەوە وتم:

ئاوای وت، ئەویش پێکەنی‌و وتی: گوێی مەدەرێ. ئیدی دوای تەواوبوونی مەنع تەجەولەکە و ئینقیلابەکەی عەبدولسەلام عارف لە18ی تشرینی دووەمی 1963 بەسەر بەعسیەکاندا، ئاسۆیەکی گەش هاتە پێشەوەو پێشمەرگە نەختێ جوولەی ئومێد بەخشی تێکەوت، ئەوەی من بزانم لەو کاتەیا مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین لە ماوەت بوو، کاك محەمەد عەزیزیش کە سەرکردەیەکی دڵسۆز و نەتەوەییە، هەر لە ماوەت بوو، یەکتریان بینیبوو، ئەمە مامۆستا فەرەیدون وەکو مێژوو بۆ منی گێڕاوەتەوە، ئەوسا بۆ (ئەو) دەرکەوتووە کە حزبێك هەیە بەناوی کاژیك، پاش تاو توێکردنێکی زۆر لەگەڵ یەکا.. چەند جارێك باسیان لەسەرخستنی کێشەی نەتەوەیی کردۆتەوە، سەبارەت بەو دوو رێکخراوە یان ئەو دوو حیزبە نەتەوەییە هەوڵی بەیەکبوونیان درا، یەکێکیان کاژیك بوو کە تا ئەو ساتە لەناو جەماوەری کوردستان بەگشتی و خەڵکی سلێمانی بەتایبەت ناوی نەبوو، ئەوەی تریش پارتی گەلی کوردە خاوەنی: (یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد- یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد) بوو، ئا لەو کاتەوە کاژیك سەری هەڵدا و ناوی بڵاوبووەوە .

مامۆستا ئەحمەد هەردی دکتۆر جەمال نەبەز مامۆستا کامیل ژیر

مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر دکتۆر ئیحسان فوئاد

مامۆستا فایەق عارف

دەستەی دامەزرێنەری (کاژیك(

14/4/1959

کاژیك لە 14ی 4ی 1959دا دروست بووە، دوایی دەرکەوت و باسیان کردوو کاك کامیل ژیریش باسی ئەکرد، حەوت کەس بوون: ( کاك هەردی، کاك دکتۆر جەمال نەبەز، کاك کامل ژیر، کاك فەرەیدون عەلی ئەمین، کاك فایق عارف ، کاك دکتۆر ئیحسان عەبدولکەریم، کاك عەبدوڵڵا جەوهەر( ئا لەو سەرەتایەو ئا لەو دەمەدا ئاسۆیەکی فراوان بۆ کوردایەتی و حزبی نەتەوەیی هەبوو، بەڵام هێشتاش ئەو رێکخستنەی کاژیك لەساڵی 1959- 1964 دەنگی نەدایەوە کە حزبێك هەیە بەناوی کاژیکەوە، ئەگینا من یەکێکم لەوانەی لەساڵی 1959 بەشەوقەوە کارم لەگەڵیانا ئەکرد، بەڵام دەنگیان نەبوو، ئەمانەی کاژیك کۆمەڵێ لاوی هەستپاك و رۆشنبیری هەڵبژاردە، کەسایەتی ناودار بوون و تا بڵێی دڵسۆزو شارەزای فەلسەفەی فیکری نەتەوەییو سیاسیبوون، بەڵام نەبوونی گیانی

ئیقتیحامی و ئەو حەزەرە زۆرە وایکرد کاژیك ناو دەرنەکا، ئەم حزبە لە1959/4/14 دامەزراوە من لە 1964یا ناوم بیستووە .

پێشکەشکار: باشە بەم شێوەیە چۆن خەڵکیان بانگ ئەکردە ناو حیزبەکە؟ .

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: بۆ یە ئەڵێم: ئەو هێزەی: (ڕێکخستنی سیاسیو هێزی پێشمەرگەیەی پارتی گەلی کورد( دوایی بوو بە لەشکری نەتەوەیی کاژیك، بریتی بوو لە: یەکێتی لاوانی نەتەوەی کورد و یەکێتی قوتابیانی نەتەوەی کورد، کاژیك نوخبەیەکی دانسقەی زۆر زۆر کەمیان لەگەڵدا بوو، کاتێك لەنێوان هەردوو سەرکردایەتی کاژیكو گەل مداوەلات کرا، بەبێ کۆنگرە بڕیاردرا ببین بە یەك حزب ئەویش بەناوی کاژیکەوە ساڵی 1964 بەیانێك دەرکرا کە کاژیك و پارتی گەل بوون بەیەك حزبی نەتەوەیی کورد، لەوکاتەوە ناوی کاژیك وەکو خۆی مایەوە، بەلاّم تەنزیمەکەی پارتی گەل و یەکێتی لاوانی نەتەوەی کورد و یەکێتی قوتابیانی نەتەوەی کورد خرایە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخستنی کاژیکەوە، ئیتر لەوێوە ناو و دەنگی کاژیك تەقیەوە بلاّوبووەوە واتە: لەساڵی 1964ەوە جەماوەر باسی کاژیکی بیستو ناسیو باسی ئەکرد و وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی گەرم و گوڕ تەنیەوە .

بەلاتەوە سەیر نەبێت من تا ئەو وەختە ناوی کاژیکم نەمبیستبوو، لە یەکبوونی ڕێکخستنەکەدا لقی سلێمانی کاژیك پێکهێنرا.

شێرکۆ بێکەس عەبدوڵڵا ئاگرین محەمەد مەجید ئەسڵان فەتاح عەبدولڕەزاق حەمە عەلی فەرەج

لقی سلێمانی (کاژیك( 1964/3/21

من تیایا ئەندام بووم و کاك شێرکۆ بێکەس مەسئولمان بوو، لەگەڵ ئەندامانی لق: مامۆستا حەمە عەلی فەرەج و کاك فەتاح عەبدولڕەزاق و مامۆستا محەمەد مەجید ئەسڵان؟!، ئەم دەربڕینەم بەتەشەروتانەوە ناڵێم و هەتا هەتاشە شانازی بەقۆناغی خەباتی ژیانی کاژیکیمو ئەو هاوبیرانەوە ئەکەم، بەڵام ئەمەش هەقیقەتە، بڕوات هەبێ کاژیك ژمارەی پەنجاکانی دەستی پێکنەئەهێناو بریتی بوون لە: کاك شێرکۆ بێکەس، کاك محەمەد مەجید ئەسڵان ، کاك حەمە عەلی فەرەج،

شەهید لەتیف عەلی، کاك لەتیف بوو بەمەسئولی لقی سلێمانی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد، منیش بووم بەجێگری لقی لاوانی نەتەوەیی کورد کاك تۆفیق نوری بەگیش بوو بە مەسئولی لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد، بەراستی ئەوکاتە یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد، زۆر پەلوپۆی بۆ ناو لاوانی گەڕەکی چوارباغو بەرخانەقاو خەڵکی شاری سلێمانی و جەماوەر هاویشت بوو، ئێمە جەماوەرو پێشمەرگەی زۆرمان لەگەڵدابوو .

پێشکەشکار: گەیشتینە سەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کاژیك، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئێوەی کاژیك لەو رۆژگارەدا موزەکەرەیەکتان نووسیوە و ئەو موزەکەرەیە بەتۆ سپێردراوە کە بیبەی بۆ مەلا مستەفا بارزانی، ئەو موزەکەرەیە و ناوەرۆکەکەی چی تێدا نووسرابوو؟.

د.عەبدوڵلا ئاگرین: پاش ئەوەی پارتی گەل و کاژیك یەکیان گرت و ناوەکە بوو بە ناوی کاژیك، یەکەمین شت موژدەی یەکگرتنەکەمان بە بەیاننامەیەك بڵاوکردەوە، دووەم شت موزەکەرەیەکەیان بوو، تیایدا سەبارەت بارودۆخی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، سیاسیانە هەڵسەنگێنرابوو کە حکومەتی عەبدولسەلام عارف واتا حکومەتی عێراقی بڕوای بە مافی کورد نییە، ئەوەی کە عەبدولسەلام عارف لەساڵی 1964 بەناوی رێکەوتنەوە کردوویەتیشی هەنگاوێکە بۆ خۆ قەڵەو کردن و مانەوەی، ئەوکاتە من قوتابیی ئامادەیی پیشەسازی بووم لەو کاتەدا واتە: 1964/5/13 ئێوارەبوو لەدەشاییەکەی نێوان قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی و کارگەی جگەرە، خەریکی سەعی کردن بووم، خۆم بۆ تاقیکردنەوەی شەشی بەکالۆریا ئامادەئەکرد، کاك شێرکۆ بێکەس هاتە لام پاش سڵاو و چاکو چۆنی فەرموی: پاش کەمێکی دیکە برادەرێك لە لیژنەی پەیوەندی دێ لەفلانە شوێن ئەتبینێ، کاك شێرکۆ فەرمووی: ئیشێکی پەلەیان هەیە وتم: باشە، پاش نیو سەعاتێك هاوبیرێك کە ئەمناسی، لەبەردەم مزگەوتی حاجی عەبدوڵلای ڕیخۆڵە چاوەڕوانی بوو.. زانیم ئەوە ئەو هاوبیرەیە.. سڵاوم لێکرد فەرموی: ئەم نامەیەم بۆ هێناوی ئەبێ بەپەلە بیبەی بۆ خزمەت مەلا مستەفای بارزانی، بەڵام کە چووی پێی نەڵێی: مامۆستا،

پێی بڵێ: ئەزبەنی یان بڵێ: بارزانی، ئەگینا لێت تووڕە ئەبێ، ئەگەر وتیشی ئەوە چییە و هی کێیە؟، بڵێ من هیچ شتێ نازانم من قوتابیەکم ئەمەیان پێدا رەوانەکردووم .

بەرگی کاژیکنامە بە زمانی عەرەبی

ئا ئەمە شێوازو تەعامولو کاری پەیوەندی کاژیك بوو کە کاژیك نەیتوانی وەکو پێویست پەل بهاوێ و بچێتە ناو جەماوەرەوە، کە ئەچووی لە ئەندامێکی کاژیکت ئەپرسی: تۆ کاژیکی؟. ئەیوت: کاژیك چییە؟! ئەگەرچی ئەمە بۆ خۆشاردنەوە بوو، ئەمە رێنمایی و ئاڕاستەی شێوازی خەباتی سەرکردایەتی کاژیك بوو، باڵی بەسەر بیرکردنەوەو رێکخستندا کێشابوو، لەنامەیەکی لیژنەی پەیوەندی وەك دیکۆمێنت دەرمخستوە: ئەو هاوبیرەی یادداشتەکەی دامێ وتم: بچم بۆ کوێ؟، وتی: بڕۆ بۆ سەنگەسەر لە قوتابخانەیەکایە و نامەکەی بدەرێ وەڵامەکە وەرگرەو بگەڕێوە، بەبێ ئەوەی رێ و شوێنی چوونەکەم نیشان بدرێ، منیش پاش پرس و را چووم لەبەردەم قەسرەکەی تۆفیق قەزاز، کە مەشوورەو لەخوار مزگەوتی گەورەوەیە: نقلیاتی رانیە لەوێبوو، تەنیا ئێواران جێبێك ئەرۆیشتەوە بۆ رانیە ئەوسا وەکو ئێستا نەبوو، ئیتر بە جێبەکە رۆیشتم، ئەویش بە سێ چوار قۆناغ، لە خەلەکان پەکی کەوت بە تراکتۆر تا گوندی قەمتەران رۆیشتم، ئەوسا نەمئەزانی ئەو شوێنانە کوێن، ئێستا شوێنەکان ئەناسمەوە، تا گەیشتمە رانیە، شەو داهات، نەمئەزانی چی بکەم، کۆمەڵێکم بینی نازانم تەعزیە بوو چی بوو بەکۆمەڵ رۆیشتن، منیش دوایان کەوتم، سەیرمکرد ئەوانەی لەوێ بوون، خوالێخۆشبوو عەباس ئاغای مامەند ئاغا،

خوالێخۆشبوو ئەنوەربەگی بێتواتەو مەجموعەیەکی دی بوون، وەڵڵاً منیش لەگەڵیاندا ڕۆیشتمو شەو لەوماڵەی ئەوان مامەوە، چونکە ناسیاوی ئەو تۆم نەبوو تەنیا دوو ڕەفیقی سناعەم هەبوون کاك ئەحمەد میرزای مەنگوریو کاك محەمەد حەویز بوون، نەمئەزانی ماڵیان لەکوێیە، ئوتێلیش نەبوو، ئەوشەوە مامەوە زۆر ڕێزیان لێگرتم، ئیتر بەیانی وتیان بۆ کوێ؟.. منیش وتم: هاتووم بۆلای کاك ئەحمەد تۆفیق، وتیان: ئەو لە سەنگەسەرە زەحمەتە بگەیتە لای.!

لە ڕاستەوە : (فایەق( سلێمانی موعینی ، ئەحمەد تۆفیق ، عەقید کافی ، سەرۆکی نەتەوەیی کورد بارزانی مستەفا، ئەحمەدی قادری / 1963

ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کاك فایەقی موعینی کە لە ئەسلاً سلێمانی موعین بییە، من لەساڵی 1961ەوە لەگەڵ کاك فایەق لەڕێگای ماڵی خزمێکم خاتوو حەپسەخان خێزانی پێشمەرگەی شەهید کاك عارف قەرەچەتانی پەیوەندیەکی گەرمو گوڕم لەگەڵیان هەبوو، بەتایبەت لەو کاتەی بڵاوکراوەی: (دیسان بارزانی( دەرئەکرد.. ئێمە کۆمەڵێ قوتابی بووین بڵاومان ئەکردەوە، کە چووم بۆ لایان و باسی نامەکەم کرد، بەڵام نەموت هی کاژێکە، وتیان: جا چۆن ئەتوانی وا زوو

بچیت و نامەکە بگەیەنیت و بگەڕێیتەوە؟.. کاك ئەحمەد تۆفیق وتی: ئەمە کارێکی زەحمەتە.

لە راستەوە : (فایەق( سلێمانی موعینی ، ئەحمەد تۆفیق ، عەقید کافی ، سەرۆکی نەتەوەیی کورد بارزانی مستەفا، ئەحمەدی قادری / 1963

ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان رۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ کاك فایەقی موعینی کە لە ئەسلا سلێمانی موعین ییە، من لەساڵی 1961ەوە لەگەڵ کاك فایەق لەڕێگای ماڵی خزمێکم خاتوو حەپسەخان خێزانی پێشمەرگەی شەهید کاك عارف قەرەچەتانی پەیوەندیەکی گەرمو گوڕم لەگەڵیان هەبوو، بەتایبەت لەو کاتەی بلاوکراوەی: (دیسان بارزانی( دەرئەکرد.. ئێمە کۆمەڵێ قوتابی بووین بلاومان ئەکردەوە، کە چووم بۆ لایان و باسی نامەکەم کرد، بەلاّم نەموت هی کاژیکە، وتیان: جا چۆن ئەتوانی وا زوو بچیت و نامەکە بگەیەنیت و بگەڕێیتەوە؟.. کاك ئەحمەد تۆفیق وتی: ئەمە کارێکی زەحمەتە.

هەروەها كاك فايەقی موعینی هەمان هەڵوێستی كاك ئەحمەدی هەبوو، من بەپێی ئەو پەیوەندیە بەهێزو دێرینەی نێوانمانو ئەو خزمەتەی كردبوو من، بەتایبەت لەرۆژێكی رەشو ترسناكی ساڵی 1962 كەبەچەكەوە لەگەڕەكی جولەكانەوە،بۆ ماڵی رەسول تەگەرانی ئەچوون، لەوكاتەدا لەگەڕەكی چوارباغ تەقە لە سیخورێكی عەرەب ئەكرێتو شار ئەشڵەژێ. گەر دایكم (شەمسە حەمە ساڵح فەتحوڵڵا( نەبوایە كە دەرگای ماڵەكەمانی بۆ كردنەوەو ئەو شەوە هەر هەموویان : (كاك فائقو هاورێییەكانی(،بەچەكەوە لەوێ بوون و گەر بەردەست عەسكەرە دڕندەكانی لیوای (19(ی زەعیم سدیق بكەوتنابە هەر لەوێدا گوڵەبارانیان ئەكرد ماڵەكەشیان كاولئەكرد... بەوشێوە دایكم لەروانگەی هەستی كوردایەتیو ئەو پەیوەندیو دۆستایەتی نێوان من ئەوان گیانیانی لەمەرگ رزگار كرد بۆیە وەك وەفای شەخسیشبوایە چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستەم لێنەئەكردن.!! بەڵام كاك ئەحمەد تۆفیق ئەوەندەی وت: بارزانی عەسران لە قوتابخانەكەی سەنگەسەر دائەنیشێ و شەوانیش تا بەرەبەیان خەڵك ئەبینێ، وتم: بابزانم چۆن ئەبێت، وام دانابوو كە كاك ئەحمەد تۆفیق بڵێ: من بۆلای بارزانیت ئەبەم بەڵام باسی نەكرد و نەیبردم، ئیتر لای عەسر چوومە بەردەرگای مەكتەبەكە و وتم: شتێكی وا هەیە، وتیان: ئەوە تۆ چی ئەڵێت: ئا.. ئەوەتا حاجی عەزیزی قامیش دۆستی هەرە نزیكی بارزانیەو دوو

هەفتەیە لێرەیە ، جەنابی بارزانی خۆیشی بەدوایدا ناردوویە، ئەوجا هێشتان نەیدیوە، من گوێم بەو قسانە نەدا، بەینی دەرگاکەی دەرەوەو ئەو شوێنەی جەنابی بارزانی لێی دائەنیشت کە دووسێ ژوور بوو، نزیکەی پەنجا شەست مەترێك دوور بوو، لەوێ چاوەڕێم ئەکرد، دەمەو عەسر وەختێك بینیم جەنابی بارزانی لەژوورێکەوە هاتە دەرەوەو چووە ژوورێکی تر، منیش بەپەلەبووم بۆ سلێمانی بگەڕێمەوە، لەم کەین و بەینەدا بووم کە جەنابی کاك مەسعود ئەوسا لەتەمەنی من نزیك بوو لە ڕاڕەوەکە ئەهات و ئەچوو، وتم: ئەچم نامەکە ئەدەمە دەست ئەو کە بیداتە دەست جەنابی بارزانی، ئەمە ڕێك نەکەوت، دوایی حەرەسێکیان هەبوو چاوێکی نەبوو، پێم وابێ ناوی ڕەشید بوو کە لەوێ چایچیش بووە، بەراکردن چووم نامەکەم دایە دەست ئەو حەرەسەو دواتر بانگیان کردم بۆ کوێ.. بۆ کوێ.. بەڵام من نامەکەم گەیاندبووە دەستی، ئەم بەخزمەتگەیشتنەی من بۆ لای جەنابی بارزانی لە 1964/5/15 دابوو، پاش کەمێك بانگیانکردمو وتیان: ئەو کوڕەی نامەکەی سلێمانی هێناوە بابێت، کەچووم بینیم جەنابی بارزانی و دووپیاوی دی کە نەمئەناسین لەگەڵ عەقید تەها بامەڕنی کە لە کودەتای 14ی ڕەمەزانی 1963ی بەعسیەکاندا لەبەر ئەوەی سەر بەرێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوو راونرابوو لەخزمەت جەنابی بارزانیدا دانیشتبوون، ئیتر جەنابی بارزانی دووسێ پرسیاری لێکردم، فەرمووی: ئەم نامەیە هی کێیە و چۆنە و ... ؟، منیش هەر

وتم: نازانم، دوای رووی لە تەها بامەڕنی کردو فەرمووی: وەڵامی نامەکەی بدەرەوە، کاك عەقید تەها بامەڕنی

بە خەتێکی جوانو خۆش وەڵامی نامەکەی دایەوە و منیش هەر ئەو ئێوارەیەی 1964/5/15 گەیشتمەوە سلێمانی، بەپەلە نامەکەم گەیاندە ئەو هاوبیرەی چاوەڕوانی وەڵامەکەی ئەکرد، (ئەو) ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو تەنیا کە لە ماوەی (24) سەعاتەدا ئەم ئەرکە بەجێبهێنرێت .

ئیتر ئەو تەزیمە بەردەوام بوو، تا من لە 1964/7/14 بەهۆی خوێندنەوە چووم بۆ بەغدا، هەر بۆیەش لە کاری تەنزیمیشا وەك ئەندام (لق) بۆ بەغدا گوێزرامەوە، چووم بینیم کاك کامل ژیر بەرپرسە، کە هەر خۆی بەتەنیا بوو، تەنیا چەند

کەسێکی نەتەوەیی هاتوو چۆیان ئەکرد، وتم: ئەی تەنزیم؟!، فەرمووی: وەڵلا جارێ نیمانە هەر ئەمە هەیە، تەبعەن من ئەمزانی بارەکە چۆنە، چونکە ئەو لەگەڵ جەنابی کاك دکتۆر جەمال نەبەزدابوو، ساڵی 1961 لەگەڵ کاکە دکتۆر جەمال نەبەز پێکەوە چوون بۆ ئەوروپا، دکتۆر ئیحسان هەر زوو لەساڵی 1961وەو لەو کاتەی چوو بۆ روسیا وازیهێنابوو، کاك عەبدوڵلا جەوهەریش هەر وازی هێنا.

دوای ئەوەی کاك کامیل لەئەوروپا گەڕایەوە ئیدی ساڵی 1964 سەرکردایەتی کاژیك بریتبوون لە: کاك هەردی و کاك فەرەیدون و کاك کامل ژیر و کاك فائق عارف، من لەلقی بەغدا عەرزی کاك کامیلم کرد با حەرەکەیەك بکەین ئەو زۆر بەشەوقو حەماسەتەوەپشتگیری کردو وتی: زۆر باشە ئیتر من کۆمەڵێ خەڵکم لەناو قوتابیانا کۆکردەوە، وەك کاك شێرکۆی هەژارو کاك کەریمی وەستا عومەرو کاك کەریم مەجید لەکۆلێژی ئاداب بەشی کوردی و کاك عومەری حەمە(سلێمانی(و کاك عەبدولواحید حەمەبۆر کەلەرێکخستنی سلێمانیەوە پێیان ناساندم قوتابیەکی خەڵکی کەرکوك بەناوی نەسرەدین ئەحمەدەوە هەروەها کاك دلاوەری کاکە زیاد (کۆیە(و کاك زاهیر حەمەد خەڵکی کۆیەو لەکۆلێژی کشتوکاڵی ئەبو غریب بوو ..

هەر من پەیوەندیم پێوەکردن و هاتنە ریزەوە، دواتر بەهەمان شێوە کاك هیوا نزامەدین (سلێمانی( کە قوتابی پەیمانگای باڵای تەکنەلۆژیابوو ئیتر چەند پەل و پۆیەکمان هاوێشت لەناو ئەو قوتابیانەی لەکەرکوك و سلێمانییەوە هاتبوون، ئەمە تاکو 1968، لەو ساڵەدا کاك کامیل خێزانی پێکهێنا و هاتەوە بۆ سلێمانی، منیش خوێندنم تەواوکرد .. بە مامۆستا لە مەعهەدی صەناعەی عالی دانرابووم، هەر ئەو ساڵە راژەی خزمەتگوزاری بۆ ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی گواستەوە، کە هاتمەوە سلێمانی سەیرمکرد رێکخستنەکانی کاژێك زۆر پەرت بوون، هەروەها کەمتەرخەمیم تێدا بەدی کردن، ئەو رێکخستنە پتەوەی جاران شیرازەی تێکچووە .

ئەو کاتە کاك شێرکۆ بێکەس مەسئول لقی سلێمانی کاژێك بوو، لقی سلێمانی کاژێك هەر لە هەمان هاوبیرەکانی پێشوو پێکهاتبوو: (کاك شێرکۆ بێکەس بەرپرس، مامۆستا محەمەد مەجید ئەسلانو مامۆستا حەمە عەلی فەرەجو کاك فەتاح عەبدولرەزاقو من(.

من هێشتا هەر پەیوەندیم بەکاك کامیلەوە نەپچڕابوو وتم: کاك کامیل با حەرەکەیەکی نوێ بکەینو گوڕو تەوژمێکی شیاو بەرێکخستنەکانی کاژێك بدەینەوە.. کاك کامیل زۆر بوێرانەو جوامێرانە بەشەوقو پەرۆشەوە پێشوازی لەپێشنیازەکەمکرد، دواتر هەر بەهەمان رێچکەی بەرنامەکەمان، ئەوەبوو

حەرەکەیەکمان کرد و پەیوەندیمان کردەوە بەوانەی کە وازیان هێنابوو یان عاجزببوون یان تازە ئەیانەویست بێنە پێش و ئیهمالکرابوون، پاش ماوەیەك نازانم چۆن بوو بەس ئەوەندە هەبوو کە کاك شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی حاڵەتێکی نا ئاسایی کەوتبووە نێوانیان، سلێمانی کاژیك ئیتر لەساڵی 1969دا ئەویان لاداو منیان کردە مەسئولی لقی سلێمانی کاژیك. ئەو حاڵەتە بۆ من شتێکی زۆر قورسو ناخۆشبوو، ئەو کە پێشتر بەرپرسم بوو، ئێستا لەهەمان شانەدا من ببم بە بەرپرسی ..

پێشکەشکار: بۆچی دوریانخستەوە؟.!!

د.عەبدوڵلا ئاگرین: نازانم لەو نهێنییە نەگەیشتم، تەسەور ئەکەم هۆکارێکی شەخسی لەپشتەوە بووبێت.. کاك شێرکۆ کوردێکی دڵسۆزە دەم و دەست و داوێن پاکە تاکو رێککەوتننامەی 11ی ئازاریش هەر لەرێکخستنی کاژیکدا مابوو، پاش ئەوەی من بووم بەبەرپرسی لق، دوای ماوەیەك لەساڵی 1970 و دوای رێکەوتنانەی ئازار کاك شێرکۆ بێکەسم لەبەردەم یانەی فەرمانبەرانی سلێمانیدا بینی، بانگی کردن، پاش سلاوو چاكو چۆنی وتی: کاك عەبدوڵلاو نامەیەکی دایە دەستم و فەرمووی: کاك عەبدوڵلا ئەمە نامەی خۆکشانەوەی ئارەزوومەندانەی منە

له كاژيك، منيش نامەكەم وەرگرت‌و بردم و تەسليمی ليژنەی پەيوەنديمكرد،

لەوكاتەدا هاوبيری دڵسۆزم كاك كاميل ژير بەرپرسبوو، بەراستی من كاك شێركۆم زۆر خۆشئەوێت، زۆر رێزدارە و هاوبيرێكی نەتەوەيی دڵسۆزە، چونكە يەكێ لە سيفەتەكانی كەسانی نەتەوەيی ئەوەيە: ئەوەی لەگەڵ ئەو رێكخستنە ياخود هاوبيرانەدا نەمابێت، سا خۆی بەئارەزوو كشابووبێتەوە ياخود وا لێكرابێ وازبهێنێت، ئەوا پەنا، بۆ پڕوپاگەندەی نادروست و ناوزڕاندن و لەكەداركردنی يەكتر نەبڕاوە.. واتا بير و هەڵوێستی نەتەوەييانە: خۆی لەخەسڵەتە پيرۆزە بەها مەزنەكاندا ئەبينێتەوە و لەم حاڵەتەشدا نەحزبە نەتەوەييەكە و نەئەو هاوبيرەی وازی هێناوە بەهيچ شێوەيەك بيريان لەوە نەكردۆتەوە كەسايەتی تێكبشكێنن و يەكتر لەكەدارو ناو زڕاو بكەن‌و سەريەشە ياخود گرفت و كێشە بۆ يەكتر دروستبكەن .

پێشكەشكار: باشە نامەكەی كاك شێركۆ چی تيابوو؟

د.عەبدوڵڵا ئاگرين: نامەكەم نەكردەوەو سەيرم نەكرد چونكە ئەوە ئەمانەتی حزبيەو پەيوەندی بە منەوە نەبووە، تەسليم ليژنەی پەيوەندم كرد، بەهەر حاڵ ، كاك شێركۆ خۆی بەقەناعەت و ئارەزووی خودی خۆی بووە بەكاژيك، دواتر هەر

بەئارەزووی خۆی وازی هێنا، تا ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار هاتە پێشەوە، ئیتر ئێمە (من و کاك کامیل ژیر( حەرەکەیەکی ترمان کرد .

شێخ محەمەدی هەرسین ، عەبدوڵڵا ئاگرین / قەڵادزێ - 1964/7/7

پێش ئەمە لە ساڵی 1969دا.. کاك شێخ محەمەدی هەرسین لەماوەت بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو، وەکو کاژیك و ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کوردی نا، بەڵکو وەکو هاوبیرێك و کەسێك، دڵسۆزیەکی گەرم لەنێوانماندا هەبوو، پەیوەندی پێوەکردم، وتی: کاك عەبدوڵڵا ئەوە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایان پێکئەهێنرێنەوە، ئەمە حیزب نییە، باشە لەم ڕووەشەوە خزمەت بکەیت، تۆ هەم مامۆستا و هەم چالاکیشی، خۆ ئەمە موڵکی هیچ لایەکیش نییە، بۆ نایەی کاری تێدا بکەیت، منیش وتم باشە. بەڵام دوای وەڵامت ئەدەمەوە کەپرسم بەقیادەی کاژیك کرد ڕازی بوون، دواتر چووم وەکو ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دیاریکرام، لە ساڵی 1969وە تا کۆنگرەکەی ساڵی1970/7/1 یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە لە چۆمان گیرا، من ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان کوردستان بووم، لە 1970

تا 1974 سەبارەت بەکاژیك حاڵەتێکی زۆر تایبەت هاتە پێشەوە، زۆرینەی سەرکردایەتی پارتی جگە لە بارەگای بارزانی، سەرمەستی ئەو سەرکەوتن و رێککەوتنە بوون کە لە 11ی ئازار بەدەستهاتبوو، ئیتر خەیاڵیان لای ئەوە نەبوو کە بەعس شەڕئەکاتەوە یان خۆی قایم ئەکات و سەدام تەئمیمی نەوتی کردووە و رێکەوتنی ستڕاتیژی و سەربازیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا کردووە، ئاگایان لەمانە نەمابوو، بەعس پیلان ئەگێڕێ، ئەوەبوو لە 1972/11/29 پیلانی لەناوبردنی بۆ بارزانی نەمر و کاك ئیدریسی رەحمەتی گێڕا، ئێمە وەك کاژیك زوو دەرکمان بەوە کرد و ئەوانەمان ئەزانی بەعس شەڕ لەگەڵ کورد ئەکات .. ئەمانزانی بەعس هەر شەڕ بەکورد ئەفرۆشێتەوە .

پێشکەشکار: وتت ئەگەر کەسێك بیویستایە پەیوەندی بەکاژیکەوە بکات لەو رۆژگارەدا پێویستی بە سێ ساڵ کات هەبوو تا بەتەنزیمی وەربگیرێ، ئەم پرەنسیپە سەختگیرەی کاژیك، پێت وانییە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ لاوازبوونی کاژیك لەو کاتەدا ؟.

د.عەبدوڵلا ئاگرین: بەڵێ.. بەڵێ ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی شکستی یان نەگەیشتنی کاژیك بە ئامانج یان نەتوانێ ئەو پەیامە پیرۆزەی وەکو فیکرو کردەوە بەئاکام بگەیێنێ .

بەرای من کاریگەری فیکر و هەڵوێست و ئامانجی کاژێك تا ئێستاش لەناو جەماوەردا بوونی هەیە و بەردەوامە و ماکێکی رەسەنایەتیو داینەمۆیە، بۆ هەموو حەرەکەیەکی نەتەوەییو رزگاریخواز و ئازادی خوازی کورد و هەموو دنیا، مەبەستم لەفیکرە نەتەوەییەکەیە، ئەو نەهجەی ئەوسا لەلق و رێکخستنەکانی کاژێکدا پەیڕەو ئەکرا کە من لەساڵی 1969- 1974 لێی بەرپرسیارم، بەنموونە یەکێك پەیوەندی ئەکرد، ئەبوایە شەش مانگ لەژێر چاودێری بوایە، داوایئەکردو ئەیوت: کاکە من دڵسۆزی ئێوەم، نامەی بۆ ئەناردین و ئەیوت: ئەوە سێ ساڵە من پەیوەندی ئەکەم هێشتا پلەی ئەندامیم وەرنەگرتوە، کە بە دەیانی ئاوا هەبوو (لە دیکۆمینەتەکاندا ئاماژەم پێداوە ئەو ڕای لیژنەی پەیوەندیو سەرکردایەتی کاژێك بوو( ئەو دڵسۆزانە ئەیانوت: ئەمانەوێ بێنە ناو رێکخستنەکانی ئێوە، چونکە پەیامی نەتەوەییتان پێیە و پلانی دانانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دائەنێن .

ئەمجۆرە کەسانە ئەبوایە لەژێر چاودێریدا بوونایە، ئەبوو شەش مانگیش دۆست بوایە و شەش مانگیش لایەنگیر بوایە، ئینجا پاڵێوراو، واتە: ئەو هاوبیرە نەتەوەییە جوامێرە خۆراگرە، دووسێ ساڵی ئەویست تا ئەبوو بە ئەندام، ئەمە تەنیا لایەنێکی باشەی تیابوو، ئەویش ئەوەیە: ئەبوو ئەو هاوبیرە بەچەند فلتەرێکی زۆر وردو بەهێزدا رەتبێت بەو مەبەستەی دزەی دەزگاکانی بەعس و جاسوسی ولاّتانی دەرو دراوسێ نەتوانن بێنە ناومان .

بەراستی ئێمە لەوەش لەو دیاردە ناسروشتیەش ئەسڵەمینەوە!..، ئێستا من لەناو پارتیدام و مەسئولی مەکتەبێکی حەساسم و باش ئەزانم کە دەزگای پاراستن دەزگایەکە: بۆ پاراستنی میللەتو حزبە لەو هێرش و پەلامارانەی ناحەزانی پارتی و کوردە ئەیکەنەسەر پارتیو جەماوەر، هەروەها تێئەکۆشن بۆ کەشفکردنی ئەوانەی بەمەبەستی جاسوسیەت دێنە ناو پارتیەوە، ئێمەی کاژیك وەکو حزبێك وجهەنەزەرێکی نەتەوەیی لۆژیکیمان بەرانبەر بارزانیو پارتی دەزگای پاراستن هەبوو، ئەمانویست خۆمان لەململانێیو بەگژاچوون ئەو دەزگایە بەدوور بگرین، بەتایبەتی من کە قەت بڕوام بە توندو تیژی (عونف( نەبوە و نیە و ناشبێ، هەتا من ئیدانەی ئەو کارەساتە ناخۆشەم کردوەو ئەیکەم کە وەختی خۆی لە ساڵی 1964دا بەناوی ڕووداوی خوێناوی کانی ماسییەوە ڕوویدا، ئەگەر چی من لە ساتی ڕووداوەکەدا لەبەغا قوتابی بووم، ئەبوایە سەرکردایەتی کاژیك بەیانێکی دەربکردایە، هەم نارەزاییو هەم بێ بەریی خۆی لەو کارەساتە ناخۆشە بەجەماوەرو خەڵکی شاری سلێمانی خۆشەویستو هەموو دنیا رابگەیاندایە، مەخابن ئەوەی نەیکرد، هەڵەیەکی زۆر گەورەبوو، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەیڵێم: ئێمەی کاژیك نەبویین.. رەنگە هەندێ عەناسری ناو کانیماسی هەبووبێ سەر بەتەنزیمی کاژیك بوو، بەڵاّم بە ئاگاداریو ئەمری کاژیك ئەو کارە نەکراوە .

پێشکەشکار: ئەی بۆچی ڕوونکردنەوەیەکتان نەدا ؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: ئەو کارەساتە یەکێك بوو لەو هۆکارە سەرەکیانەی کاژیك وەك پێویست پەلوپۆ لەناو میللەتدا نەهاوێ و گەشە نەکا لەو رووداوە نەخوازراوەدا، چەند شیوعیەکی بێ گوناه و بەسەزمانو چەند مرۆڤێك بەخۆڕایی شەهیدکران، ئەبوایە سەرکردایەتی کاژیك دەمو دەستو لەگەرمەی ئەوکارەساتە خوێناویەدا بەیانی ناڕەزایی دەربڕینو خۆ بێ بەریکردن لێی دەربکردایە، نەیکرد، ئەوە هەڵەبوو.. تا ئێستاش باجەکەی ئەدەین ئینجا دێمەوە سەر ئەو حەزەرەی لە کاژیکدا هەمانبوو.. خەڵك هەبوو لەناو پاراستندا لە ماوەی 1970 تا 1974 ئەیویست ئێمە بکاتە پلەی پەیژەو بەو هۆیەوە لە قیادەی ئەوسای بارەگای بارزانی نزیکبێتەوە، بەراپۆرتی ناراست وقسەی هەڵبەستراو خۆی بباتە پێشی دەستکەو پلەو پایە وەرگرێ، سەرئێشەو کێشەش بۆ هیچ لایەك دروست نەبوو!!.. هەوڵی ئەدا گێچەڵمان پێبکات، بەڵام ئێمە خۆمان لێبوارد، بەوەش : کاژیك و پارتیو شۆڕش و میللەتیش قازانجی کرد.,

پێشکەشکار: ئەوترێ هۆکار هەبوو بۆ ئەو حەزەر و ترسەی کاژیك، بەو پێودانگەی پارتی و پاراستن هەمیشە بەدواتانەوەبوون کێشەیان بۆ دروستکردون، ئەم قسەیە چەند راستە؟.

د.عەبدوڵلاَ ئاگرین: ئێمە لەناو جەماوەری پارتی و پێشمەرگەدا زۆر خۆشەویست بووین‌و خۆشەویستین، هەتتا سەرۆك بارزانی نەمرو سەرکردایەتی پارتی ئەیانزانی ئەوە کادیرانی نەتەوەیی‌و قیادەی کاژیکن‌و بەچاوی حورمەت‌و تەقدیرەوە تەماشا ئەکراین کەچی بەداخەوە عەناسر هەبوو، لەناو دەزگا، پاراستنی ئەوسا واتا لەساڵی 1970- 1974 دژمان کاریان ئەکرد، بەنموونە یەکێ لەوانە لەکاتی یەکگرتنی پاسکۆك‌و سۆسیالیست و گەل زۆر دۆستیشم بوو، شەهیدێکی غەدرلێکراویشە (....)، یەکێك بوو لەوانەی کە بەدوامانەوە بوو، هەوڵی ئەوەشی ئەدا ئیستدامێ لەنێو تەنزیم و خەڵکانی ئێمەیا دروستکات‌و شێوازی تەنگپێهەڵچینی پەیڕەو ئەکرد، ئەمە بۆ ئەوەی حاڵەتێکی نائارامی لەنێوان ئێمەو بارزانیی نەمر لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە لەنێوان کاژیك‌و پارتیدا دروستبێ ...

پێشکەشکار: پاراستن ترسی چی بوو لە کاژیك؟.

د.عەبدوڵلاَ ئاگرین: قیادەی بارزانی نا، چونکە وەك زۆر جار لەهەندێك هاوبیرم ئەبیست کاك ئیدریس وتویەتی من خۆم بەیەکێ لە کاژیك دائەنێم‌و بارزانیش ئاگای لەکارەکانمان هەبوو، ئەوا ئەوانەی لەناوپارتایەتیدا ترسیان لەکاژیك هەبوو، ئەوانە بوون خەمی لەدەستدانی دەستکەوتی تایبەتی خۆیانبووەو لەشوێنی خۆیان

ئەترسان، چونکە ترسیان هەبوو لە پشتگیری خەڵکانی ناو پارتی بۆ بیرورِاو ئامانجو خۆشەویستیان بۆ ئەندامانی قیادەی کاژیك لەپایەو مەنزڵیان کەم بکاتەوە، ئەمە پێچەوانەکەی راستە، ئەگینا هیچی تر لەئارادانەبوو .

ئەوانە ئەو هەڵوێستەیان تەنیا لەبەر مەسڵەحەتی تایبەتی خۆیانبوو. بێموزایەدە من رۆڵی سەرەکیم هەبوو، نەمهێشت دەرفەتم بۆ ئەوانە نەرِەخسان و بیانووم نەدایە دەست ئەوانەی ئەیانویست تەسادووم دروستبێت، ئەمە ئەو کارو خەباتەمە لەمێژووی ژیانمدا شانازیەکی گەورەیە پێوە ئەکەم کە لە ساڵی 1969وە تا ساڵی 1974 وەکو و بەرپرسی لقی سلێمانیو هێل و رێکخستنەکانی کاژیك لەبەغداو کەرکوكو رانیەو هەڵەبجەو پێنجوینو ناو پێشمەرگە ئەو رۆڵەم گێرِاوە، سەبارەت رێکخستنی ئەوسای شاری کەرکوك کە هەموو هەفتەیەك لەسلێمانیەوە بۆ کەرکوك ئەچووم، مامۆستا شێرزاد فاتحم، لەگەڵ چەند هاوبیرێکی دی ئەبینیو کۆبوونەوەم لەگەڵ ئەکردن.. خەتی بەغا کاك شێرکۆی هەژار بوو، ئەو هەموو مانگێك بۆ سلێمانی ئەهات ئەیبینم، خەتی هەڵەبجە مامۆستای خۆشەویستم کاکە عوسمان رەشید کەریم بوو کە ئێستاش نامە سۆزدارەکەی کاك عوسمان رەشید هەر جێی رێزمە.

گەرچی لەهیچەو بەناحەق و وەهمی دروستکرا، ساردیان لەنێوماندا دروستکرد، ئەو هاوبیرە دڵسۆزەم زۆر چالاك بوو، لەڕێگەی ئەو و کاك حـــەمە عەلی حـــەمە مـــورادوە، خەڵکـــانێکی زۆر ناوچـــەکـــە بەتایبەت

(پێشمەرگە( هاتنە ریزەوە وەك: شەهید شەوکەتی حاجی موشیر و کاکە حامید حاجی خالید هاتنە ناو کاژیکەوە، کاك حەمە عەلی حەمە موراد پێشمەرگەیەکی بەوەفاو بەجەرگە، ئەو هاوبیرانە کاك شەوکەت‌و کاك حامید یەکەم نامەی داواکاریان بۆ هاتنە ناو رێزی کاژیك لام پارێزراوە.

ئەوەش بۆ من شانازییە، کە ئەونامانەی لە 1969وە تاکو 1974 ناردوویانە وەك گلینەی چاو پارستوومن، لە دوای 1975/3/6ی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، پاراستنی ئەو ئەمانەتە زۆر ئەستەم و ترسناکبوون و هەموو کەس زاتی ئەوەی نەئەکرد لای خۆی داینێ و بیپارێزێت، چونکە بەعس لەوکاتەدا خواخوای بوو، وشەیەك ببیستێ و چنگی کەوێت تاوەك دیکۆمێنتێکی بڕوا پێکراوی نکۆڵیو حاشا هەڵنەگر، بیکاتە بیانوو بۆ ئیعدامی مرۆڤی کورد بەگشتیو نەتەوەپەروەرەو شۆڕشگێرە دڵسۆزەکانی کورد.

بۆیە وەکو دەرمانی چارەسەری سەرەتان بەدوابیدا وێڵبوو، ئەو بەڵگانە بەهەر کەس بگیرایە کەمترین حوکم ئیعدام و ماڵکاولکردنی لەدوابوو، ئەو نامانەی لامن لەناویاندا نامەی دەستنوسی شەهیدی جوانەمەرگ کاك (ئازاد مستەفا(هەیەو یەکەمجار بۆ کاژیکی ناردو ئەوسا ناوی کاك محەمەد مستەفا بوو، لەڕێگای خێزانی کاك عومەری برامەوە کە خزمیان بوو، ئەهاتە لامان، جا کاکە عومەری برام بەئیلحاحەوە ئەیوت: عەبدوڵلاٌ ئەوە بۆچی کاك محەمەدتان ئیهمال کردووە؟ ئەو زۆر ئێوەی خۆش ئەوێت!!.. کاك محەمەد مستەفا (ئازاد مستەفا( سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، من شانازی بە پاراستنی ئەو نامانە و ئەو (مۆرانە(شەوە ئەکەم کە هەمانبوون و کارمان پێیان ئەکردو ئێستا لای من هەر لەساڵی 1972دا رەوتێکی نەتەوەیی دروستبووبوو بەسەرپەرشتی برای خۆشەویستو

هاوبیری بەوەفام کاکە کەمال جەمال موختار، کۆمەڵی قوتابیو لاوی خوێنگەرمو دڵسۆزی کۆکردبوەوە، وەکو

یەکەم نامەی دەستنووسی شەهیدی جوانەمەرگ کاك ئازاد مستەفا بۆ (کاژیك(ی ناردووە

تەنزیم ئەویش لەڕێگای نەتەوەییەکی دڵسۆز کاکە دکتۆر حسێن محەمەد عەزیزەوە بوو ئاگادار کراینەوە، ئەو پەیوەندی بەئێمەوە کرد، کاکە کەمال جەمال موختار بەرۆحیەتێکی سپۆرتەوە نامەی ئەو رێکخستنانەی بەشەخسی تەسلیم کردمو هاتەوە ناو کاژیکەوەو هاتنی ئەو هاوبیرانە بوە مایەی ئەوەی خوێنێکی نوێی گەرمو گوڕو تەوژمێکی تیندار بەرێکخستنەکان بدرێتو فەزڵەکەش بۆ کاك کەمال جەمال موختار ئەگەرێتەوە، چونکە ئەو بەشەخسی بەرپرسی ئەو کۆمەڵە بوو، بازگەی رێکخستنەکەی شارەزایانە ڕەنگی رشتبوو، ئاڕاستەی پەروەردەیەکەشی، دیسیپلینێکی بەهێزی پێوە دیاربوو، ئا لەو ساتەدا بەڕاستی لەرێکخستنەکانماندا، جگە لەو هاوبیرانەی لەلای کاك کەمالەوە هاتبوون، ئیدی لەلای ئەوانەی پێشووی خۆمانەوە هەستم بە بەخاوی دیسپلینی رێکخستن ئەکرد.. ئەو بۆچوونەم بە کاك

کامیل گەیاند، کاك کامیل یەکێك بوو لەوانەی حەزی ئەکرد چالاکیەکانی حزب ئەکتیڤ کرێت و جوڵەیەك بکەن، ئەمەش هەروا سانا نەبوو، چونکە ئەو هەر خۆی نەبوو، لەولاوە کاکە دکتۆر جەمال نەبەز و لەمو لاوە کاك هەردی و کاك فەرەیدون و ... تاد .. ئەوەشمان لەبیر نەچێ تا ڕێکەوتننامەی 11ئازاری 1970 کاك فەرەیدون سەرکردەیەکی دیاری کاژیك بوو، من ئەوە ئاگادارنیم چۆن و لەبەرچی وازیهێنا،چونکە نامەی وازهێنانی نەداوەتە دەست من، لەڕێگای ڕێکخستنیشەوە هیچمان پێنەگەیشت.!

پێشکەشکار: دوای ئەوەی سەرکردایەتی کاژیك بلاوەیان لێکرد و ئێوە کۆنگرەیەکتان بەست و بوونە قیادەی کاژیك بڕیاری تەجمیدی تەنزیمی کاژیکتاندا .

د.عەبدوڵلاَ ئاگرین: ئەوە وانییەو زانیاریەکی هەڵەیە.. بەر لەو کۆنگرەیەی 1972/5/25 سەرکردایەتی کاژیك بلاوەی پێنەکردوەو لەو رۆژەشدا واتە: نەچالاکیەکانی حزب وەستێنراو نەحزبیش تەجمید کرا، بەڵکو ئەو کۆنگرەیە بەمەبەستی ئەکتیڤکردنی چالاکی کاژیك بوو .

ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هات.. من پێشنیازمکردو بە کاك کامیلم وت: ئێمە پێویستە بەخۆماندا بچینەوە و گڕوتین بدەینەوە بەر خۆمان، ئەوەتا حکومەتی

عێراقی خۆی ئامادەکردووە، ئەیەوێت شەڕ بکاتەوە، وەکو وتم: غەیری قیادەی بارزانیو هەندێك قیادەی پارتی، ئیدی زۆربەی هەرە زۆری پارتی بیرو بۆچوون ساویلکانەیان هەبوو، هەروەها لەو بڕوایەدا نەبوون ڕژێمی بەعس شەڕ بەکوردو شۆڕش ئەفرۆشێ. تەنانەت لە 1974/3/11 کاتی بەعس شەڕی هەڵگیرساندەوە، زۆر هەبوو کاتێك ئیلتحاقیان بە شۆڕشەوە کرد، جگە لە دەستێ بیجامەو تاقمی تەراشو خاولیەك هیچی دیان لەگەڵ خۆیان نەبردە دەرەوە، بەونیازەی دوای (24( ئەگەرێنەوە شوێنی خۆیانو ڕژێم مافی کورد ئەدات، ئەوانە سەرمەستی سەرکەوتن و وەزیفە و دەسکەوت و ئەمانەبوون، کاك کامیلیش وتی: زۆر باشە چی بکەین؟، وتم: با کۆنگرەیەك بگرین، وتی چۆن؟. کۆنگرە لەکێ و کێ پێك بێت؟ وتم: خۆتان دیاریان بکەن، ئەوا ئەندامی لق هەیە.. دواتر وتم: ئەمە وەزعی ئێمە، ئەوە وەزعی عێراقو ئەوەش کاك دکتۆر جەمال نەبەزیش وەکو مونەزیرێك و تێکۆشەرێك هەندێ چالاکی ئەنوینێ، یەکێ لەو چالاکیانە ئەوەبوو نامیلکەی دەرئەکرد ڕەنگی ئەفکارو ئامانجی موحسنی پزیشکپوری ئەدایەوە، موحسنی پزیشکپور سەرۆکی حزبی پان ئیرانستبوو، ڕۆژنامەی (خاكو خون(ی دەرئەکرد، نزیکی شای ئێران محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بوو،

ئەفکاری ئێرانی گەورەی لەکەللەدا بوو، ئەو ئەفکارانەش تەواو پێچەوانەی ئامانج فیکریو کاژیک بوو.

ئەمانەوێت لەبەرنامەکەمانا قسە لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی پاسۆك لە 11ی 9ی 1975 بکەین، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و پەیوەندیەکانی ئەو پارتە و هەڵوێستی لایەنە کوردیەکانو کێشەو ململانێکان بەرامبەریان، هەروەها ئاماژە بەرۆڵی مامۆستا عەبدوللاّ ئاگرین لەناو پاسۆك و قۆناغی دوای راپەڕین تا ساتەوەختی دروستبوونی یەکگرتن و چوون و توانەوەیان لەنێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانداو بەگفتوگۆ و تەواوکردنی ئەو تەوەرانە لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوللاّ ئاگرین پێکەوە ئەبین .

پێشکەشکار: لێرەدا گەیشتینە ساتەوەختی دروستبوونی سەرکردایەتیەکی کاتی دژ بە سەرکردایەتی کۆنی کاژیك، بە پاساوی هەندێ رەخنە و گلەیی و کەمتەرخەمی سەرکردایەتیە کۆنەکەی پێشوو، ئایا هەڵوێستی جەنابتان چی بوو کاتێك سەرکردایەتی کاتی بەیاننامەیەکیان لەسەر سەرکردایەتی ئێوەی کاژیك دەرکرد ؟.

د.عەبدوڵلاّ ئاگرین: ئەو جولّەو چالاکیەی لەلایەن چەند گەنجێکی خوێنگەرم بەناوی هاوبیری و کاژیکیەوە، سەرکردایەتی نوێی کاژیکیان پێ دروستکردن،

چاوەڕوانەکراوبوو!! چونکە بیرۆکەو مەبەستو ئامانجی ئەو جموجوڵو چالاکیە بیروڕاو بۆچوون و پێشنیازی خودی خۆمبووم بۆیەکەمجار بەر لەساڵی (1972) لای کاك شێرکۆی هەژار دڕکانمو تاوتوێمان کرد، (ئەو) زۆر بەحەماسەت و شەوق وتینێکی ئاگراوییەوە پشتگیری سەرجەم راوبۆچوونەکانی کردمو لەو رووەوە هەر دووکمان جوڵەیەکی بزێوانەشمان بۆ کرد!!!.. ئاکام وەك خۆمان ئەمانویست کورتی هێنا.. ئەوە هەقیقەتێکەو ئێستا کاك شێرکۆ لەژیاندا ماوەو لەهۆڵەندەیەو بڕواناکەم ئەخلاقی سیاسی وکۆمەڵایەتیو کوردایەتی رێگای بدات نکۆڵی لێبکات.. چونکە ئەو تا 1974/3/11 نەك وەك قوتابیەك بەڵکو وەك موریدێکی شەیدا گفتارو هەڵوێستەکانمی بەعەشقەوە قەبوڵئەکرد، ئالەو دەمەو ئێستاشدا لەگەڵ کاك کامیل ژیر زۆر ئینسیجاممان هەبووەو هەیە، لەم رووەوە قسەم لەگەڵ کردو ئەویش قسەکانی وەرەگرتم، وتم وەزعی ئێمە باش نییە و پێویستە حەرەکەیەك بکەین و بەرەو پێشەوە بڕۆین، لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپانەی کە هاتنە بەردەممان، سەرەتا پێمان باشبوو لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەیەکی وردی عەقلانیو هێمن بارودۆخی سیاسی عێراقو باشووری کوردستانو راڤەکردنێکی عەقلانی رەوشی ناوخۆو دەرەوەی رێکخستنەکانی کاژیك هەڵسەنگێنین، بەتەنزیما بچینەوە لەبەر رۆشنایی چەند دیاردەی رووداوی هەقیقی ، من ئەمزانی بەڕاستی جەنابی بارزانی کە ئەو نامەیەی دامە دەستی لە 15ی5ی 1964دا، پێشتریش

ساڵی 1958 کە تەشریفی بۆ سلێمانی هێنا لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید وەك یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ خزمەتی چووین، ئێمە چەند قوتابیەك بووین چووین، وێنەیەکی یادگاریمان لەگەڵیا گرت، تەنیا ماوەیەکی کورت لەخزمەتیدا ماینەوە، من لەو ساوە بەرەفتارەکانی سەرسامبووم، بۆیە بە کاك کامیلم وت: کاتێك حکومەتی بەعس شەر بەکورد ئەفرۆشێتەوە، ئەوا بەتایبەت قیادەی بارزانی ، ئەوکاتە بارەگای بارزانیان پێ ئەوت: مشووری خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی بەعس و سەدام خواردوەو ئەخۆن، بۆیە با ئێمەش بەخۆماندا بچینەوەو لەو رووەوەوەك حزبێکی سیاسیی کوردی بڕیارێك بدەین، بەتایبەت لەوکاتەیا براو هاوبیری بەرێزم کاکە دکتۆر جەمال نەبەز بەهۆی پەیوەندی بەتین لەگەڵ کامەران بەدرخان، لەڕێی ئەوەوە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ موحسینی پزیشکپور هەبوو، بەراستی ئەو نزیکبوونەوەیە لە حزبی پان ئیرانست دوور بوو لەهەڵوێستی کاژیك‌و پێچەوانەی ئەفکارو ئامانجمان بوو، ئەو نزیکبوونەوەیە زەرەری زۆریشی لێئەداین، بۆیە وتم: با دیراسەی ئەوەش بکەین، ئیتر قرارماندا کە کۆنگرەکە ببەستین، دیارە کە وەکو یەکەم کۆنگرەی تەئسیسی کاژیك وابوو، رۆژی پێنج شەمە 1972/5/25 چووین لە ماڵی کاك کامیل لەخوار مزگەوتی نالی لەسلێمانی، لە ژوورێکی بچووکا کۆنگرەمان بەست، پێشئەوەی کۆنگرەکە ببەستین کاك کامیل بەماوەیەك وتی: کێ بۆ کۆنگرەکە بانگ بکەین‌و نوێنەران کێن؟ منیش وتم: من

ئەم هاوبیرانە پێشنیاز ئەکەم و جەنابیشتان کێ تر دەستینشان ئەکەن ئەوە بڕیاری خۆتانە.. لای منەوە (کاک محەمەد مەجید ئەسلاَن، کاک حەمە عەلی فەرەج، کاک فەتاح عەبدولرەزاق( ئەوانیش ئەندامی لق بوون، کاک کامیل وتی: باشە.. ئیتر دوای ئەوە، کاتو رۆژو شوێنی کۆنگرەکە دانرا، منیش ئاگاداری هاوبیرانی لقم کردەوەو پێکەوە .

ماموستا ئەحمەد هەردی مامۆستا کامیل ژیر عەبدولڵا ئاگرین

مامۆستا فایەق عارف محەمەد مەجید ئەسلاَن فەتاح عەبدولرەزاق حەمە عەلی فەرەج

ئەندامانی کۆنگرەی یەکەمی (کاژیک(

25/5/1972

شاری سلێمانی

له سەعات (4ر30) رۆژی پێنج شەممە 1972/5/25 لەماڵی کاك كامیل ئامادە بووین، چووینە ژوورەوە، بینیم سێ مامۆستاو هاوبیری خۆشەویستی لێیە: کاك هەردی و کاك كامیل و کاك فایق عارف، بەهەمووماں ئەوانە قیادەی کاژیك و نوێنەرانی تەنیا حەوت هاوبیر بووین، وەك چۆن لەكۆنگرەی تەئسیسی له 1959/4/14 دا حەوت هاوبیر ئامادە بوون، ئێمەش لەم کۆنگرەی یەکەمدا حەوت هاوبیر ئامادەبووین ، ئەگەرچی وەك هەڵو مەرجو پرەنسیبی کۆنگرە ئاگادار نەکرامەوە، راپۆرتی رێکخستن پێشکەشکەم، کە دانیشتین تێبینم کرد، راپۆرتەکانی: (رێکخستن، سیاسی، دارایی، پەیوەندی دەرەوە، راگەیاندن بوونیان نەبوو(!!.. لەژوورێکی ماڵی کاك کامیلدا دانیشتن و سەرەتا مامۆستا گەورەو دڵسۆز هاوبیر ئەحمەد هەردی: بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستانو رەوشی هەڵوێستی شۆڕشو پێشمەرگەی بەشێوازێکی جوانی زانستانە شرۆڤە کرد.

شرۆڤەکانی مامۆستا هەردی زۆر لۆژیکیانەبوو، دوای هەریەك لەکاك کامیل و کاك فائق بیروڕایان دەربڕی، منیش سەبارەت بەرێکخستن قسەم کرد، له دواییدا گەیشتینە ئەنجام چەند بڕیارێك لەوانە: هاوبیرێك بۆ لای کاك دکتۆر جەمال نەبەز بنێرین، تا له شێوازی نووسینەکانیان موراعاتی ئێمە لەباشووری کوردستان بکات

و له موحسنی پزیشکپوریش نزیك نەبێتەوە، چونکە ئەمە زەرەرمان لێئەدان ، بۆ ئەم مەبەستە کاك کامیل ژێردیاریکرا. دووەم/ گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە رژێمی عێراقی لەرێکەوتننامەی 11ئازار پاشگەز ئەبێتەوە و شەڕ بە کورد ئەفرۆشێتەوە، لە 2013/6/5دا لەگەڵ کاك فەرهاد عەبدولحەمیدو کاك فوئاد سەراج لەگەڵ کاك کامیل باسی ئەو کۆنگرەیەم کرد (ئەو( کاك کامیل ژێر کەمو زۆر ئەو کۆنگرەیەی 1972/5/25 کە لەماڵی خۆیان بەسترابوو لەبیرویادی نەمابوو، لەبەرچاوی ئەو دوو هاوبیرە ئەسڵەن نکۆڵی لەبەستنی ئەو کۆنگرەیە کردو ئەیوت: شتی وا کوا هەیە.. نەکۆنگرەو نەهیچ کۆبوونەوەیەك لەماڵی ئێمە نەکراوەو لەبیرم نییە؟!، ئێ کۆنگرەکەش لەماڵی ئەوداکرا، بەڵام من هەموویم بە سەعات و بەرۆژ و مانگ و ساڵ لەیادداشتەکانی خۆما نووسیومە و بلاویشی ئەکەمەوە. ئینجا وتم: چۆن کاك کامیل بەبیرت نایە؟، وتی: نەخێر نەناوەرۆکی ئەو کۆبوونەوەو نەکۆبوونەوەکەم نە ئەو بڕیارەی (کە خۆی پێشنیازیکرد(و وتی: ئامادە بووان واتە: ئەو حەوت هاوبیرە ئێستە بەدوا ئەندامی سەرکردایەتی کاژیکن ، وتم: ئەی ئەو قرارە گرنگو مێژووییەی دامان چی بوو؟ بەراستی قراری ئاوا سیاسی بدرێ لەمێژووی سیاسی هاوچەرخدا دەگمەنە، ئەویش ئەوەبوو: (بڕیارماندا: ئەگەر شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ئەوە هەموو کارو چالاکیەکانی کاژیك هەڵپەسێرین، ئەمە بەبێ ئەوەی لەگەڵ قیادەی بارزانی رەحمەتی یان قیادەی پارتی یان هەرکەسێ

ئیتیفاقێك بكەین و رێككەوتبین هەموو توانایەكمان لەژێر سایەی فرمانی بارزانیو شۆڕشدا دادابنێین وەك هاوبەشیەكی نەتەوەییانەمان(.

**ئێمە لەكاتێكدا رێكخستنی بەهێزو فراوانمان هەبوو، خەڵكی پێشمەرگەی دڵسۆزو ئازاو گوێڕاڵی باشو زۆرمان لە هێزی خەبات و هێزی رزگاری و زمناكۆ و شوێنەكانی تریش هەبوو، تەنزیمێكی پتەو فراونیشمان لەناو شارو شارۆچكەكاندا هەبوو، بەپێی ئەو بڕیارە هەموو توانای ماددی و مەعنەوی و راگەیاندن و فیكری خۆمان خستە ژێر دەستی سەركردایەتی شۆڕشەوە، لە كۆنگرەكەدا، ئەمە**

بڕیاری قیادەبوو (سا هەر کەس بەهەر مەبەستێك، چۆنی بۆ ئەچێت‌و لێکیئەداتەوەو راڤەی بۆ دائەنێت( ئازادە، بە: (دانیشتن، یاخود کۆر یان کۆبوونەوە یان سیمینار یاخود کۆنگرەی دائەنێت یان نا.. یاخود ئەسڵەن نکۆڵی لەو کۆنگرەیەو بڕیارەکانی ئەکات، یان لەبیری چۆتەوەو لەیادی نەماوە، ئەوە ئازادە، بەڵام ئەوە پێچەوانەی واقیع‌و هەقیقەت‌و مێژوویشە، بەڵگەی زیندووی تۆمار کراو راستی بەستنی ئەو کۆنگرەیەو بڕیارەکانی ئەسلەمێنن.

بەدڵنیاییی‌و بێ دوودڵی ئەڵێم: لەو کۆنگرەیەدا خودی هاوبیری دڵسۆز کاکە کامیل ژیر (گەر ئەمەشی لەبیرمابێ( ئەو پێشنیازەی کرد: ئەم حەوت هاوبیرە ئەندامی سەرکردایەتی کاژیکن.

ئاوا ئەو حەوت هاوبیرە شەرعیەتی قیادەی کاژیکیان وەرگرت، پاشان بڕیارەکانی کۆنگرەمان جگە لەئاشکراکردنی ناوی قیادەی نوێی کاژیك، بەرێکخستن گەیاند بەوەی: کاتێك رژێمی بەعسی شەر بەکوردو بارزانی‌و شۆڕش ئەفرۆشێتەوە هەر هاوبیرێك ئازادە رووەو چ

بنكەیەكی شۆڕش ئەڕوات، كوێ هەڵەبژێرێ بەرەو ئەوێ بڕوا، هەبوو لەناو شارا مایەوە.

شەهید مامۆستا عیزەت رەشید شەهید مامۆستا حەمە سالّح فەرەج

دوو هاوبیر و ئەندامی (كاژیك) سالّی 1974 لە لایەن رژێمی بەعسەوە ئیعدام كران

بە داخەوە لەوانە هاوبیری شەهید مامۆستا حەمەسالّح فەرەج حكومەت ئیعدامی كرد، هەروەها هاوبیری تێكۆشەری ناو ریزەكانی كاژیك شەهید مامۆستا (عیزەت رەشید) بەعسی دڕندە گرتیو ئیعدامی كرد .

ڕێنمایمان دەرکرد هاوبیران بچن لەگەڵ شۆڕشدا کار بکەن لەژێر قیادەی بارزانیدابن، ئا ئەمە بە هەڵوێستێکی گەورەی نەتەوەو نیشتیمانپەروەرەی بێ ئەندازە ئەژمێردرێ کە پارتێکی نەتەوە پەروەر بێ بەرانبەرو بێ هیچ دەسکەوتێك، هەموو توانایەکی بەبەرانبەر ببەخشێت، دەنا ئێستا لایەنێك یاخود دوو کەس و لەتێك بیانەوێت بێنە ناو حکومەت یان پەڕلەمانەوە ئەڵێن: چ دەسکەوت و مەنسەب و پارەو پۆست و وەزارەتێکمان ئەدەنێ؟، خەڵك ئاوایە.. بەلاٙم ئێمەی کاژیك ئەو هەموو توانای تەنزیمەمان خستە ژێر سەرکردایەتی شەخسی بارزانی مستەفاو شۆڕشەوە بەبێ هیچ دەسکەوتێك، بەو مەبەستەی هاوبەشیەکی نەتەوەییانە لەشۆڕشدا بکەین .

پێشکەشکار : باشە کاك ئازاد و شێرکۆی هەژار بۆچی بەمە نیگەران بوون؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: عەقڵی شێرکۆی هەژار لەسەر شەپۆڵی وهمی تۆقاندن و تیرۆر مەلەی ئەکرد، کەسێکی دووفاقی ناو دووتوێی (سادیو ماسۆشتی( بوو!.. کاتی خۆی زۆر هەوڵم لەگەڵیدا، لەو وەهمەچڵکنو خەیاڵ بڵاوو ناسەردەمانە نامرۆڤانەیە وازبهێنێ، تەقەڵام لەگەڵ دا ئارامی بکەمەوەو دەروونی خاو بکەمەوە، وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژیو سیاسەتو حزبایەتی بکات، سەرەتا بەنەرمی خوساو قەناعەتی ئەکرد، کە چی دوای نەیئەتوانی خۆی لەو ماکی ژەهر وەشاندنە رزگار بکا، فکرەی جەهەننەمی و ئەهریمەنانەی هەبوو، بەنموونە ئەیوت: با کوڕی فلانە سەرکردە بفڕێنین دواتر فدیەی لێوەرگرین، ئاماژەی بەوە ئەداو ئەیوت: ئەوەتا فەلەستینیەکانیش ئەمە ئەکەن ، لای من ئەمانەی باس ئەکرد .

هەتا ئەو کاتەی من لە بەغا بووم، بارەگایەکی باڵی مەکتەبی سیاسی لە شارع نەهربوو کە نووسینگەی محاماتی کاك کەمال محیەدین بوو، قیادەی باڵی (م.س( هاتوچۆی ئەوێیان ئەکردو شێرکۆش بەو سفەتەی

سەر بەوباڵەیەو لەرقی باوکی هاتوچۆی ئەوێی ئەکرد ئەیوت: کاك عەبدوڵڵا بادەستێکیان لێبوەشێنین، ئەموت: کاکە ئەو توند و تیژیانە نەفیکرو نەئامانجو نەکاری ئێمە... ئێمە ئەو کارانە ناکەین، ئێمە ئەمانەوێ گەشەیەکی پۆزەتیڤانەو مرۆڤانە بەئەفکارەکەی خۆمان بدەین، لەبەر چاوی کورد بەرگێکی جوانی نەتەوەیی پێبپۆشین و بە ئامانجی بگەیەنین .

لەو کاتە، ساڵی 1964 بۆ یەکەمجار کاك شێرکۆی هەژارم بینی، تاکو 1974/3/11 لەئاستو لەبەردەممدا هێندە متەوازع خۆی ئەنوان بۆچوونو لێکدانەوەو بیروڕاکانمی بەسەرسورمانەوە ئەسەلمان،بە دەگمەن موریدی ئەوتۆ هەڵکەوێك، ئەوا موتیعو عاشقی شێخەکەی بێ، ئائەو هەڵوێستەی وایکرد من متمانەیەکی بێ سنوورم پێبێت!... بەراستی هاتنە پێشەوەی لەکاژێکداو ئەو هەموو هاوبیرانەی ناسی،بەتایبەت، ئەوانەی لە رێکخستنی کاژیکدا خەباتیان ئەکرد. خەتابار من بووم!! چونکە ئەو لای من تەنزیم بوو.

(ئەو( بەجۆرێك خۆی هێنابووە پێشێ، تەنانەت هەندێ جار لەسلێمانی بۆ ماڵمان ئەهات، ئەو وەختە من لەماڵی باوكمدا بووم، شەو درەنگ ئەهاتەوە، نازانم لەكوێ بوو، بەپێڵاوی قوڕاویەوە ئەهاتەوە ، دایكم لەبەر خاتری من بەو تەمەنەوە، ئەچوو پێڵاوەكەی بۆ ئەشووشت.

جارێكیان لەماڵی خۆمان هەڵساین هاتینە دەرەوە، ئەو پڕیدایە پێڵاوەكەم بۆی دانام، زۆرم پێناخۆشبوو، تووشی شۆك بووم وتم: كاكە شێركۆ ئەوە چیئەكەی؟، وتم: قەیناكە من لەحزبا بەرپرسی تۆم و لەحزبێكداین، بەڵام ئێمە هەموو هاوبیری یەكین، نابێ خەڵك فێری ئەوە بكەین پێڵاو دابنێن، خۆ ئەمە پەیوەندی نێوان ئاغا و نۆكەرایەتی نییە كەئەمەی كرد خورپەیەكی ترسناك شریخەی لەهەناوم هەڵسان!! كاك شێركۆ ئەمەی بۆ كرد؟ ئەم جۆرە رەفتارە نادروستانە لەرێكخستنی حزبایەتیدا و لە پەروەردەو گۆشكردنی ئێمەی نەتەوەی ناوەشێتەوە، خۆ ئێمە بەرۆحیەتی نۆكەر و ئاغا پەروەردە نەكراوین .

بۆ ئەو هەڵوێستەی کاك شێرکۆی هەژار، من زۆر سەرزەنشتم کرد و داواملێکرد بەهیچ جۆرێك شتی وا لەگەڵ کەسدا دووپاتنەکاتەوە .

ئا ئەو رەفتارە سووكو هەرزان بەهایە، منی لەدەریای گوماندا نغرۆ کرد.. بەوەی مرۆڤێك بەتایبەت ئەوەی لەهەرزەیی تەمەنیدا بێ پەنا بۆ هەڵوێستی ئاوا کە چرفتار بەرێت.. ئەشێت کاری قێزەونی نالەبارو ناشرینتر، لەگەڵ رێکخستن و هاوبیرەکانیدا ئەنجام بدات.

بەڵام (پاش باران کەپەنك( کۆمەڵێ ئەسرارم لا باس کردبوو، بە نموونە ئەموت: ئەوە کوردێکی باشە، ئەوە سەر بەئێمەیە، ئەویش تاقیبی ئەوەی ئەکرد قیادە کێیە و ئەوانەی تەنزیم کێن؟ ئەو پرسیارە زۆرە گوماناویانەی سەبارەت کاژیك ئەکرد، پرسیاری تەمو مژاویی لا دروستئەکردم، منیش دڵپاکانە باسی مێژووی کاژیك و پارتی گەل و یەکێتی (قوتابیان و لاوانی( نەتەوەیی کوردم بۆ ئەکرد، ئەمە لەمانگی 3ی 1974 بوو، خەڵك رووی لەدەرەوە ئەکرد، ئەوساتە نێوان شۆڕش و حکومەت لەئەگەر و نەگەری رێکەوتن و شەڕدابوو،

من کۆمەڵێ نهێنی ڕێکخستنەکانی کاژیکم لا باسکرد، بەڵام دوای دەرکەوت نییەتی پاك نەبووە، ئەو بێوەفا دەرچوو، من لەو متمانەیەی بەوم هەبوو بەهەڵەداچووبووم، کەکۆمەڵێ شتم دایە، دوایی لەلای زۆر هاوبیری دڵسۆز و ڕێکخستنەکانمان خۆی کردە پاڵەوان و ئەو ئەمانەتە حیزبیانەو ئەو نهێنی و زانیارانەی من پێموتبوو، دژی سەرکردایەتی کاژیكو شەخسی خودی من بەکارهێنا، لەڕێگای هاوبیرانەوە هەموو قسە و هەڵوێستەکانیم پێگەیشتەوە و کۆمەڵێ بوختانی هەڵبەستبوو، چونکە کەمن چوومە ناو شۆڕشەوە ، یەکسەر رووم لەبەشی ڕاگەیاندن کرد و ئەوساتە شەهید دارای تۆفیقە فەندی ئاغا فەتحوڵڵا ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوان بوو.. شاعیری جوانەمەرگ و بەهرەدار کاك جەلالی میرزا کەریم بردمیە لای و بە (نووسەر- محرر( لەئێستگەی کوردی دەنگی کوردستانی عێراق دانرام .

دوایی لەڕێگا و بەهۆی ڕۆشنبیر و دیبلۆماتکاری بەتوانای کورد، دکتۆر جەمال جەلال بەشەخسی بردمیە پەیمانگای کادیران (خولی

شەشەم(.. ئەمە وەك خۆم عەبدوڵڵا نەك وەك كاژێكیەك، چونكە هەندێ كەس بەمەبەست یاخود بەبەرنامە بۆ چاو راو ئەیانوت عەبدوڵڵا چووە بووە بە مامۆستا لەمەعهەدی كادیران، بەرانبەر ئەوەی هەرچی نهێنی و مومتەلەكات و نامە و دیكۆمێنتەكانی كاژێك هەیە تەسلیمی پاراستنی كردووە!... راستەوتویانە، بەری رۆژ بەبێژینگ ناگیرێت!!!.. ئەوەتا حەقیقەت هەر دەركەوت.

پێشكەشكار: ئەوانیش گلەیی ئەوەیان هەبووە تۆ زۆر لەپارتییەوە نزیك بووی، هەتا قسە لەسەر ئەوە هەیە كە عەبدوڵڵا ئاگرین رێكخستنەكانی كاژێكی بەكارهێناوە بۆ پاراستن؟!، ئەمە چییە؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: سەرتاپای ئەو قسانە هەڵبەستراو و بوختانێكی دڕكاویە، بوختانێكی زۆر زۆر روونە. چونكە من بەشانازییەوە عەرزت ئەكەم، ئەوە ئێستا منن ئەو راستیە ئەسەلمێنم هەموو ئەو نهێنیو نامەو مۆرو مومتەلەكاتانەی لامبوون لەساڵی 1969ەوە، وەك بیلبیلەی چاوم لام پارێزراون و لەبەردەستمدانو لام ماونەتەوە، خۆ

ئەگەر تەسلیمی کەسێك یاخود لایەنێکم بکردایە ئەبوایە ئەمانە ئێستا لامن (کەهەر هەموو مومتەلەکاتی کاژیکە( تەسلیم بکردیایە، خۆ ئێستا دەزگای پاراستن ماوە و شایەتی راستی قسەم ئەدەن، من ئێستا ئەوە ئەزانم با عەرزی ئێوەش بکەم، ئەوەی وەك شەخسی بیستوومە دەزگایپاراستن لەو رۆژەی کەدروست بووە تا ئەمرۆ هەموو شتەکانی پاراستووە، تەنانەت ئەو دەنگانەی لەساڵی (1974-1975( لەرادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق پەخشبوون هەموویان پاراستووە .

جا لەوکاتەی (رۆژی سێشەممە 1974/3/12( چوومە ناو شۆڕش و بووم بەپێشمەرگە.. دواتر هەستم کرد لەلایەن هەندێك هاوبیرانی رێکخستنی کاژیکەوە جوڵەیەکی نائاسایی و ناسروشتی ئەکرێت، چونکە دوای رۆژی دووشەممە 1974/3/11 کاك شێرکۆی هەژار لێ دوورە پەرێز بوو، ئیتر دوای ئەوەی چوومە شاخیش کاك شێرکۆی هەژار نەهات بەلاما و پەیوەندی لەگەڵ من پچڕا .

دوایی بیستمانەوە پێچەوانەی بڕیارە مێژوویی و نەتەوەییانەکەی سەرکردایەتی کاژیك، ئەیانەوێ هەندێ حەرەکە پێچەوانە بکەن تەنانەت بەعەقڵیەتێکی تیرۆرزمیەوە دەست لەهاوبیرانی قیادەی کاژیکیش بوەشێنن، لەیادداشتەکانی کاکە مەم بۆتانیدا ئەم هەقیقەتە تۆمارکراوە و ئەڵێ: کاك شێرکۆ بێکەس پێی راگەیاندم و وتی: با فریای کاك هەردی بکەوین لەوانەیە شتێکی خراپی بەرانبەر بکرێ .

ئێمە پێشتر ئەمانزانی، ئەوان پلانیان وا دانابوو، بێن من کەلەوکاتەدا لەگوندی زینۆڵی شێخێ مامۆستا و بەڕێوەبەری کارگێری خولی شەشەمی پەیمانگای کادیرانبووم، کاك شێرکۆی هەژار و کاك فەرهاد عەبدولقادر بەناوی گفتوگۆوە لەگوندەکە دوورمخەنەوە و بەبێ دەنگی بەچەقۆ بمکوژن!! دواییش بەیانێکی بەرگریم لەسەر بڵاوبکەنەوە و بڵێن: وەڵا پاراستن کوشتوویەتی .

هەروەها لەبابەكراوای نزیك دەربەندی رایات و ئازادی تەقە لەجێبەكەی كاك محەمەد عەزیز (خاڵە حەمە( بكەن و بلێێن: بارەگای بارزگانی خۆیان ئەمەیانكردووە، خاڵە حەمە خۆی ئەفەرمووێ: مام هەژاری مەزن و رەحمەتی تەشریفی هێنایە لام، داوای لێكردم كە دەمانچەیەك بۆ كوڕەكەی بدەمێ، منیش ماوەیەك ئەو دەمانچەیەم بۆ وەرگرت و تەسلیم بە مام هەژارم كرد ، كەچی دوایی پێم گەیەنرایەوە كە شێركۆی كوڕی ویستوویەتی بەو دەمانچەیە بمكوژێ، كاكە مەم بۆتانیش ئەفەرمووێ: لەسەر قسەی كاك شێركۆ بێكەس مامۆستا ئەحمەدی هەردیمان هێنابووە ماڵی خاڵم (عومەر دەبابە(، پیلانی تیرۆركردنی مامۆستا هەردی بەمشێوەیە بووە. گوایا بەقسە لەماڵی كاك عومەر دەبابە بیهێننە دەرەوەو سەرینێك بخەنە سەر دەمی و بیخنكێنن، كاكە مەم لە موزەكەراتەكەی ئەڵێ: (چوومە ماڵی خاڵم و وتم: مامۆستا هەردی هەڕەشەی مردنی لەسەرە، ئەویش وتی: كێ ئەتوانێ ئەوە بكات با بێت بۆ ماڵی ئێمە(، هەر كاكەمەم

ئەفەرمووێ: (من شەوانە حەراسەتی کاك هەردیم ئەگرت(، جا ئەمە وایکرد ئێمەش بەخۆمانا بچینەوە.

هاوبیر کاکە کامیل ژیریش لە 2013/6/5 بەئامادەی کاکە فەرهاد عەبدولحەمیدو کاکە فواد سەڕاج لەماڵی خۆیان لەشاری سلێمانی فەرمووی: شێرکۆی هەژار هەوڵی کوشتنی منیشی داوە، لە سلێمانی شەو هەبووە درەنگانیو لەناوەختا خۆی ئەکرد بەماڵا، بەڵام دیارە بەهۆی ئامادەگیی خۆمەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوتووە.

پێشکەشکار: باشە.. لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە 1974دا ئێوە ئەچن بۆ شاخ و ئەندامانی سەرکردایەتی کاژیك هەریەکە و ئەچن بۆ شوێنێك، لەو دەمەیا کاك ئەحمەد سەلام و کاك فەرهاد عەبدولقادر هەریەکەیان بەبیانوویەك واز لەکاژیك ئەهێنن، ئەوان بۆ ئەوەیان کرد؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: ئێمە وەك قیادەی كاژێك تاكو 1974/3/11 داواكاری لەوجۆرەی هاوبیری خۆشەویست مامۆستا ئەحمەد سەلام و كاك فەرهاد عەبدولقادرمان پێنەگەیشتووە، سا نازانم لەدوای ئەوەوە، وازیان لەو تاقمە هێنابێ.. ئەوەی من ئاگاداری بم كاك ئەحمەد سەلام وازی نەهێنا بوو، بەڵام ئەوان ئەو حەرەكە پێچەوانەیەی كاژێكیان پێخۆش بوو، پڕوپاگەندەیان ئەكرد بەوەی. كاژێك تەنزیم و كار و چالاكی خۆی تەجمید كردووە و ئەمە سەفقەیەكە لەگەڵ مەلا مستەفادا ئاڵوگۆڕییان بۆ پارە و مەنسەب پێكردووە.

پێشتر ئاماژەم پێكردووە و بەبەڵگە ناراستی ئەو بۆ چوونەم سەلماندووە ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نەبوو و نییە من بەدرێژایی ئەو ماوە دوورەی لەشاخ ناو شۆڕشدا پێشمەرگەبووم، بارزانی رەحمەتیو جوانەمەرگ كاك ئیدریس و كاك مەسعودم نەبینیوە، نەبەقسە نەبەنووسین نەبەهیچ شێوەیەك، كاك كامیلیش هەر هەمان شت، ئینجا ئەو تاقمە وتیان: ئێمە ناوچەیەكی تایبەت و سەربەخۆ بۆ

پێشمەرگەو کاروچالاکی کاژێك دیاری ئەکەین، قیادەی کاژێك لە 1972/5/25دا بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەرزە سیاسیانەی ئەوان: بڕیاری وەرگرتنی هەڵوێستێکی دڵسۆزانە و نەتەوەپەروەرانەماندا، تواناکانمان بەشۆڕش ببەخشن، چونکە ئەگەر هەڵوێستێکی نێگەتیڤانەی لەو جۆرەمان وەرگرتبایە کار و چالاکیمان ئەنجامیدایە، ئەبو ئیستیدامان لەگەڵ قیادەی بارزانی نەمرو شۆڕشدا بکردایە، بەتایبەتی ئەو جەماعەتەی پاراستن، ئەوەش بیانوویەك بوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی کوردستان.. باشە هەڵگیرسانی شەڕو پێکدادان لەناوخۆی کورد و شۆڕشدا لەقازانجی شۆڕشو میللەتەکەماندا بوو؟ کەپێشمەرگە بچێ بەگژ پێشمەرگەیا و شەڕ بکەن؟

ئەوسا گەر خوانەخواستە کاری وارووبیدایە، بەدڵنیایەوە مەسیرمان هەر ئەوەبوو یان بچووباینە پاڵ بەعس یان ئێران، کە ئەوەش

هەڵوێستێکی خیانەتکاریانە ئەبوو، بۆیە ئێمە ئەو بڕیارە مێژوویەماندا.

بەڵام ئەوان بژارەی نەخوازراویان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێکیان دروستکرد وەك ئێستا بیێ لەیادمە (شەهید مامۆستا شەریف مەولوود( ئەندامێکی پێشکەتووی چالاكو دڵسۆزمان بوو، پەیوەندی ڕاستەخۆ بەمنەوەبوو، قسەو بۆچوونو هەڵوێستی ئەو شەهیدە جوانەمەرگەی کورد جێی تەواوی بڕواومتمانەم بوو، سەرساغ، ڕاستگۆ، بیێ فرتو فێڵ.

لەقەسری سەلامی نزیك چۆمان پێیڕاگەیاندم، وتی: خۆم بیستوومەتەوە بەکردەوە ئاگادارم لەپێنجوێن حەرەکەیەك هەیە، ویستویانە تۆ بکوژن، بەناوی مناقشەوە لەمەعهەدی کادیران لەزینۆی شێخی دوورتخەنەوەو بەچەقۆ سەرتببڕنو بتکوژن تەنانەت: شێرکۆی هەژارو فەرهاد عەبدولقادر بۆ ماوەی هەفتەیەك، بەهەسان چەقۆکەیان تیژکردووەو شێرکۆ وتویە: بەیەك زەربە خپی ئەکەین.!!

هەڵوێستی جوامێرانەی تێکۆشەری دڵسۆزی نەتەوەیی‌و سەرکردەو پێشمەرگەی ئازا، شەهید کاکە فەتاح ئاغای حەمە ئەمین ئاغای زێ ئەو دەنگۆیە ئەبیستێ، هەڵوێستێکی یەکجار جوامێرانەی ئەبێ، من هەرگیزو تاماوەم لەیاد ناکەم، ئەو قارەمانە جگەرسۆزێکی دەگمەن‌و بێ ئەندازەم بوو .

شەهید فەتاح ئاغای حەمە ئەمین ئاغای (زێ(

شایانی ئاماژەیە لەخیلالی 1974/3/11 تاکو 1975/3/20 لەناو شۆڕشدا بەخزمەتی نەگەیشتم‌و مەخابن بە دیداری شاد نەبووم، ئەو شەهیدە قارەمانە، سەرکردەیەکی شۆڕشگێرو فیکری پاك بوو، مرۆڤێکی مەزن‌و بەوەفا بوو، خاوەنی بەهای ئەخلاقی نموونەیی بوو، لامن ئەیفەرموو کە ئیلتیزامی لەگەڵ مرحوم جەنابی مەلا مستەفایا هەیە، ئەیوت: من مولزەمم لەگەڵ جەنابی بارزانیدا، بۆ خۆم خاوەنی

ئەفکاری کاژیکم‌و لەگەڵتانم، بە دڵ پشتگیریشتان ئەکەم‌و خزمەتیشتان ئەکەم... خانەوادە تێکۆشەرو قوربانیدەرو کورد پەروەرەکەیان ئاگادارن ، من لەساڵی 1968ەوە پەیوەندیم بەهاوبیری بلیمەت‌و دڵسۆز شەهید کاکە فەتاحەوە هەبوو، ناو بەناو ئەچووم بۆ گوندەکەیان (گوندی زێ( لە ئەودیو چوارتاوە سەردانیم ئەکرد هەر دوو مانگ جارێك لەچوارتاوە بەپێ ئەرۆیشتم لە گوندی زێ بەیەکئەگەیشتین، ئەو جەماعەتە ئەیانزانی کاکە فەتاح مرۆڤێکی نەتەوەییەو ئەفکار کاژیکیە، ویستبوویان ئیستغلالی بکەن، لەوکاتەی شێرکۆی هەژارو فەرهاد عەبدولقادر، نیازیان تیرۆری من بوو ، هەروەها بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاژیك دەست لەسەرکردایەتی بوەشێنن‌و ئێمەو مانان تیرۆرکەن، پێشمەرگەی دڵسۆزی کورد کاکە فەتاح بانگی کردبوون، پێی وتبوون: (یەك دڵۆپ خوێن لەلوتی کاك عەبدوڵلا بێت یەك بتڵ خوێنتان لێ دەرئەهێنم کاری وامنالانە نەکەن( ئا ئەوە خەسڵەتی مەزن‌و وەفای مرۆڤی نەتەوەییە، ئینجا

دوای ئەوەی ئەمە سەری نەگرت ئەو جەماعە بەیانێکیان دەرکرد، لەبەیانەکەیا بەناوی ئینقلابی دووەمی کاژیکەوە، بەخەیاڵی بلاوی خۆیان (11( هاوبیری سەرکردایەتیان گسك لێداوە، بەتایبەت شێرکۆ ی هەژار زۆر ناهەقانەو بیَ ویژدانانە دەستی لەسەر من داگرتبوو، ئەم عەبدوڵڵایەی تا دوێنیَ چۆن وەك مورید سەیری شێخەی ئەکات، ئەویش ئاواتە تەماشای ئەکردم، کەچی لەو بەیانەدا بەمووی ناوماست ناو زەدەی کردبووم‌و کۆبەپەرست‌و بیَ رەوشت داینابووین، دیارە رەوشت‌و بەهای بەرزو پیرۆز لای کاك شێرکۆی هەژار ئەوەیە: کە باوك و دایکی پێهەڵئەسەنگێنیَ لەکتێبی (هەژارو مرۆڤـ و دەوربەری( لە بەشی یەکەمداو لەدوو بەشەکەیدا، ساڵی (2008زاییینی-2620کوردی( بلاویکردۆتەوە زۆر بیَ ویژدانانە لەو سونبولە نەتەوەیی‌و شاعیرە هەڵکەوتووەو خاوەن فەرهەنگی زمانە (هەژار موکریانی( باوکی ئەدوێت، بۆ ناوزڕاندن‌و سووکایەتی پێکردن: نەك تیرو تەشەر، بەڵکو بوختانی ئەوتۆی بۆ هەڵئەبەستێت، مرۆڤ

قیزی لێئەکاتەوە.. کەچی بۆ بەرژەوەندی خۆی ناز ناوی هەژاری باوکی، بۆ خۆی هەڵبژاردووە.!!

باشە مرۆڤێك.. ئەو هەموو قسە ناشریفو پۆخڵانە بەبابی بڵێت.. ئیدی چاوەڕوانی چی بۆ کەسانێك لێدەکرێت، خۆشینەوێت یاخود ململانێ لەگەڵدا هەبێتو بەمونافیسی خۆی دابنێت!!

ئەمەش ئەو بەیانە ناجوامێرانەیەیە، کە قسەی زۆر زۆر ناهەقیو رەقو ناخۆشی تیایە، ئەڵێ: (گسکمان لێدان، ئەو مووەمان لەناو ماستا دەرهێنا گوایا ئێمە پاراستن بووینو لەناو کاژیکدا لەلایەن بارزانیەوەچاندراوین!! گوایە ئێمە لەگەڵ کاژیکدا راستگۆنەبووین!!.. دیارە ئەو سەر راستە، لەبەر رۆشنایی هەموو شرۆڤەیەکی سیاسیی ئەو بەیانە، ناپاکیەك بوو کرا ،چونکە تا ئەو دەمە سەکردایەتی کاژیك لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرو تۆقێنەرو سیخوریەکانی حکومەتی: (عێراق، ئێران، تورکیا سوریا(ەوە، بەتایبەت حزبی بەعسی رەگەزپەرست ئاشکرا نەبوو، تەنیا بەگۆمان ئەم یاخود ئەویان

بەكاژێك تۆمەتبار ئەكرد، زانیاری ناو ئەو بەیانە، بووە بەڵگەیەك بەدەست دەزگا سیخوریو داپڵۆسێنەرەكانی داگیركەرانی كوردستانو دوژمنانی ئازادیو سەربەخۆی كوردستان، ئەمەش بۆ ئەوەی جەزرەبە بەوانە بگەیێنن رێبازی كوردایەتی پەیرەو ئەكەنو ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستانە.

(لەو ساتە ناخۆش و نەخوازراوەی كاك شێركۆی هەژار و یەك دوانێكی دی لە 25\1\1975دا، بەناوی سەركردایەتی كاژێك بەیانێكی ناوزڕاوی لێواولێو لە بوختان و تۆمەتباران كردن بڵاو كردەوە. بۆچوونی نارەوا و هەڵوێستی ناشارستانیانەیان، بەرانبەر سەركردایەتی كاژێك بەگشتی و بەرانبەر خودی من بە تایبەت نواند. ئیدی لەوساوە تا نووسینی ئەم كتێبە راشكاوانە و بە زمانێكی لۆژیكی مەقبوڵ سەركۆنەی ئەو كەچرفتارییەی كاك شێركۆی هەژارم كردوە.. ئەو لەو ساتەی 19\3\1975گەڕاوەتەوە عیراق تا ئەم نووسینە بەهیچ شێوەیەك نەگەتیڤانە باسی منی نەكردوە، "ئەو" دووجار ویستویەتی

من ببینیٚ: جارێك بە تەنیا و جارێك لەساڵی 1979دا، کاتێك لە سەماوە نەفیکرابووم، لەگەڵ کاك فەرهاد عەبدولحەمید هاتن و من هەردوو دیدارەکەم رەتکردەوە: پێموایە: دوای ئەم نووسینەم هەر رەفتارێکی پێچەوانەی دەرخستنی ئەم راستیانەی هەبێت، ئەوا ئاکامی هەڵچوونی جامی تووڕەیی و گرژیی دەماری کین و ئینتیقامی کوێرانەیە و رەهەندی وەهمی و بنچینەیەکی پوچەڵە و جێی بڕوا و متمانە نییە(.

پێشکەشکار: جگە لە گومانەکانیان، ئازاد مستەفا ئەڵێ کاژیك هەر بە مردوویی لەدایك بوو، ئەڵێ یەك وەسیقە و یەك دیکۆمێنتی لای

خۆی نەبووە، هەرگیز کۆنگرەو کۆنفرانسێکی نەبەستووە، هیچ ئۆرگان و بلاڵوکراوە و نامیلکەیەکی نەبووە، ئایا ئەو رەخنانەی ئازاد مستەفا بیّ هۆکارن؟، ئەلّیّ یەك کادیری سەرکردایەتی کاژیك نەگیراوە و کەسێکیان لە سەر نەتەوەیی بوون و کاژیك بوون زللەیەکیان لیّ نەدراوە؟.

د. عەبدوڵلا ئاگرین: من نازانم و ئاگاشم لیّی نییە شەهیدی جوانەمەرگ کاکە ئازاد مستەفا چۆن و لەکویّ ئەو بۆچوونو بیرو رایانەی دەربڕیوەو بلاّوکردۆتەوە.

ئەگەر (ئەو) بۆ چوونانەشی وتبێت، لەو روانگەیەوەیە (ئەو) لەسەرەتاوە واتە لەساڵی 1961ەوە ئاگای لەدیوی ناوەوەو نهێنیو هەموو چالاکییەکانی رێکخستنەکانی: یەکێتی (قوتابیو لاوان) نەتەوەیی کوردو پارتی گەلی کوردو کاژیك نەبوو. (ئەوەش خەوش نییە وتێزێکی ئاساییە) من بەتەشەر نایڵێم.

کاکە ئازادی شەهیدی جوانەمەرگ بەر لەرێکەوتننامەی (11)ی

ئازاری 1970ی نێوان شۆڕشی کوردستان بەرابەرایەتی بارزانی

مستەفا، لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەڕێگای کاکە عومەری برامەوە

بۆ یەکەمجار پەیوەندی بەمنەوە کردو هاتە پێشێ .

یەکەم نامەی داواکاری ئینتمای بۆ ناو کاژیك لە1971/10/31

ناردو تائێستاش لای من پارێزراوەو لێرەشدا بلاّوی ئەکەمەوە، ئەو

ئاگای لەکۆنگرەکەمان نەبوو کە لە 1972/5/25 دا بەستومانە،

ئەم نووسینە بۆ (رەدەڵو بەدەڵ)و ولاّمدانەوەی رایەکانی شەهیدی

جوانە مەرگ کاکە ئازادو هیچ کەسێکی دی نییە، بەقەدەر ئەوەی:

بەقەدەر ئەوەی ئەمەوێت: هەقیقەت دەربخرێت.. دوای ئەوەی

لە1959/4/14دا کۆنگرەی دامەزراندنی کاژیك بەسترا، کاژیك

درێژەی بەخەباتی داوەو لەکاتی (4,30)ی عەسری رۆژی پێنجشەممە

1972/5/25 یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێداوەو پێشتر لەم نووسینەدا،

بەوردی ئاماژەی پێکراوە.

کاژیك لەرێگای: رێکخراوی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کوردو قوتابیانی نەتەوەیی کوردوە رۆژنامەو ئۆرگانی (چرای کوردستان و رابەر( پارتی گەلی دەرئەکردو دەیان نامیلکەشمان هەبوو لەوانە: (هەقیقەتی کاژیك، نێوان کاژیكو بارزانی.. تاد.)..

سەبارەت بەوەی: یەك کادیری سەرکردایەتی کاژیك نەگیراوەو لەسەر نەتەوەیی بوونو کاژیك بوون، زللەیەکیان لێنەدراوە.. لەگەڵ ڕێزی بێ پایانما بۆ ئەو شەهیدە، سەر بەرزو موقەدەسە، ئەو بڕیارە پەلەو بێ ئاگای باڵی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە.. دەنا ناوەندی بڕیارو دەستەڵاتداری سەرکردایەتی کاژیك هەموو زانیارییەکانی لایە.. بەنموونە: دڵسۆزو سەرکردەیەکی کاژیك پێشمەرگەی لەخۆبوردی شۆڕشی ئەیلول، مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین لەساڵی (1961-1962( لەلایەن رژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە گیراو رەوانەی بەندیخانەی سەرای بەغدا کراو دواتر کەئازادبوو، یەکسەر چۆتە ناو شۆڕشەوە.. هەروەها لەئەنجامی چالاکیو کاری سیاسی کاژیکی

لەساڵی 1962 شەهید سەعید گەوهەرو مامۆستا غەفور ئەمین‌و ئەبوبەکر مەلا مەجیدو چەندینی دیی لەلایەن رژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە، لەسەر خەباتی کاژیکیی کوردایەتی لەبەندیخانە توندکراون.. ئەمە جگە لەوەی لەسەر خەباتی کاژیکێتی چەند هاوبیرمان نەفی‌و دووخراونەتەوە، بەنموونە: کوردی جەسوورو جوامێرو بەتوانا.. کادیری پێشکەوتووی کاژیك کاکە جەلالی دەروێش قادر لەساڵی 1967ەو، بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر خۆی‌و خانەوادە بەرێزەکەی بۆ شاری (حلە( نەفیکران.. هەروەها شاعیری گەورەی کوردو هاوبیر شێرکۆ بێکەس ساڵی 1967 لەبەغدا لەمەنفا ئەژیا.. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر دەست دانەگرم‌و نەڵێم: سەدان، ئەوا دەیان کاژیکی لێبوردوانە لەناو شۆڕشدا پێشمەرگەی دیارو گیان بەختکەربوون.. بۆ ئەوەی گوایە کاژیکیش لەسەر کاژیکیەت زللەیەکی لێنەدراوە ئەوا نەك زللە بەڵکو هاوبیران: مامۆستا حەمە ساڵح فەرەج‌و تێکۆشەری کاژیکیی ون ناو مامۆستا عیزەت رەشید هەردووکیان لەساڵی 1974دا لەلایەن

ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسەوە، لە ناوشاری سلێمانیدا گیرانو دواتر ئیعدامکران. ئا ئەوانە چەند نموونەیەك لە قوربانی نەتەوەو کاژیکن.

پێشکەشکار: جەمال نەبەز لە شەستەکان بانگی کاژیکی لەبەرلین بڵاوکردەوە.

عەبدوڵڵا ئاگرین: بەڵێ بەڵێ، بڵاوکراوەی زۆری بەهادار لەڕێگای کاکەدکتۆر جەمال نەبەزە بڵاوکراوەتەوە، دواتر ئێمەش لەکوردستان بڵاومان ئەکردەوە، کاژیكو بارزانی، کاژیكو شۆڕش، کاژیكو حکومەتی عێراقی، هەروەها کۆمەڵێ بەیاناتی دیکە، سەبارەت بەوەی لەلایەن دەزگا تۆقێنەرو سیخورییەکانی حکومەتە داگیرکەرەکانی: (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا( جەزرەبەی گوشندە لەڕێکخستنەکانی کاژیكو ڕێکخراوەکانی نەدراوە.. بەبۆچوونی هەموو خاوەن ویژدانێك ئەوە ئەبێت بەتەقیدرەوە هەڵسەنگێنرێت، هەقەو ئەبێت ئافەرین لەدیسپلینی ڕێکخستنی کاژیك بکرێ، بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەوەوە ئەکەم من لەساڵی 1969وە تا ساڵی

1974 بەرپرسی ئەو تەنزیمە بووم، نەمهێشتووە رایەڵو جومگەکانی ڕێکخستن، شلو خاوبێتو ئەو دیسپلینە پتەوە وایکرد: هاوبیران لە هەڕەشەی نەیاران بپارێزرێت نەهێڵدرێت، خوێن لەلووتی کەسێك بێ، دوایی نەمهێشتووە تەنزیمەکەمان ئاشکرا بێتو بکەونە ژێر جەزرەبەی دەزگا تۆقێنەرو داپڵۆسێنەرەکانی حکومەتی عیراقیو سەدامو ئیرانیو هەتا...تاد کەخەڵکی بەگومان دەستگیر ئەکرد، محاسبەی شێخ محەمەدی هەرسینیان کردووە وتویانە: تۆ کاژیکی، ئەوەی پرسیاری لێ کردووە ئێستا هەڤاڵی خۆشەویستو بەڕێزمە، کاك شێخ محەمەدیش وەڵامی داوەتەوەو وتویە: باشە تۆ محارەبەی کاژیك ئەکەی ئەمەوێ کاژێکم بۆ شیکەیتەوەو هەڵسەنگێنی. کاکە شێخ محەمەد هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەڵێ: کاکە کاژیك واتا:(کۆمەڵی ئازادیو ژیانەوەی یەکێتی کورد(، ئا ئەوە دروشم و ئامانجی کاژیکە ئیدی بۆ ئەبێ محارەبەی بکرێ، جا ئەو دیسیپلینە رێكو پێکە چنراوە، فەخرە،

چونکە زەربەی زۆرمان بەرنەکەوتوە، بۆ خەڵکی بەخۆڕایی بەگرتن‌و شەهید بوون بدرێت؟ خۆ ئەوە ئازایەتی نییە.!..

هەر بۆ زانیاری‌و هەقیقەت‌و مێژوو.. کاتێك شەهید کاکە ئازاد مستەفا سەرکردایەتی رێکخستنەکانی پاسۆکی لە شاخ ئەکرد، بەپێشمەرگەی دڵسۆزو چاونەترسی پاسۆك کاکە مەلا شواندا نامەکانی بۆ ئەناردم (شایانی ئاماژەیە، ئەم هەقیقەتەش بەدەنگی تۆمارکراوی کاکە مەلا شوان، لامپارێزراوە ئێستا مەلا شوان لە هۆڵەندا نیشتەجێیە).

لەم دیداردا بە دەنگ قسەکانی هاوبیری تێکۆشەر مەلا شوان تۆمار کراوە

19/8/ 2013

لەدوای ساڵی 1980وە کاکە ئازاد مستەفا پێنج نامەی بۆ ناردوم پێش ئەوەی، ئەو نامانەم بۆ بنێرێ پێشانی کاك مەلا شوانیداوەو فەرموویە: بیخوێنەرەوە. پێی وتووە: با ئەو مامۆستایانە بێن، ئەم جەنگڵەستانە، تەنیا بەمن نابڕێ بەرێوە. لەنامەکاندا شەهید ئازاد ئەوەی بۆمن دووپات ئەکردەوە کە بڕوام وایە بەتەوازعوەوە بووە، ئەیفەرموو: (تۆ مامۆستاو من قوتابی، تۆ سەرکردە من کادیر).. نامەکان لەلام پارێزراون..

چۆن ئەو بەیانەی جەماعەت دەریانکرد چنگمکەوت؟ من لەناو چۆمانەوە لەدوکانەکەی کاکە حەمە سدیقەوە بۆ قەسرلسەلام ئەچووم کەبارەگای ئەمانەتی گشتی رۆشنبیرو لاوانبوو. شاعیری جوانەمەرگ جەلالی میرزا کەریمی رەحمەتی هات وتی: کاك عەبدوڵڵا بەیانێکتان لەسەر دەرکراوە ئاگاداری؟ وتم نەخێر، وەلەراستیدا نەمبینی بوو، دوایی هاوبیری بەوەفاو دڵسۆزم کاکە نەورۆزی مەلا عەلی بەیانەکەی بۆ هێنام، زوو زانیم ئەو جەماعەتەیە، بەتایبەت زۆری قسەکانی هی

کاك شێرکۆی هەژاربووە کە پێشتر من لامدرکاندبوو!!، سەیرم کرد، لەبەیانەکە ناوی ئێمەی تیایە کەئەڵێن، ئەوانەمان پاکۆدا مەسەلەن ئەڵێ (ج.نەبەز، أ.هەردی، ك. ژیر، ع.جەوهەر، أ.احسان، ع.ئاگرین، ف.ع) کەهەموو کەس ئەزانێ مەبەست لەکاکە دکتۆر جەمال نەبەزو مامۆستا ئەحمەد هەردیو کاکە کامیل ژیرو مامۆستا عەبدوڵا جەوهەرەو عەبدوڵڵا ئاگرینو مامۆستا فائق عارفە...تاد.. ئەوسا مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر وازی هێنابوو کاکە دکتۆر ئیحسان فوادیش لە 1961ەوە فڕی بەسەر کاژیکەوە نەمابوو، لەوکاتە ئێمە پێشمەرگەبووین، واتە 1974 ئەو بەڕێزو خۆشەویستو مرۆڤە خاوێنە بەرێوەبەری گشتی رۆشنبیری کوردی بوو لەشاری بەغدا، ئینجا دوایی کۆمەڵی قسەی ناخۆشو بوختانی سووتێنەریان کردووە، بەیانە کە بەشێوەیەکی فراوان لەڕێگای قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعیەوە بڵاوئەکرایەوە، کەسی سەرەکی کە رۆڵی لەنووسینی بەیانەکەدا بوو، کاك شێرکۆی هەژار بوو، خەتای هاتنە پێشەوەی کاك

شێرکۆی هەژار بۆ خۆم ئەگێڕمەوە، چونکە کاک شێرکۆی هەژار من هێنامە ناوەوەو گرینگیم پێداوە، لەڕۆژی 1974/1/17 کۆمەڵی سڕیاتم لادرکاندو بەدڵپاکی خۆم‌و ئەو بڕواو متمانە نەتەوەیی‌و کاژیکیەی بەوم دابوو (دیارە بەهەڵە دا چووبوم( چەند ئەمانەتێکی ڕێکخستنم دابوێ ، لەبەیانەکەدا رەنگیان دابووەوەو هاواریان ئەکرد، لەبەیانەکەدا جگە لەو نهێنیانەی لەمنی وەرگرتبوو هەندێ زانیاری نووسیبوو سەرچاوەکەی وەهم‌و خەیاڵ بێ ئاگایی بوو، بەیانەکە بڵاوکرایەوە، ڕۆژێکیان کاك دارا تۆفیق کە لەشۆڕشداو ئەمینداری گشتی رۆشنبیری‌و لاوان بوو و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیشبوو، لەڕێگای کاك مستەفا ساڵح کەریمەوە کەبەرپرسی بەشی کوردی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو بانگی کردم ، بەئامادەیی کاکە مستەفا، وتی: کاك عەبدوڵڵا بەیانێك دەرکراوە نازانی کێن؟ من بەبەڵگەوە باشم ئەزانی ئەو بەیانە لەلایەن کاك شێرکۆی هەژارومامۆستا فەرهاد عەبدولقادر کەسانی دیەوە.. دەرکراوە، وەلێ

ئەخلاقی پەروەردەیی نەتەوەیی‌و کاژیکیم ڕێگای نەئەدام یەك زانیاری یاخود (ناوی ئەوانە ئاشکرابکەم( بەیانەکەیان لەسەر دەرکردوین ئەمە لەکاتێکدا بەیانەکە لیێواو لیێو بوو لە بوختان‌و هێرشی نارەواو تەنانەت ڕێکخستنەکانی کاژیکیان لیێهانئەداین بەگژماندابین‌و تەنانەت هەوڵی تیرۆر کردنیشمان بدەن! لەگەڵ ئەوانەشدا من ئاشکرا کردنی ئەو ناوانەم (تەنانەت لەلای کەسێکی پاك‌و دڵسۆزو سەرکردایەتیەکی پارتی‌و شۆڕش( بەکاری نائەخلاقی سیاسی‌و سیخوڕی‌و ناپاکی دا ئەنا.

پێشکەشکار: مامۆستا عەبدوڵڵا، کێشەی ئەو دەمەی کاژیك لەگەڵ بیری مارکسی‌و شیوعیەکان چی بوو؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: حەرەکەی سیاسی کوردی لە1920ەوە بەرەو ژوورو بەتایبەتی لەدوای ساڵی 1934، لەلایەن ڕۆشنبیرانی

عێراقیوکوردستانی واکەوتبوەوە، ئەوەی پشتگیری بلۆکی سۆشیالیستو یەکێتی سۆڤیەت نەکات یان ئەوەی ئەفکاری مارکسی نەبێ بەتەقەدومیو ئاشتیخوازو میللەتپەروەرو جەماوەر پەروەر دانانرێتو گوایە لەگەڵ مافو ئازادی چینی کرێکارو جوتیاراندا نییەو پشتگیری داگیرکەرانی رۆژئاواو چینی بورجواو سەرمایەدار ئەکات، لەگەڵ ئەوەی لە31ی3ی 1934ەوە حزبی شیوعیی عیراقی دامەزرا، ئەو ئەفکارە بڵاوبووەوەو زۆربەی زۆری رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانی کوردو عەرەب لە ئایدولوژیای چەپو لەبازنەگەی فەلسەفەو بیری مارکس یا خۆیان بینیەوە، کوردیش هەر لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونی خەباتی نەتەوە ژێر دەستو خاك داگیرکراو وچینە چەوساوەکانی: (کرێکارانو جوتیاران( دەریخست، ئەفکاری چەپ ومارکسیەت ئەو ئەفکارە بەتینو کاریگەرە ئەکتیفە نییە لەخزمەتی رزگارکردنو سەربەخۆی نەتەوەی کوردو دروستکردنی دەوڵەتو کیانی سەربەخۆ کوردستاندابیت، وەك ئێستا بێ، باش

لەبیرمە لەساڵی 1958دا ململانێی ئێمە لەگەڵ شیوعیو مارکسیەکاندا ئەوە بوو: ئەیانوت: کورد ئوممە نییە، میللەت نییە، بۆیە بەپێی نەزەریەکەی ستالین نەك مارکس مادام کورد لەو پێنج مەرجەی ستالین بۆ پێناسەو ناسنامەی (ئوممە( دایناوە، تێدانیەو بریتین لە: ( خاك، زمان، مێژوو، دابو نەریت، حکومەت- دەوڵەت( بەو پێیە کورد مەرجی دواییان کە خاوەنی دەوڵەتە تیایدا نییە، بەقسە شیوعیو مارکسیەکان ناکرێت کورد بە(ئوممە(بناسرێت!!. کەچی لێنین ئەم مەرجانەی بۆ ئوممە داناوە: (خاك، زمان، مێژووو نەرێت( بۆ بەدبەختی کورد ، شیوعیەکان تیۆرەکەی ستالینیان بەسەردا ئەچەسپانین‌و ئەیانووت: هەر میللەتێ ئوممە نەبێت، ئەوەمافی ئەوەنییە رێکخراوی پیشەییو جەماوەریی بەناوی خاکەکەیەوە هەبێ وەك: (یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان‌و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و..تاد( بۆیە ئەبێ قوتابیانی کورد

بچنەناو یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراقەوەو یەکێتی لاوانیش بچنە ناویەکێتی گەنجانی عێراقەوەو.. تاد.

پێشکەشکار: ئێوە لە یاداشتێکتاندا داواتان لە شیوعیەکان کرد پێکەوە جۆرێك لە هاوپەیمانی دروستکەن ، بەو مەرجەی کە ئەوان واز لە عێراقچێتی بێنن، بەو مەرجەی لایەنی کوردستانی بگرنەبەرچاو، بەلاّم ئەوان وەلاّمیان نەدانەوە، بۆ؟.

د. عەبدوللاّ ئاگرین: ئێمە لەڕووی فەلسەفیو فیکریەوە، لەبوارەکانی:(عەولەمەو ئاینو نەتەوەو گەردونو ئابووریو زانستیو بنیاتنانی دەولّەتی سەربەخۆی نەتەوەییەوە(.

خیلافی فکریمان لەگەلّ مارکسی و شیوعیەکاندا هەیە، من هەرگیز وەك تیێزی فەلسەفە دژی مارکس نیم، وەکو شەخس ، جۆری ئەفکارەکەیانم رەتکردۆتەوە، قەتیش بەرانبەریان بروام بەعونف بەکار هێنانی هێزو توندوتیژی نەبووە نییەو نابێ، من ئاگاداری ئەوەنیم کە

داوامان لێکردبن واز لەعێراقچێتی خۆیان بێنن، کاژیك ئەو داوایەی لێنەکردون بەڵام هەموو ئەزانین کە شیوعیەکان ئەوەندەی پشتگیری یەکێتی سۆڤیەتیان ئەکردو بەئەمرو بڕیارو ڕێنمایی ئەوان بەرنامەکەیان بەجێئەهێنا، لەسەدایەکی ئەوە پشتگیری ماف‌و ئازادی کوردیان نەکردووە،بەڵام ئێمە ئەوەمان بەلاوە گرنگ نەبوو، منیش پشتگیری مەعەسکەری سۆشیالیستم کردووەو لەدژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەریتانی و فڕەنسی بووم، گرنگ ئەوە بوو ئەوان لەگەڵ ماف‌و ئازادی و سەربەخۆیی کوردی خۆشمانابن، ئەوان وەکو ئەفکار بڕوایان بەوە نەبوو کورد ئوممەیەو مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروستکات، من ساڵی 1959و 1960 لەیەکێتی قوتابیان‌و لاوانی دیموکراتی کوردستاندا بووم، جارێکیان لەگەڵ کاکە جەلالی مام ئەحمەد کە ئێستا لەژیاندایەو تەمەنی درێژ بێت لەبارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەبەرانبەر مزگەوتی گەورەو نزیك ماڵی شێخ قادری برای شێخ مەحمودی حەفید لەسلێمانی،

ئەهاتینە دەرێ (کەسێك( ئەوسا شیوعی بوو، ئێستا کوردێکی نەتەوەیی دڵسۆزەو دۆستێکی خۆشەویستمە، دەستی بۆ گیرفانی شەڕواڵەکەی بردو روویتێکردین‌و وتی: دۆلارتان پێیە؟ قەناعەت بکەن ئەوسا نەمئەزانی دۆلار عوملەیەکی ئەمریکیە، جا ئەوانە وایکرد ئێمە لەگەڵ ئەوانا خیلافەکەمان درێژەی هەبێ، بەڵام هەنووکە هەڵوێستان گۆڕاوە بەئەرێنی ، مامەڵە لەگەڵ پرس‌و دۆزی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەوەش هەڵوێستێکی راست‌و جوان‌و سەردەمانەیەو هەمووان پێمان مەقبوولە، گرنگ پشتگیری کردنی ئازادی‌و مافی کوردە، رووی قسەکانم بۆ بیروڕاو بۆچوون و هەڵوێستی شیوعیەکانی لەسالانی دوای شۆڕشی (14( تەمووزی 1958ە، بەڵام بەڕاستی دوایی دێمە سەری، لە دوای راپەرینی 1991 لە پاسۆکا دەورە ئەرینی سەردەمانە لەگەڵ حزبی شیوعی‌و لایەنە مارکسیەکان هەبوو زۆر بەکراوەیی و هەقیقی واقیعبینیانەوە پردی لێکنزیکردنەوەو بەیەکگەیشتن‌و لێکتێگەیشتم

خولقان! بەتایبەت لەگەڵ تێکۆشەری ماندو نەناسو خۆنەویست،هاورێ: (مەلا حەسەن- کاك فەتاح تۆفیق( ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراقو دواتر کوردستانی.. من لەگەڵ ئەو دڵسۆزەدا جگە لە تاوتوکردنی فەلسەفەی فیکریو ئایدۆلۆژیا نێوانمان وەك: نەتەوەییو مارکسیە لەلایەكو لەلایەکی دی گفتوگۆمان لەسەر جۆری پەیوەندی نێوان تاك و حزبە رکەبەرەکانو چالاکی سیاسیو هەڵوێستی جەماوەر وەك پاسۆك و حزبی شیوعی ئەکرد کرد... بەتایبەت دوای ئەو گۆرانکاریە مەزنانەی لەسەر ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتی لەکایەدابوو. ئیدی بۆ ئەبێت دووکەس یاخود دوو حزبی بیرۆباوەرو ئایدۆلۆژیو ئامانج جیا لەیەکەوە دووربنو خاڵی هاوبەشو بەیەگەیشتن نەدۆزنەوەو لەپێناو بەرژەوەندی باڵای جەماوەردا، تیژی و گرژیو دابڕان، کاڵکەنەوەو بەیەکجاری بنبڕی نەکەن؟.. من هەر لەسەر ئەو رایەم سوورم، باهەریەکەمان ئەوسا من وەك پاسۆكو ئەویشی وەك حزبی شیوعی کارو خەباتی خۆی درێژە

پێبدات، دژایەتی یەکنەکەین‌و جەماورو مێژووش دادوەربێت. ئا لەدوای ئەو بۆ چوونانە پەیوەندیەکی جوان‌و بەتین و سروشتی لەنێوان هەردوو حزبەکەماندا خولقا.

(هەڵوێستی ناسەردەمانەی شێرکۆی هەژار(

لەجێی خۆیدایە ئاورێکی دی لە لەهەڵوێستی کاك شێرکۆی هەژارو کاك فەرهاد عەبدولقادر بدەینەوە کەبەنیازبوون ئێمە بکوژن‌و لەناوبەرن، سەبارەت بەمامۆستایم لەپەیمانگای کادیران من تەنیا لەرێگای دکتۆر جەمال جەلال ئامۆزای کاکە نەورۆزی مەلا عەلی یەوە بوو، کاکە دکتۆر جەمال خەڵکی گەڕەکی سابونکەرانی شاری سێلمانییە پیاوێکی رۆشنبیرەو لەدوای 11ی ئازار بارزانی نەمر لەئەوروپا بەسەفیری کورد داینا، (ئەو( بوو بەبەرپرسی پەیمانگای کادیران، بەمنی وت: داواتلێئەکەم لەپەیمانگای کادیران یارمەتیم بدەی... ئەو متمانەیەش لەوەوە هاتبوو کاتێك ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانبووم، لەدوای 11ئازاری

1970 لەگەڵ خوشکی بەڕێز ناجی خانی خێزانی کۆبوونەوەی سکرتاریەتمان لەبەغدا لەماڵی ئەوان ئەکرد، خێزانەکەی ئەویش ئەندامی سکرتاریەتی مامۆستایانا بوو، ئا لەو دیدارانەدا بڕواو متمانەی برایانەو دڵسۆزانەی پێکردم، من ئاوا لەپەیمانگای کادیران بەمامۆستا دانرام، ئیدی نەسفقە بووە نەهیچ شتێك.

پێشکەشکار: تۆ لە 12ی3ی 1974 وە راستەوخۆ چوویتە دەرەوە و یەکسەر بۆ ناوپردان، حاجی ئۆمەران و ئەوناوە، کە گەیشتیە ئەوێ رۆژی دواتر چوویتە بارەگای راگەیاندن و کرایتە (محرر( نووسەری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، ئەمە چۆن بوو؟.

د. عەبدوللا ئاگرین: لەیادەوەریەکی بچووکاو لە کتێبی (دژە پەیام و داشۆڕینی بەعس( بەتێرو تەسەلی ئەمەم باسکردووە، (من لەگەڵ

مامۆستا مەلا کەمالی محامیدا رۆیشتمە ناو شۆڕشەوە، هەستم ئەکرد (ئەو( پەیوەندی لەگەڵ پاراستنا هەبوو، لەپێش حەفتاو چوار ئەچووم

سەری کاکە محەمەدی عەزیزم ئەدا، مامۆستا مەلا کەمال لەرێگای رەئوفی مەلا ساڵحەوە ئەیزانی من هاتوچۆی ئەو ناوە ئەکەم جارێکیان فەرمووی: ئەو نامەیەش بۆمن بگەیەنە بارەگای بارزانی، منیش لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندیەکم بە هێڵو تۆرەکانی دەزگای پاراستنەوە نەبوو، هەرجارە نامەکەم ئەبرد بۆ بارەگای بارزانی و ئەمدایە دەست قەڵەمی بارەگاو ئەموت: ئەو نامەیە بۆ جەنابی کاك مەسعود هاتووە.

من لەرێگای هاوریێو خزمم کاکە رەوفی مەلا ساڵحی مەلا زوبیری سەر شەقامیەوە ئاشنایەتیو تێکەڵم لەگەڵ مامۆستا مەلا کەمال پەیدا کرد، جارێکیان نامەکەی بەکراوەیی دایە دەستم، وتم مامۆستا ئەمە کراوەتەوە، وتی قەیناکە خۆ تۆش وەك من بۆ کوردو شۆڕشی دڵسۆزی

کراوەتەوە، وتی قەیناکە خۆ تۆش وەك من بۆ کوردو شۆڕشی دڵسۆزی و نامەکەی دەرهێناو وتی: ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی... لەدوایدا لەبری ناوی خۆی (باران)ی نوسیبوو، واتە: ناوە نهێنیەکەی مامۆستا مەلا کەمال (باران( بوو، رۆژی 1974/3/12 لەگەڵ (ئەو(و کوڕە شەهیدە جوانەمەرگەی کاکە هاورێی کوڕی بۆ چۆمان رۆیشتین.

رۆژی پێنجەشەمە 1974/3/14 بۆ ناوپردان چووم، کە بارەگای راگەیاندن لەوێ بوو، کەچووم بۆ ناوپردان کاك جەلالی میرزا کەریمی شاعیر هاتە بەپیرمەوە (ئەو( هەم پێکەوە کوڕی گەڕەکی چوارباغ بووینو هەم لەدنیای ئەدەبو رۆشنبیریو رۆژنامەگەریدا تێکەڵبووین.

دوایی (ئەو( بردمی بۆ لای کاك داراو بەیەکی ناساندین کاك دارا تۆفیقەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا وتی: ئەتوانی بێژەری بکەیت، وتم: بەخوا کاك دارا قەت بێژەریم نەکردووە، وتی: باشە ببەبەموحەریرو لە بەشی کوردیی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق دانرام، بەڵام پاش ئەوەی کەلقی سلێمانی ئەدیبانو هونەرمەندانو رۆشنبیران هاتن، باڵی شپرزەیی راگەیاندنی داپۆشیبوو، کەس بەکەس نەبوو، بێ سەرو بەرەیی بەدۆخەکەوە دیاربوو، من لەوێ زۆر بێزار بووم !!.

پێشکەشکار: مەبەستت چییە لەوەی کە لەگەڵ هاتنی ئەدەیبانو رۆشنبیرانی سلێمانی بێ سەرو بەرەیی دروست بوو، تۆ کۆمەڵێك رۆشنبیری وەك لەتیف هەڵمەت و کاك موحەمەد موکریو ئەدیبانی ترت بینیوە لەوێ، رۆڵی ئەوان لە ئێزگەکەدا چی بوو؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین : بەراستی بەر لە چوونەدەرەوەم من خیلافێکی هونەریم لەگەڵ لقی ئەدەبیانی سلێمانییدا هەبوو، لەرۆژنامەی ژینی کاکەی فەللاحدا وتارم ئەنووسیو رەخنەم لەهەڵسوکەوتو هەڵویستیان ئەگرت، ئەمە وەك هەڵوێستی شەخسی، ساردەیەکی لەنێوانماندا دروستکردبوو،ئیتر من لەگەڵ ئەدبیانی سلێمانی نەچوومە دەرێ، ئەوان روویانکردە تەویڵەو هێزی خەبات کە کوردی پاكو نەتەوەیی دڵسۆز شەهید کاکە فەتاح ئاغا ئامر هێزی خەبات لەوێ بوو.. دواتر ئەوان

لەرێگای ئێرانەوە بۆ ئەمانەی گشتی راگەیاندن لە چۆمان هاتن، من لەگەڵ مامۆستا مەلا کەمال بەرەو چۆمان چووین، هاتنی ئەو لێشاوە ئەمەندەیتر وەزعەکەی شڵەژان، پێش ئێمە کاك محەمەد موکریو کاك کەمال جەمال موختارو کاك لەتیف هەڵمەتو کاك سەلاح شوانو کاك جەلالی میرزا کەریمو کاك عەبدوڵڵا عەباس لەوێ بوون، ئەمانە هەموو لەرۆژنامەی برایی کوردی لەبەغادا کاریان ئەکرد، هەموو ستافەکە هاتن ئیلتیحاقیانکرد، جا کاتێ کاك جەلال میرزا کەریم بردمی بۆ لای کاکە داراو بەموحەریر دایا نام، دوای کەدکتۆر جەمالم بینی و وتی: وەرە بۆ پەیمانگای کادیران.. من زۆرم پێخۆشبوو، چونکە بۆ ئەوکاتە جێو رێگە زۆر گرنگ بوو، من جگە لەراگەیاندن هیچ شوێنو پەنایەکم شك نەئەبرد، تا تێیدا سەقامگیربم.. دواتر ئەوە بوو نزیك پردی ناو بازاری چۆمان ژوورێکی لەگڵ دروستکراوی بچوکم بەکرێ گرت .

ئاواو لەو حالو بارەدا دوای ئەوەی وەك مامۆستا بڕیاری مەکتەبی سیاسیم بۆ دەرچوو کاکە دکتۆر جەمال جەلال تەشریفی هێناو بەدەستی خۆی (ئەمرەکەی( تەسلیمکردم، دواتر چووم بۆ خولی شەشەمی پەیمانگای کادیران لەگوندی زینوێی شێخی کە گەیشتم کاك حەمید سوریی رەحمەتی لەوێ بوو، ئەو (ئیستیعابی( باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، کەسێکی باش بوو، ئیتر لەو خولە من دوو وانەم ئەوتەوە وانەی: (پەرەپێدانی قۆناغی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و حزبە عێراقییەکان( لەو

کادیرو قوتابیانەی خولی شەشەم: کاك کۆسرەت رەسول عەلیو کاك سەعدی ئەحمەد پیرەو کاك حەمەی حەمە باقیو کاك دکتۆر سەلام خۆشناوو شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا رەحمەتی بوو، ئەوانە کۆمەڵی کادیری پێشکەوتووی بەتواناو رۆشنبیری پارتی بوون، کاك حەمید سوری بەرەحمەتبێماڵەکەی لەزینۆی شێخی لەنزیك پەیمانگا کەوە بوو، ئەو زۆریشی خۆشئەویستم، جاری وابوو بۆنان خواردن نیوەرۆ بۆ ماڵەی خۆی بانگیشی ئەکردم، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆتایی خولەکەداو کاتی تاقیکردنەوە، گۆڵمەزیکی لەناحەق بۆ خولقانم، راپۆرتی بۆ پاراستنو بارەگای بارزانی لێنووسیبووم، گوایە من پرسیاری تاقیکردنەوەکانم بە کاك حەمەی حەمە باقی کە ئێستا لەژیاندایەو لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ ئەخوازمو شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا(داوە..!!.. چونکە پرسیارەکان هەموو لای من بوون، ئەو رایە ناراستبوو، دروستکردنی ئەو تۆمەتە، هەڵوێستێکی بێ ویژدانانە بوو بەرانبەرم، خۆ ئەوەتا ئێستا کاك حەمەی حەمەباقی لەژیاندا ماوە، خوا بەو سەرەوە شایەتە دوورو نزیك کەمو زۆر ئاگام لەوە نەبووە، دوای زانیم ئەوە بەرنامەی کاك حەمید بوو لەرێگای کاك شەکیب ئاکرەییەوە کە بەرپرسی پاراستن بوو بەناهەق بەرانبەرم دارێژرابوو!!. پاراستینش ئەیویست لەپەیمانگا نەمێنمو بۆ خولی دواتر واتا خولی حەوتەم نەچمەوە، کاك حەمیدیش ئەیویست خۆی ببێتە بەرپرسی یەکەمی خولی کادیران، دەنا ئەوسا هەموو دەستەڵاتێکی هەبوو، منیش

ئەو پەندە گرنگو بەهادارەی لە مامۆستام کاك فەرەیدون عەلی ئەمینی ڕەحمەتیەوە فێربووم، ئەڵقەیەکەو لەگوێم گرتووە، ئەو هەمیشە ئەیفەرموو: کاك عەبدوڵڵا ئەگەر ویستت بچیتە شوێنێك، زانیت پێویستیان پێت نییە یان پێیان خۆش نییەو دووچاری کێشەو سەریەشەت ئەکەن مەچۆو بەپەلە لێیان دووربکەوە.

منیش زانیم ئەم ماستە بێ موونییەو کێشەم بۆ دروستئەکات، دوای تەواو بوونی خولەکە یەکسەر بۆ سەردانی دایکمو هاوسەرەکەم (شەمسەکەریم غەفور(و ئاگرین بۆ تەوێلە ڕۆیشتم، چونکە ماوەی هەشت مانگ بوو،کەسیانم نەبینیبوو.

پێشکەشکار: تۆ ئەو فەزڵی دانانەت لە پەیمانگەی کادیران ئەگێڕیتەوە بۆ دکتۆر جەمال جەلال، بەڵام هەر خۆت ئاماژەت بەوە کردووە کە لە 20ی 3ی 1975ەوە تائێستا ئەو پیاوەت نەبینیوەتەوە. ئەمە بۆ؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: بەڕاستی دانانی من لەپەیمانگای کادیران فەزڵەکەی بەتەنیا بۆ شەخسی ئەو ئەگەڕێتەوە ، من ئێستاش هەمان بیروراو هەڵوێستی ئەرێنیو ڕێزو خۆشەویستی بێ ئەندازەم بەرانبەر ئەو ڕۆشنبیرە جوامێرە (دکتۆر جەمال جەلال( هەیە.. من کەلە 1975/3/20ەوە نەبینیوەتەوە.. بەئانقەست نەبوو، ئەو دوای ئەو هەرەسە ناخۆشەی شۆڕشی ئەیلول بۆ بەغدا گەڕایەوەو دواتر وەك بیستم بۆ

خوێندنو تەواوکردنی تێزێکی دکتۆراکەی رووەو ئەمەریکا رۆیشتووە بەو جۆرە لەیەك دوورکەوتوینەوەو منیش لە 1975/3/27ەوە بۆ سلێمانی گەڕامەوەو بەسێ بڕیاری یەك لەدوای یەکی ئەنجومەنی بەناوسەرکردایەتی شۆڕشی رژێمی بەعسی عێراقی بۆشاری سەماوە نەفیکرام، ژمارەی کتابەکان: (1190/10و 1283/10و 1360/10 لە 4/30و 5/8 و 1975/5/15(ن رادەستی بەڕێوەبەر ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی مامۆستا (سەلمان( کرابوو کە بەشەخسی و بەپەلە پێمڕاگەیێنێ و (ئینفکاکم( پێبکات و نەفی شاری سەماوە بم.. نوسخەی ئەو دوو ئەمرە لەبەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانیو ئامادەیی پیشەسازی هەیە لێرەشدا بلاوی ئەکەمەوە، و من بەرەو مەنزلگای نەفیم رۆیشتم، پێنج سالٚ بەنەفێتی لەسەماوەی نزیك (نوگرە سەلمان( مامەوە..

بەنوقورچگرتنو تەشەرنایلێم: ئەمە لەکاتێکدا دەیان سەرکردەی پێشمەرگە (ئامر بەتالیۆن(و کادیری سیاسیو راگەیاندنی پێشکەوتووی ناو شۆڕشو پارتی و تەنانەت ئەوانەی بەیانەکەیان لەسەر ئێمەش دەرکرد، لەوانە کاك شێرکۆی هەژارو

کاك فەرهاد عەبدولقادر لە 1975/3/19ەوە هاتبوونەوەو لەناو شاری سلێمانیدا بەئازادی ئەگەڕان.!!

پێشکەشکار: بابێینە سەر رۆڵی دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین وەك نووسەرو موحەریر لە ئێستگەی دەنگی کورردستانی عێراق لەساڵی 1974- 1975؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: دوای ئەوەی لە پەیمانگای کادیران ئەو حاڵەتەی نەخوازراو ناڕاستە هاتە پێشەوە، من روومکردەوە راگەیاندن لە ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق، پێشتریش موچەکەم هەر لەراگەیاندن وەرئەگرت، موچەی مامۆستایم بەر لەئیلتحاقم لەشار (54( دیناری ئەسڵی بوو ئەو موچەیە بۆ ئەوسا موچەیەکی موحتەرەم بوو، بەموچەی (هایلایف(ی ناوئەبرا، لەراگەیاندن 27 دیناریان ئەدامێ، جا ئەچووم ئەم (27( دینارەم لەوێ وەرئەگرت، بۆیە دواتر بۆ ئەوێ گەڕامەوە.

سەرەتا بە نابەدڵیەوە بۆ راگەیاندن چوومەوە وامئەزانی هەر فەوزاکەی جارانە، کەچی بۆ چوونەکەم سەریکردو وا دەرنەچوو، بەڕاستی کاك مستەفا ساڵح کەریمی براو دڵسۆزم، جوامێرانە بەپیرمەوە هاتو وتی: تۆ چۆن و چی ئەڵێیت: من ئامادەم کارت پێبسپێرم.

کاك مستەفا راستەوخۆو سەرەکیی بەرێوەبەری بەشی کوردی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو، پێشتر لەسەر ئەوەی کێ وتارێك لەئێستگە بڵاوکاتەوە، هەڵڵای لەسەر ئەقەوما، کەچی تەماشام کرد دۆخەکە گۆڕاوە، کەفو کوڵی هەڵچووی ئەو (کەس بەکەس نەبوو نییە)، نیشتۆتەوەو رەوشەکە ئارامە.. یەکسەر کاك مستەفا ئامادەکردنی دووبەرنامەی لەئێستگە پێسپاردم، بەرنامەی شەهیدانو بەرنامەیەکی تریشی دامێ بەناوی لێدوانێکی هێمنانەوە، شەوانی پێنچشەممە لەسەر هەینی بەدەنگی خۆم پێشکەشم ئەکرد، هەر ئازیزێك بیەوێو بزانێ چی لەمێشك و ناخی دەروونمدایەو ئەو راستگۆیەم بەپێوەر دابنێ. ئەوا بابەوردی ناورۆکی ئەوبەرنامانە بخوێنینەوە سەرجەمی لەدووتوێی کتێبە چاپکراوەکەمدا بەناوی (دژە پەیامو داشۆرینی بەعس2013/1/1) بڵاوم کردۆتەوە. هەموو ئەو وتارانەی ئێستگەی تیایەو بەڵگەیەکی زیندووەو تەعبیرە بۆ ئەوەی کەمن دووربوومو دوورم لەبیرکردنەوە، لەمەسائیلی عونفو توندو تیژیو کاری خراپ، لەوکاتەی شۆڕشدا (بەزمانی گوڵ) بەرنامەکەم پێشکەش ئەکرد. نۆ بڵێیت: ئەو کۆنفرانسەی مانگی 1975/2 بەسیمنار یاخود کۆبوونەوەیەك دابنرێت.!

خواو ڕاستان ئەو بەرنامانە هەموویم نووسیبووەوە، ئێستا بەدەنگی و تۆمارکراوی لەبارەگای مەکتەبی سیاسیش هەیە، جا لەو ماوەیە کەلە ئێستگە بووم، بەیانەکەی کاك شێرکۆی هەژاریش دەرچوو بوو کاك کامیلم بینی، عەرزمکرد:

مامۆستا کامیل ژیر – عەبدوڵڵا ئاگرین

بادانیشتنێك یاخود کۆبوونەوەیەك بکەین، بزانین ئەمە چییەو بەرەو کوێ ئەچێت؟... عەرزمکرد لەگەڵ ئەوەیام ئەو تاقمە کاری خۆیان بکەن، کۆمەڵێ گەنجن بازانین ئەتوانن شتێ بەشتی بکەن‌و پەیامی پیرۆزی نەتەوەیی بەئاکام بگەێنن! هەرگیز پێمڕاستنیە ڕێگا چالاکی سیاسی‌و ئازادی لەکەس بیگرێت، بەڵام بائێمەش لەحاڵی خۆمان بپێچینەوەو کاروبارو چالاکیەکانی رابردووو ئێستا خۆمان هەڵسەنگێنین. لەسەر پێشنیاری (من(بڕیاردرا، کۆنفرانسێك بەئامادە بوونی سەرکردایەتی کاژێك‌و کادیرە پێشکەوتووەکانمان، ببەستین، ئەو کۆنفرانسە لەمانگی دووی 1975 دا لەماڵی مامۆستای مەزنم کاك ئەحمەد هەردی لەشاری نەغەدە سازکرا.

ئەحمەد هەردی کامیل ژیر شەهید نوری حەمە عەلی عەبدوڵڵا ئاگرین

مژده تاهیر فایەق عارف فەرهاد عەبدولحەمید فەتاح عەبدولرەزاق

محەمەد مەجید ئەسڵان عومەر حەمە شەمەیی نوری کەریم

هاوبیرانی ئامادەبووی کۆنفرانسی (کاژیك( لە مانگی دووی 1975 لە شاری نەغەدە

هاوبیری بەرێزو خۆشەویستم کاك کامیل ژیر بەنەرێتی روویتێکردمو خۆی پرسی تۆ کێ پێشنیاز ئەکەیت؟ . تۆبڵێیت، ئەو کۆنفرانسەی مانگی دووی/1975ی شاری نەغەدە بەسمینار یاخود کۆبوونەوە دابنرێت؟ یا لە راستیدا ئەویش کۆنفرانسێك بوو.

منیش پێشنیازی ئەم دڵسۆزانەم کرد: ( مژدە تایەر، فەرهاد عەبدولحەمید، عومەر حەمەشەمەیی، نوری کەریم، شەهیدی غەدر لێکراو پێشمەرگەی دڵسۆزو پاڵەوانی شەڕەکانی چیای سەرتیزو گەرووی ئۆمەر ئاغا کاکە نوری حەمەعەلی( ئەمە جگە لەئەندامانی قیادە: مامۆستا هەردی و مامۆستا فایەقو مامۆستا محەمەد مەجید و کاکە فەتاح عەبدولرەزاق.. من ئاگادار کاکە فەرهادو کاکە مژدەو کاکە عومەر کردەوە، تا ئەوانی دی ئاگاداری بکەنەوە.

بڕواتان هەبێ من ئەمەم لەیاداشتەکانمدا نووسیوەو تۆمار کردووە، کەچی لەو ماوەیە هاوبیرێکی بەشداربووی کۆنفرانسەکە لێیپرسیم: ئەرێ کاك عەبدوڵڵا تۆ بۆچی بۆ کۆنفرانسەکەی نەغەدە نەهاتیو ئامادەنەبوویت؟.. بۆ ئەو قسەیە زۆر سەیرم پێهاتو لەدڵی خۆمدا وتم: دیارە ئەمجۆرە رووداوە گرنگو ناسکانە لەکاتی خۆیدا تۆمار نەکرین ئەوە لەوەیە بەتێپەڕبوونی تەمەن لەمێشكو بیرەوەریەکاندا

بسڕێتەوە وا لەهەندێك مرۆڤ بكات بەئیلحاحەوە نكۆڵی لەراستیی واقیعی ئەو رووداوانەش بكاتو دەست لەسەر (نسیان الڗاكرە(ی خۆی دابگرێت.

وتم: كاكە ئەی باشە ئەوە كێ بوو پێنیازی كۆنفرانسەكەی نەغەدەی كردووەو تۆشی بۆ بەشداربوون پالاّوت؟. من بەنووسین بەشداربوانو ناوەرۆكی كۆنفرانسەكەم تۆمار كردووە، لە كۆنفرانسەكەدا هاوبیرێك پێشنیازی ئەوەی كرد: كەئیجرائاتی توندو تیژ بەرانبەر بەشێركۆی هەژارو ئەوانە بكرێت بەیانەكەیان دەركردبوو، هەمووان ئاگادارن من دەستم بەرزكردەوە و وتم: من لەگەڵ ئەم پێشنیازەدا نیم، چونكە ئێمە نەمانتوانیوە پەیامەكەی كاژیك بەمەنزلی ئاوات بگەیەنین،ئەگەر ئەو جەماعەتە هەرزەیەواز لەو هەڵوێستو فیكرە جەهەنەمیانو خراپەكاریانەنی خۆیان بهێنن، كە ئەیانەوێت ئەنجامیبدەنو بەگژ ئەوا بچن ئەم یاخود ئەو بكوژن، ئەوا بابەئازادی كارو تێكۆشانی خۆیان بكەنو وەڵلاّ پشتگیریشیان ئەكەین، پاش گفتوگۆیەكی وردو بەسوود كۆنفرانسەكە كۆتایی هات

بڕوام وابوو ئەوتاقمە دروشمیان: بەكارهێنانی هێزی ترسێنەرو كوشتنو برین بوو، بەر لەكۆنفرانسەكە هاوبیری دڵسۆزو ئەندامی بوێری كاژیك ، كاكە فوئاد حەمە ئەمین سەڕاجیان بۆ موحاسەبە بانگكردو هەڕەشەیان لێكردوە بۆ چی دژیانە؟.. گوایە بڕیاری دادگای بەرزی كاكە شێركۆی هەژار ئەوە بوو، مەنجەڵی ئاوی لەكوڵو داغ

بەسەریدا بکەن!!.. خۆی لای باسکردم وتی: خەریکبوو لەپێنجوین بمکوژن، بەشێوەیەك، یەك مەنجەڵ ئاوی گەرمو داغ بەسەرمدا بکەن، دیارە بەر لە 1974/3/11یش کاك شێرکۆی هەژار خاوەنو هەڵگری ئەو نەهجە ئەهریمەنانە بووە، وەهمی تیرۆری هاوبیرانی، عەشقو خولیای هزرو بیرکردنەوە بوو، ئەوەتا کاکە کەمال جەمال موختار لەم ماوەیەدا پەردەی لەسەر ئەو نهێنی و هەڵوێستە قێزەونو ترسناکەی کاك شێرکۆی هەژار هەڵدایەوە کەپیلانی بۆ تیرۆر کردنی کاکە کەمالیش دارِشتوە، ئاخر ئەم تەسروفاتانە هەرگیز لەکەسانو حزبی نەتەوەیی، ناوەشێتەوە، باشە ئەوە چ موفەکیرێکی نەتەوەییە بەرنامەی لەناوبردنی عەقڵە نەتەوەیەکانی دارێژێ؟!من لەکۆنفرانسەکەی نەغەدەدا وتم: ئێمە کارەکانمان بەباشی نەکردووە قەیچیەکا با ئەوان پەیامەکە تەواو بکەن، کۆمەڵێ گەنجن، ئازادن بەڵکو بتوانن لەوکارە موراهیقیە دەربچنو خزمەتەکانی خۆیان بەجوانی و سەردەمانە پێشکەش بەکوردو شۆرِش بکەن، پێشنیازەکە سەریگرتو ئیتر قرارەکە بەو شێوەیە درا : پارێزگاری خۆمان بکەین، ئێمە پەیوەندیمان بەسەریانەوە نەبێت.

پێشکەشکار: باچینەوە سەر ئێستگە دەنگی کوردستانی عێراق لەشەوی بیست لەسەر بیستویەکی سێی (1975( ئیدی ئەمە دواشەوی ئێستگەبوو، دەبا

ماڵئاوایی لەگوێگرەکانی خۆت بکەی، ئەوساتەوەختە بۆ عەبدوڵڵا ئاگرین چۆن بوو؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: بەلای منەوە ئەوساتە، مەرگباران‌و ئاواتکوژە بوو، هەرگیز لەیادو بیرمدا نەکاڵبەبێتەوەو نەئەبڕێتەوەو یەکێکە لەوێستگە هەرە حەساسەکانی ژیانم، هەم سەربەرزییە هەم ناخۆشیشە، لە 1975/3/6 پیلانەکەی نێوان سەدامی خوێنڕێژو و شای ئێران: حەمە رەزا شای بێ عەهدو وەفا کرا، بۆ فەوتانی کوردو دامرکانەوەی ئاگری شۆڕشی کوردستان، شەرم نییەو ئەڵێم: زۆر تەقدیرو رێزم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی لەراگەیاندنا بەگشتی وئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراقدا کاریان ئەکرد، خۆشەویستیم بۆ هەر هەمووشیان هەیەو دڵسۆزبوون بەڵام دوای 1975/3/6 یەکە یەك و دوو دوو هەریەکەیان بەبیانوی سەردانی کەس‌و کاریان و گەڕان بەدوایاندا، بەرەو لایەك رۆیشتن، شوێنی کارەکەیان (ئێستگە( بەجێهێشت لە 1975/3/11 دەنگوباسی ئەوە هەبوو کە سەرۆك مستەفا بارزانی لەلایەن شای ئێرانەوە لەتاران دەستبەسەرکراوە، ئەوە راست نەبوو، دواتر بۆ ناوشۆڕش گەڕایەوە، کەتەشریفی هاتەوە ئێمە لەئێستگە لەچیای مەمی خەلانی پشت- چۆمان و دەبەندی رایات بووین، تەنیا سێ کەس نووسەرو بێژەر مابووینەوە، من‌و کاك رەشید فندی‌و کاکە دارا حەمەعەلی، ئەفسەری پۆلیس ئەو دەنگ‌و باس‌و هەواڵی شۆڕشی بەزمانی عەرەبی پێشکەش ئەکرد،

لەئەندازیارەکانیشدا کاك ئەمجەد عەبدولواحید کەکوڕێکی زۆر دڵسۆز و خۆگر بوو، هەروەها ئەندازیاری لاو و بەتوانا و دڵسۆز کاك مەریوان ئەمە جگە لەپێشمەرگەی دڵسۆز و بەزات کاکە ئەحمەد دەشتی تۆماری دەنگی ئەکرد، ئائەمانە مابووینەوە، لە 12ی مانگەوە بۆ 17ی مانگ من خۆم وتارم ئەنووسی و ئەمخوێندەوە ئەوانی دیش هەروەها، چونکە بێژەرەکانیش هەریەکەی بەحاڵەتێك ڕۆیشتبوون، من وتارێکی توند و حەماسەتدارم دژی فرت و فێڵ و ناپاکی و خوێنڕشتنی سەدام نووسی، دوایی نەما نەمزانی چی لێبەسەرهات.!

بۆ بەیانی چووم بۆ مەکتەبی سیاسی کە لەخۆشکان بوو وتیان: ئەمشەو ئەوە چیبوو بڵاوتانکردەوە؟ وەڵڵا خۆ ئێوە عەزمی ئێمەشتان بەرزکردەوە لە 17-1975/3/20 ئێمە لەئێستگە لەبارێکی دەروونی ئاڵۆز و ناخۆش و نادیاردا بووین، نەمانئەتوانی وتاریش بنووسین، وتارە کۆنەکانمان بڵاو ئەکردەوە کەس خۆی لەئێمە بەرپرسیار نەئەزانی، تەنانەت، نەبارەگای بارزانیو نەمەکتەبی سیاسی نەئەهاتن بەلاماندا، هەتا برادەرێکی ئەدیب و خۆشەویستم هات وتی: (تۆ لێرە چیئەکەی؟ ماڵکاول خەڵك هەمووی ڕۆیشت، خۆ خۆت نەدۆزیوەتەوە، هەروەها وتی: بڕوات هەبێ دوور نییە هەلیکۆپتەر بێتە سەرتان و چەتاڵتانکەن!!( وتم: بەخوا تازە من بڕیاری خۆم داوە و لێرە ئەمێنمەوە، تا دەمەو نیوەڕۆ کاتی (12(ی ڕۆژی پێنجشەممەی 1975/3/20 لەوکاتەدا من، لەسەر گردۆڵکەیەکی

نزيك ئەو جۆگە ئاوە دانیشتبووم کەسێ هەفتە بەر لەو کاتە، فڕۆکەی سیخۆی رووسیی، رژێمەکەی بەعس (کۆنە فڕۆکەیەکی( خەڵکی خەڵان کە خۆیان تیا حەشاردابوو، ساروخێکی بێ ویژدان دایتەپان و مەرگ و خوێنی خێزانێکی بێ گوناهو (جەستەی چوار منالّ و دایك و باوکەکەیانی( خەڵتانی خوێن و گلّ کرد و بەجۆگەکەدا رووە و چەمەکە رۆیشتن !! من لەدەریای خەمی ئەو رووداوە دلّتەزێنەدا ئەژیام بەجێبێکی کولّی ئەمەریکی بەرەو رومهات! کەلەبەردەم گردوکەکەدا وەستا، سەیرمکرد کاك دکتۆر کەمال مەزهەر کە ئێستا لەژیاندا ماوەو تەمەن درێژ بێ لەگەڵ شەهید کاك دارا تۆفیق هاتنە خوارەوە و سەلامیانکرد و هاتنە سەر گردۆڵکەکەو پاش سلاو، وتیان: ئەوە چی ئەکەی؟ ئەڕۆیتەوە بۆ سلێمانی یان ئەچیتە ئێران؟ چونکە هەندێ خەڵك ئەگەڕانەوە، وتم: بەڕاستی قەرارم داوە ئەم جەولەیە لەگەڵ شۆڕشدا بمێنمەوە، وتیان: مادام بڕیارت وایە، ئەگەر ئەمڕۆ بۆ پەنەڵەکانی ئێستگە نەیەن ئەوا، ئێستگەیەکی موەقەت رێکئەخەین بۆ ئەوێت ئەبەین، لەمەیا بووین ئۆتۆمبێلە ریۆیەکانی ئێران بەرەو ئێستگە هاتن، چاوساغیشیان لەگەلاّ بوو، وتم کاك دارا چی بکەین، وتی: دە قسەیان لەگەلاّ بکە و بلّێ: سەعات (-ر1( ئێستگەکە ئەکەینەوە و تۆش ئەمە بلاّوبکەرەوە: (لەبەر هەندێ خەلەلی فەننی ئێستگەکەمان لەکار ئەوەستێ(، وەلّلاّ ئەوان نەرۆیشت بوون منیش کلاشنکۆفێکم پێ بوو وتم: کاك دارا ها ئەم چەکەم

لێوەربگرە، کاکە دکتۆر کەمال مەزهەر وەڵامی دامەوەو وتی: نا خەڵکی تر هەیە دێن بەوانی بدە... مەبەستی ئەوەبوو هەندێك لایەنی سیاسی و کەسانی دی هەبوو نیازی بەرگریان هەبوو، چەکیان کۆئەکردەوە لەناویاندا (قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی( بوو. وتم: ئەمە چەکی شۆڕشە و تەسلیمی شۆڕشی ئەکەمەوە، نایدەمە دەست کەسێك دوایی دژی خۆم بەکاری بهێنێت و پەشیمان ببمەوە! دوایی برای دڵسۆز و مێژووناسی بەناوبانگ کاکە دکتۆر کەمال مەزهەر فەرمووی: دەبێنە، با لەناو جێبەکەدا بێت.. من خۆم چووم و چەکەکەم لەناو جێبەکە دانا تا لەوکاتەدا مام عەلی ئازەری هەبوو، پیاوێکی قسەخۆش بوو، دڵسۆزی ماڵی مەلا مستەفا بوو، ئامادەبوو، ئەو تفەنگێکی سەرتۆپی کورتی پێبوو، پاش پرسکردن سەرتۆپەکەی دانا و کلاشنکۆفەکەی برد، کاکە دکتۆر کەمال و کاکە داراش رۆیشتن، منیش چوومە لای ئەندازیارە ئێرانیەکان جا ئەوسا فارسیم نەئەزانی، بەهەر جۆرێکبوو تێم گەیاندن بەرنامەی ئەمشەوی ئێستگە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەیە، بەشکو ئەمشەو رێگای بڵاوکردنەوەمان بدرێتێ! وتیان باشە، جا ئەو شەوە من و کاکە دارا محەمەد عەلی و کاك رەشید فندی مابوینەوە، ئێستگەکەمان بەرێوە ئەبرد، دوا قسە من کرد، ئەوە بۆمن زۆر ناخۆش‌و جەرگبڕ بوو، تا ئێستاش ژانەکەی لەخوێنما قوڵپئەدا، بەڵام ناچارم بۆ مێژوو، ئەو هەقیقەتە ژەهراویە ئاشکراو تۆمار بکەم، من لەنێوان بڕگەکانی بەرنامەی

ئەوشەوەدا تا دواسات شیعرەکانی: کامەرانی موکریو هەژارو هێمنو دڵدارم ئەخوێندنەوە، چونکە هیوای گەشی خەڵك ئێستگەکەبوو، تا ئێستگەکە مابوو جەماوەر هیوایان بە شۆڕش بوو، لە کۆتایی بەرنامەکەدا ئەو راسپاردەیەم بڵاوکردەوە کەکاك دارا تۆفیقی ئاغا فەتحوڵڵای ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیرولاوان رایسپارد بووم.. وتم: (گوێگرانی ئازیزو خۆشەویست: لەبەر هەندێ هۆو خەلەلی فەننی ئێستگەکەمان (ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق( لەکار ئەوەستێ تا بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر بەخواتان ئەسپێرین( هەمان گوزارشت کاك رشید فندی بەکرمانجی ژوور دووپاتیکردەوە هەروەها کاك داراش بەزمانی عەرەبی ئەوهەواڵە گورچکبڕەی بڵاوکردەوە.. ئێستگەی دەنگی شۆڕش کوردستانی عێراق.ئێستگەی کوردو شۆڕشو پێشمەرگەی دەنگی کپکراو فرزەبراوبوو!! بۆ رۆژی هەینی 1975/3/21 چووینە دەرەوە، خەڵك ئەیانوت: وتوویانە ئێستگەکەمان لەکارئەوەستێ تا شۆڕشێکی تر بەخواتان ئەسپێرین، ئەوە ئیفترابوو، بە مێژوو کرا.

پێشکەشکار: لە 11ی 9ی 1975 پاسۆك دروست بوو، ئەڵێن کاتێك چارەنووسی پاسۆك ئەکەوێتە دەست عەبدوڵڵا ئاگرین ئیتر بۆخۆی دەست بەسەر هەموو شتێکدا ئەگرێ و لەهیچ بڕیارێك ناگەڕێتەوە بۆ کادیرەکانی پاسۆك، خۆی بڕیاری موتڵەق

ئەدات، ئەم قسانە تا چەند راستن؟.

د. عەبدوللا ئاگرین: یەکەم جارە ئەم قسەیە ئەبیستم، بەر لەوەی ئەو وەلامە بدەمەوە، پێمڕاستە لایەنێکی دی گەشی هاوبیرانی کاژیك روونکەمەوە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەمانگی حوزەیرانی 1975دا من لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ سەماوە نەفیکرا بووم، مۆڵەتی هاتنەوە بۆ سلێمانی قەدەغە کرابوو، منیش، وەك حاڵەتێکی دەروونی و هەڵوێستێکی سیاسیو تەحەددای بڕیارەکەی بەعس هەموو هەفتەك لەسەماوەوە بۆ سلێمانی ئەهاتمەوە، هاوبیرە دڵسۆزو پەروەردە فەرهاد عەبدولحەمید .. جارێکیان رەسەنەکانی کاژیك پێیان لێنەئەبڕیم.. لەوانە: کاکە مژدە تایەر ، کاکە عومەر حەمە شەمەیی، کاکە فەرهاد عەبدولحەمید، کاکە نوری کەریم، کاکە فەرهاد عەبدولحەمید لە1975/8/5دا هات وتی: داوا ئەکەم بۆکارێکی گرنگ بائێمە چەند هاوبیرێك کۆبوونەوەیەك بکەین وتم: باشە.. ماڵی خۆمانمان لەگەرەکی عەقاری سلێمانیدا نا.. ئەوسا لەماڵی باوکمدا بووم.. رۆژی هەینی دواتر کۆبووینەوەو ئەم هاوبیرانە ئامادەبوون (کاك فەرهاد، شەهید کاك نوری حەمە عەلی، کاك موژدە، کاك عومەری حەمەشەمەیی(، کاك فەرهاد وتی: ئەمڕۆ فرسەتێکی لەبار هاتۆتەپێش بانەکەوێتە دەست (کۆمەڵەی مارکسو لینینی(ی یاخود لایەنێکی دی، ئێمەی

نەتەوەیی (کاژیك( دەستپێشخەری بکەین‌و ئەرکی نەتەوەیمان بەجێبهێنین‌و بۆ بەرگری‌و شۆڕش بچینە شاخ، پاش تاوتوێکردنێکی نەترسانە، منیش وەك کەسێکی دڵشکاوو نیگەران لەهەڵوێستی ئەو هاوبیرانەی ناڕاستیان لەگەڵدا کردم، بەتایبەت کاك شێرکۆ هەژار وتم: من نایەمە دەرێ بەڵام پشتگیریتان ئەکەم کاکە فەرهاد عەبدولحەمید، شوکر لەژیاندا ماوەو ئێستا لەسلێمانیە فەرمووی: ئەگەر تۆ نەیەی کارەکە سەرناگرێ ..!!

ئا ئەمە رووداوێکی یەکجار گرنگی مێژوویيە لەهەڵوێستی هاوبیرانی کاژیکدا، ئەگەرچی سەری نەگرت‌و لەوەدا من بەرپرس‌و سەبەبکارو تۆمەتباری یەکەم‌و سەرەکیم بەڵام، من لەدوای ئەوەی کەپاسۆك دروست بوو، رۆژێکیان لەبەردەم دوکانەکەی کاك نەجمەدینی بەرگدروو لەشەقامی مەولەوی سلێمانی: شەهیدی جوانەمەرگ کاکە جەلالی حاجی حسێن بانگی کردم‌و قسەی لەگەڵ کردم‌و وتی: کاکـــــە عەبدوڵڵا ئەمەوێ

شەهید نوری حەمە عەلی عەبدوڵڵا ئاگرین مژدە تاهیر

فەرهاد عەبدولحەمید عومەر حەمەشەمەیی

کۆبوونەوەی 1975/8/5 لە ماڵی عەبدوڵڵا ئاگرین لە سلێمانی بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

هەندێك قسە بكەین، ئەگەر لێرە نەبێ ئەوا خۆم دێم بۆ سەماوەو هەر ئەتهێنمەوە، پێكەوە بۆ شاخ ئەڕۆین، هەروەها وتی: جارێ من ئێستا مقاوەلەیەكی محەتەی كارەبام لەخورماتوو هەیە هەر دەستم لێبوەوە دێم بۆ لات.. ئیدی ئەو رۆیشتە دەرەو منیش پەیوەندیم لەگەڵ كاك مژدە تایەر دابوو، من لەو فەترەیە تاكو راپەڕین زۆرێك، بەیاناتەكانم ئەنووسی لەگەڵ نووسراوی ترا ئەمدایە دەست كاك مژدە، ئەویش بۆ سەركردایەتی پاسۆكی ئەنارد بەتایبەت لەكاتی شەهیدی جوانەمەرگ كاك ئازاد مستەفادا ئەو بڵاوی ئەكردەوە، رۆژێك كۆمەڵێ نامەم

دابووە دەست کاکە مژدە کەچی کاکە مژدە تایەر لەلایەن ئەفسەری ئیستخباراتی عێراقی عەقید تەهاوە گیرا، من تا فەترەیەك لەسلێمانی خۆم شاردەوە وتم: رەنگە چووبن لەماڵی کاك مژدە دەستیان بەسەر شتەکانی منیشدا گرتبێ بەڵام بەخت یاربوو، پێش ئەوەی نامەو بەیانە نووسراوەکانی بۆ دەرەوەی رەوانە کردبوو، کاك مژدە قارەمانێکی خۆڕاگرە و لەو گرتنەیدا بەرخودانێکی سەربەرزانەی نواندو دواتر کەهیچ بەڵگەیەکی بەسەردا نەچەسپا، پاش ئەوەی ئەشکەنجەیەکی زۆر ئەدرێ و قۆڵێکی ئەشکێنن.. ئازاد ئەکرێت و بەیەك شاد و شکور بوینەوە.. بەڵام سەبارەت بەوەی من دەستم بەسەر هەموو رێکخستنێکی پاسۆکدا گرتبێت‌و خۆم خاوەنی بڕیاری بڕای ببڕ (مگلق(، بووم ئەوە هیچ بنەماو بنچینەیەکی راستی نییە و پشت بەخوا لەنووسینەوەی مێژووی تەواوی پاسۆکدا ئاماژەی پێئەکەم و ئێوەش هەرشادبن.

پێشکەشکار: زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونت پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین.

ئەمەش چەپکێك دیکۆمێنتی نهێنی رێکخستنەکانی : یەکێتیی لاوانی نەتەوەیی کورد و یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد و پارتی گەلی کوردە کە بەر لەیەکگرتنی لەگەڵ کاژیك دا لە ساڵی 1964دا وەك چالاکیەکی پیرۆز نواندویەتی، هەروەها لە دوای یەکگرتنەکەشەوە دیکۆمێنت و ئەدەبیاتی کاژیك کە سەرجەم هەموو چالاکیەکان ئەگرێتەوە بۆ مێژوو و بۆ شایەتی راستی و حەقیقەت لێرەدا پێشکەش ئەکەین، شایانی ئاماژەیە ئەمە تەنیا مشتێکە لە خەروارێك و خودا یار بێ لە ئایندەدا ئەوەی لامە بە ئەمانەتەوە مۆر (ختم( و ئەو نامانەی هاوبیران داوای هاتنە ناو ریزی تێکۆشانی کاژیکیان کردووە لەگەڵ ناوی ئاشکراوو نازناوی حەرەکیو نامەکانی لیژنەی پەیوەندی و نەخشەی رێکخستنی نهێنیشەوە بڵاو ئەکەمەوە.

هەندێك ئەدەبیاتی سیاسی كاژیك

(پرۆگرامی كودەتایی: فیكریو پراكتیكیی كاژیك)

بۆ منی نەتەوەیی تاجی شكۆ و شانازییە هاوبەشی لە پێكهێنانی ئەم ڕۆژە مقەدەسەی میللەتی كورد لەباشووری كوردستان كردووە بە بەشداری كردن لەبڕیارێكی مێژوویی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی شارستانیدا بۆ پێكهێنانی

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان تیا لەدایك بوو.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین

له راستەوه : (فایەق) سلێمانی موعینی ، ئەحمەد تۆفیق ، عەقید کافی ، سەرۆکی نەتەوەیی کورد بارزانی مستەفا، ئەحمەدی قادری / 1963

ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان رۆژهەلاتی کوردستان لەگەلّ کاك فایەقی موعینی کە لە ئەسلا سلێمانی موعین ییە، من لەسالّی 1961ەوە لەگەلّ کاك فایەق لەڕێگای مالّی خزمێکم خاتوو حەپسەخان خێزانی پێشمەرگەی شەهید کاك عارف قەرەچەتانی پەیوەندیەکی گەرمو گوڕم لەگەلّیان هەبوو، بەتایبەت لەو کاتەی بلاّوکراوەی: (دیسان بارزانی) دەرئەکرد.. ئێمە کۆمەلّێ قوتابی بووین بلاّومان ئەکردەوە، کە چووم بۆ لایان و باسی نامەکەم کرد، بەلاّم نەموت هی کاژیکە، وتیان: جا چۆن ئەتوانی وا زوو بچیت و نامەکە بگەیەنیت و بگەڕێیتەوە؟.. کاك ئەحمەد تۆفیق وتی: ئەمە کارێکی زەحمەتە.

هەروەها کاك فایەقی موعینی هەمان هەڵوێستی کاك ئەحمەدی هەبوو، من بەپێی ئەو پەیوەندیە بەهێزو دێرینەی نێوانمانو ئەو خزمەتەی کردبوو من، بەتایبەت لەرۆژێکی رەشو ترسناکی ساڵی 1962 کەبەچەکەوە لەگەڕەکی جولەکانەوە،بۆ ماڵی رەسول تەگەرانی ئەچوون، لەوکاتەدا لەگەڕەکی چوارباغ تەقە لە سیخورێکی عەرەب ئەکرێتو شار ئەشڵەژێ. گەر دایکم (شەمسە حەمە ساڵح فەتحوڵلا) نەبوایە کە دەرگای ماڵەکەمانی بۆ کردنەوەو ئەو شەوە هەر هەموویان : (کاك فائقو هاوڕێیەکانی)،بەچەکەوە لەوێ بوون و گەر بەردەست عەسکەرە دڕندەکانی لیوای (19)ی زەعیم سدیق بکەوتنابە هەر لەوێدا گوڵەبارانیان ئەکرد ماڵەکەشیان کاولئەکرد... بەوشێوە دایکم لەروانگەی هەستی کوردایەتیو ئەو پەیوەندیو دۆستایەتی نێوان من ئەوان گیانیانی لەمەرگ رزگار کرد بۆیە وەك وەفای شەخسیشبوایە چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستەم لێنەئەکردن.!! بەڵام کاك ئەحمەد تۆفیق ئەوەندەی وت: بارزانی عەسران لە قوتابخانەکەی سەنگەسەر دائەنیشێ و شەوانیش تا بەرەبەیان خەڵك ئەبینێ، وتم: بابزانم چۆن ئەبێت، وام دانابوو کە کاك ئەحمەد تۆفیق بڵێ: من بۆلای بارزانیت ئەبەم بەڵام باسی نەکرد و نەیبردم، ئیتر لای عەسر چوومە بەردەرگای مەکتەبەکە و وتم: شتێکی وا هەیە، وتیان: ئەوە تۆ چی ئەڵێت: ئا.. ئەوەتا حاجی عەزیزی قامیش دۆستی هەرە نزیکی بارزانیەو دوو هەفتەیە لێرەیە ، جەنابی بارزانی خۆیشی بەدوایدا ناردوویە، ئەوجا هێشتان

نەیدیوە، من گوێم بەو قسانە نەدا، بەینی دەرگاکەی دەرەوەو ئەو شوێنەی جەنابی بارزانی لێی دائەنیشت کە دووسێ ژوور بوو، نزیکەی پەنجا شەست مەترێك دوور بوو، لەوێ چاوەڕێم ئەکرد، دەمەو عەسر وەختێك بینیم جەنابی بارزانی لەژوورێکەوە هاتە دەرەوەو چووە ژوورێکی تر، منیش بەپەلەبووم بۆ سلێمانی بگەڕێمەوە، لەم کەین و بەینەدا بووم کە جەنابی کاك مەسعود ئەوسا لەتەمەنی من نزیك بوو لە ڕاڕەوەکە ئەهات و ئەچوو، وتم: ئەچم نامەکە ئەدەمە دەست ئەو کە بیداتە دەست جەنابی بارزانی، ئەمە ڕێك نەکەوت، دوایی حەرەسێکیان هەبوو چاوێکی نەبوو، پێم وابێ ناوی رەشید بوو کە لەوێ چایچیش بووە، بەراکردن چووم نامەکەم دایە دەست ئەو حەرەسەو دواتر بانگیان کردم بۆ کوێ.. بۆ کوێ.. بەڵام من نامەکەم گەیاندبووە دەستی، ئەم بەخزمەتگەیشتنەی من بۆ لای جەنابی بارزانی لە 1964/5/15 دابوو، پاش کەمێك بانگیانکردمو وتیان: ئەو کوڕەی نامەکەی سلێمانی هێناوە بابێت، کەچووم بینیم جەنابی بارزانی و دووپیاوی دی کە نەمئەناسین لەگەڵ عەقید تەها بامەڕنی کە لە کودەتای 14ی رەمەزانی 1963ی بەعسیەکاندا لەبەر ئەوەی سەر بەرێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوو راونرابوو لەخزمەت جەنابی بارزانیدا دانیشتبوون، ئیتر جەنابی بارزانی دووسێ پرسیاری لێکردم، فەرمووی: ئەم نامەیە هی کێیە و چۆنە و ... ؟، منیش هەر

وتم: نازانم، دوای رووی لە تەها بامەڕنی کردو فەرمووی: وەڵامی نامەکەی بدەرەوە، کاك عەقید تەها بامەڕنی

بە خەتێکی جوانو خۆش وەڵامی نامەکەی دایەوە و منیش هەر ئەو ئێوارەیەی 1964/5/15 گەیشتمەوە سلێمانی، بەپەلە نامەکەم گەیاندە ئەو هاوبیرەی چاوەڕوانی وەڵامەکەی ئەکرد، (ئەو) ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو تەنیا کە لە ماوەی (24) سەعاتەدا ئەم ئەرکە بەجێبهێنرێت.

ئیتر ئەو تەزیمە بەردەوام بوو، تا من لە 1964/7/14 بەهۆی خوێندنەوە چووم بۆ بەغدا، هەر بۆیەش لە کاری تەنزیمیشا وەك ئەندام (لق) بۆ بەغدا گوێزرامەوە، چووم بینیم کاك کامل ژیر بەرپرسە، کە هەر خۆی بەتەنیا بوو، تەنیا چەند

کەسێکی نەتەوەیی هاتوو چۆیان ئەکرد، وتم: ئەی تەنزیم؟!، فەرمووی: وەڵڵا جارێ نیمانە هەر ئەمە هەیە، تەبعەن من ئەمزانی بارەکە چۆنە، چونکە ئەو لەگەڵ جەنابی کاك دکتۆر جەمال نەبەزدابوو،ساڵی 1961 لەگەڵ کاکە دکتۆر جەمال نەبەز پێکەوە چوون بۆ ئەوروپا، دکتۆر ئیحسان هەر زوو لەساڵی 1961وەو لەو کاتەی چوو بۆ روسیا وازیهێنابوو، کاك عەبدوڵڵا جەوهەریش هەر وازی هێنا.

دوای ئەوەی کاك کامیل لەئەوروپا گەڕایەوە ئیدی ساڵی 1964 سەرکردایەتی کاژیك بریتبوون لە: کاك هەردی و کاك فەرەیدون و کاك کامل ژیر و کاك فائق عارف، من لەلقی بەغدا عەرزی کاك کامیلم کرد با حەرەکەیەك بکەین ئەو زۆر بەشەوق‌و حەماسەتەوەپشتگیری کردو وتی: زۆر باشە ئیتر من کۆمەڵێ خەڵکم لەناو قوتابیانا کۆکردەوە، وەك کاك شێرکۆی هەژارو کاك کەریمی وەستا عومەرو کاك کەریم مەجید لەکۆلێژی ئاداب بەشی کوردی و کاك عومەری حەمە(سلێمانی)و کاك عەبدولواحید حەمەبۆر کەلەرێکخستنی سلێمانیەوە پێیان ناساندم قوتابییەکی خەڵکی کەرکوك بەناوی نەسرەدین ئەحمەدەوە هەروەها کاك دلاوەری کاکە زیاد (کۆیە)و کاك زاهیر حەمەد خەڵکی کۆیەو لەکۆلێژی کشتوکاڵی ئەبو غریب بوو..

هەر من پەیوەندیم پێوەکردن و هاتنە ریزەوە، دواتر بەهەمان شێوە کاك هیوا نزامەدین (سلێمانی) کە قوتابی پەیمانگای باڵای تەکنەلۆژیابوو ئیتر چەند پەل و پۆیەکمان هاوێشت لەناو ئەو قوتابیانەی لەکەرکوك و سلێمانییەوە هاتبوون، ئەمە تاکو 1968، لەو ساڵەدا کاك کامیل خێزانی پێکهێنا و هاتەوە بۆ سلێمانی، منیش خوێندنم تەواوکرد .. بە مامۆستا لە مەعهەدی صەناعەی عالی دانرابووم، هەر ئەو ساڵە راژەی خزمەتگوزاری بۆ ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی گواستەوە، کە هاتمەوە سلێمانی سەیرمکرد رێکخستنەکانی کاژیك زۆر پەرت بوون، هەروەها کەمتەرخەمیم تێدا بەدی کردن، ئەو رێکخستنە پتەوەی جاران شیرازەی تێکچووە.

ئەو کاتە کاك شێرکۆ بێکەس مەسئول لقی سلێمانی کاژیك بوو، لقی سلێمانی کاژیك هەر لە هەمان هاوبیرەکانی پێشوو پێکهاتبوو: (کاك شێرکۆ بێکەس بەرپرس، مامۆستا محەمەد مەجید ئەسلانو مامۆستا حەمە عەلی فەرەجو کاك فەتاح عەبدولرەزاقو من).

من هێشتا هەر پەیوەندیم بەکاك کامیلەوە نەپچڕابوو وتم: کاك کامیل با حەرەکەیەکی نوێ بکەینو گوڕو تەوژمێکی شیاو بەرێکخستنەکانی کاژیك بدەینەوە.. کاك کامیل زۆر بوێرانەو جوامێرانە بەشەوقو پەرۆشەوە پێشوازی لەپێشنیازەکەمکرد، دواتر هەر بەهەمان رێچکەی بەرنامەکەمان، ئەوەبوو

حەرەکەیەکمان کرد و پەیوەندیمان کردەوە بەوانەی کە وازیان هێنابوو یان عاجزببوون یان تازە ئەیانەویست بێنە پێش و ئیهمالکرابوون، پاش ماوەیەك نازانم چۆن بوو بەس ئەوەندە هەبوو کە کاك شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی حاڵەتێکی نا ئاسایی کەوتبووە نێوانیان، سلێمانی کاژێك ئیتر لە ساڵی 1969دا ئەویان لاداو منیان کردە مەسئولی لقی سلێمانی کاژێك. ئەو حاڵەتە بۆ من شتێکی زۆر قورسو ناخۆشبوو، ئەو کە پێشتر بەرپرسم بوو، ئێستا لەهەمان شانەدا من ببم بە بەرپرسی..

پێشکەشکار: بۆچی دوریانخستەوە؟!!.

د.عەبدوڵلا ئاگرین: نازانم لەو نهێنییە نەگەیشتم، تەسەور ئەکەم هۆکارێکی شەخسی لەپشتەوە بووبێت.. کاك شێرکۆ کوردێکی دڵسۆزە دەم و دەست و داوێن پاکە تاکو رێککەوتننامەی 11ی ئازاریش هەر لەرێکخستنی کاژێکدا مابوو، پاش ئەوەی من بووم بەبەرپرسی لق، دوای ماوەیەك لەساڵی 1970 و دوای رێکەوتنانەی ئازار کاك شێرکۆ بێکەسم لەبەردەم یانەی فەرمانبەرانی سلێمانیدا بینی، بانگی کردن، پاش سلاوو چاكو چۆنی وتی: کاك عەبدوڵلاو نامەیەکی دایە دەستم و فەرمووی: کاك عەبدوڵلا ئەمە نامەی خۆکشانەوەی ئارەزوومەندانەی منە

له كاژيك، منيش نامەكەم وەرگرتو بردم و تەسليمى ليژنەى پەيوەنديمكرد، لەوكاتەدا هاوبيرى دڵسۆزم كاك كاميل ژير بەرپرسبوو، بەراستى من كاك شێركۆم زۆر خۆشئەوێت، زۆر رێزدارە و هاوبيرێكى نەتەوەيى دڵسۆزە، چونكە يەكێ لە سيفەتەكانى كەسانى نەتەوەيى ئەوەيە: ئەوەى لەگەڵ ئەو رێكخستنە ياخود هاوبيرانەدا نەمابێت، سا خۆى بەئارەزوو كشابووبێتەوە ياخود وا لێكرابێ وازبهێنێت، ئەوا پەنا، بۆ پرۆپاگەندەى نادروست و ناوزڕاندن و لەكەداركردنى يەكتر نەبراوە.. واتا بير و هەڵوێستى نەتەوەييانە: خۆى لەخەسڵەتە پيرۆزە بەها مەزنەكاندا ئەبينێتەوە و لەم حاڵەتەشدا نەحزبە نەتەوەييەكە و نەئەو هاوبيرەى وازى هێناوە بەهيچ شێوەيەك بيريان لەوە نەكردۆتەوە كەسايەتى تێكبشكێنن و يەكتر لەكەدارو ناو زڕاو بكەنو سەريەشە ياخود گرفت و كێشە بۆ يەكتر دروستبكەن.

پێشكەشكار: باشە نامەكەى كاك شێركۆ چى تيابوو؟

د.عەبدوڵلا ئاگرين: نامەكەم نەكردەوەو سەيرم نەكرد چونكە ئەوە ئەمانەتى حزبيەو پەيوەندى بە منەوە نەبووە، تەسليم ليژنەى پەيوەندم كرد، بەهەر حاڵ، كاك شێركۆ خۆى بەقەناعەت و ئارەزووى خودى خۆى بووە بەكاژيك، دواتر هەر

بەئارەزووی خۆی وازی هێنا، تا ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار هاتە پێشەوە، ئیتر ئێمە (من و کاك کامیل ژیر) حەرەکەیەکی ترمان کرد.

شێخ محەمەدی هەرسین ، عەبدوڵڵا ئاگرین / قەلاَدزێ - 1964/7/7

پێش ئەمە لە ساڵی 1969دا.. کاك شێخ محەمەدی هەرسین لەماوەت بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو، وەکو کاژیك و ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کوردی نا، بەڵکو وەکو هاوبیرێك و کەسێك، دڵسۆزیەکی گەرم لەنێوانماندا هەبوو، پەیوەندی پێوەکردم، وتی: کاك عەبدوڵڵا ئەوە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایان پێکئەهێنرێنەوە، ئەمە حیزب نییە، باشە لەم رووەشەوە خزمەت بکەیت، تۆ هەم مامۆستا و هەم چالاکیشی، خۆ ئەمە موڵکی هیچ لایەکیش نییە، بۆ نایەی کاری تێدا بکەیت، منیش وتم باشە. بەڵام دوای وەڵامت ئەدەمەوە کەپرسم بەقیادەی کاژیك کرد رازی بوون، دواتر چووم وەکو ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دیاریکرام، لە ساڵی 1969وە تا کۆنگرەکەی ساڵی1970/7/1 یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە لە چۆمان گیرا، من ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان کوردستان بووم، لە 1970

تا 1974 سەبارەت بەکاژیك حاڵەتێکی زۆر تایبەت هاتە پێشەوە، زۆرینەی سەرکردایەتی پارتی جگە لە بارەگای بارزانی، سەرمەستی ئەو سەرکەوتن و رێککەوتنە بوون کە لە 11ی ئازار بەدەستهاتبوو، ئیتر خەیاڵیان لای ئەوە نەبوو کە بەعس شەڕئەکاتەوە یان خۆی قایم ئەکات و سەدام تەئمیمی نەوتی کردووە و رێکەوتنی ستراتیژی و سەربازیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا کردووە، ئاگایان لەمانە نەمابوو، بەعس پیلان ئەگێڕێ، ئەوەبوو لە 1972/11/29 پیلانی لەناوبردنی بۆ بارزانی نەمر و کاك ئیدریسی رەحمەتی گێڕا، ئێمە وەك کاژیك زوو دەرکمان بەوە کرد و ئەوانەمان ئەزانی بەعس شەڕ لەگەڵ کورد ئەکات .. ئەمانزانی بەعس هەر شەڕ بەکورد ئەفرۆشێتەوە.

پێشکەشکار: وتت ئەگەر کەسێك بیویستایە پەیوەندی بەکاژیکەوە بکات لەو رۆژگارەدا پێویستی بە سێ ساڵ کات هەبوو تا بەتەنزیمی وەربگیرێ، ئەم پرەنسیپە سەختگیرەی کاژیك، پێت وانییە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ لاوازبوونی کاژیك لەو کاتەدا؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: بەڵێ.. بەڵێ ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی شکستی یان نەگەیشتنی کاژیك بە ئامانج یان نەتوانێ ئەو پەیامە پیرۆزەی وەکو فیکرو کردەوە بەئاکام بگەیێنێ.

بەرای من کاریگەری فیکر و هەڵوێست و ئامانجی کاژیك تا ئێستاش لەناو جەماوەردا بوونی هەیە و بەردەوامە و ماکێکی رەسەنایەتیو داینەمۆیە، بۆ هەموو حەرەکەیەکی نەتەوەییو رزگاریخواز و ئازادی خوازی کورد و هەموو دنیا، مەبەستم لەفیکرە نەتەوەییەکەیە، ئەو نەهجەی ئەوسا لەلق و رێکخستنەکانی کاژیکدا پەیڕەو ئەکرا کە من لەساڵی 1969- 1974 لێی بەرپرسیارم، بەنموونە یەکێك پەیوەندی ئەکرد، ئەبوایە شەش مانگ لەژێر چاودێری بوایە، داوایئەکردو ئەیوت: کاکە من دڵسۆزی ئێوەم، نامەی بۆ ئەناردین و ئەیوت: ئەوە سێ ساڵە من پەیوەندی ئەکەم هێشتا پلەی ئەندامیم وەرنەگرتوە، کە بە دەیانی ئاوا هەبوو (لە دیکۆمینەتەکاندا ئاماژەم پێداوە ئەو ڕای لیژنەی پەیوەندیو سەرکردایەتی کاژیك بوو) ئەو دڵسۆزانە ئەیانوت: ئەمانەوێ بێنە ناو رێکخستنەکانی ئێوە، چونکە پەیامی نەتەوەییتان پێیە و پلانی دانانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دائەنێن. 

ئەمجۆرە کەسانە ئەبوایە لەژێر چاودێریدا بوونایە، ئەبوو شەش مانگیش دۆست بوایە و شەش مانگیش لایەنگیر بوایە، ئینجا پاڵێوراو، واتە: ئەو هاوبیرە نەتەوەییە جوامێرە خۆراگرە، دووسێ ساڵی ئەویست تا ئەبوو بە ئەندام، ئەمە تەنیا لایەنێکی باشەی تیابوو، ئەویش ئەوەیە: ئەبوو ئەو هاوبیرە بەچەند فلتەرێکی زۆر وردو بەهێزدا رەتبێت بەو مەبەستەی دزەی دەزگاکانی بەعس و جاسوسی وڵاتانی دەرو دراوسێ نەتوانن بێنە ناومان. 

بەراستی ئێمە لەوەش لەو دیاردە ناسروشتیەش ئەسڵەمینەوە!..، ئێستا من لەناو پارتیدام و مەسئولی مەکتەبێکی حەساسم و باش ئەزانم کە دەزگای پاراستن دەزگایەکە: بۆ پاراستنی میللەتو حزبە لەو هێرش و پەلامارانەی ناحەزانی پارتی و کوردە ئەیکەنەسەر پارتیو جەماوەر، هەروەها تێئەکۆشن بۆ کەشفکردنی ئەوانەی بەمەبەستی جاسوسیەت دێنە ناو پارتیەوە، ئێمەی کاژیك وەکو حزبێك وجهەنەزەرێکی نەتەوەیی لۆژیکیمان بەرانبەر بارزانیو پارتی دەزگای پاراستن هەبوو، ئەمانویست خۆمان لەململانێیو بەگژاچوون ئەو دەزگایە بەدوور بگرین، بەتایبەتی من کە قەت بڕوام بە توندو تیژی (عونف) نەبوە و نیە و ناشبێ، هەتا من ئیدانەی ئەو کارەساتە ناخۆشەم کردوەو ئەیکەم کە وەختی خۆی لە ساڵی 1964دا بەناوی رووداوی خوێناوی کانی ماسییەوە روویدا، ئەگەر چی من لە ساتی رووداوەکەدا لەبەغا قوتابی بووم، ئەبوایە سەرکردایەتی کاژیك بەیانێکی دەربکردایە، هەم نارەزاییو هەم بێ بەریی خۆی لەو کارەساتە ناخۆشە بەجەماوەرو خەڵکی شاری سلێمانی خۆشەویستو هەموو دنیا رابگەیاندایە، مەخابن ئەوەی نەیکرد، هەڵەیەکی زۆر گەورەبوو، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەیڵێم: ئێمەی کاژیك نەبویین.. رەنگە هەندێ عەناسری ناو کانیماسی هەبووبێ سەر بەتەنزیمی کاژیك بوو، بەڵام بە ئاگاداریو ئەمری کاژیك ئەو کارە نەکراوە. 

. پێشکەشکار: ئەی بۆچی روونکردنەوەیەکتان نەدا؟ 

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: ئەو کارەساتە یەکێك بوو لەو هۆکارە سەرەکیانەی کاژیك وەك پێویست پەلوپۆ لەناو میللەتدا نەهاوێ و گەشە نەکا لەو رووداوە نەخوازراوەدا، چەند شیوعیەکی بێ گوناه و بەسەزمانو چەند مرۆڤێك بەخۆڕایی شەهیدکران، ئەبوایە سەرکردایەتی کاژیك دەەمو دەستو لەگەرمەی ئەوکارەساتە خوێناویەدا بەیانی نارەزایی دەربڕینو خۆ بێ بەریکردن لێی دەربکردایە، نەیکرد، ئەوە هەڵەبوو.. تا ئێستاش باجەکەی ئەدەین ئینجا دێمەوە سەر ئەو حەزەرەی لە کاژیکدا هەمانبوو.. خەڵك هەبوو لەناو پاراستندا لە ماوەی 1970 تا 1974 ئەیویست ئێمە بکاتە پلەی پەیژەو بەو هۆیەوە لە قیادەی ئەوسای بارەگای بارزانی نزیکبێتەوە، بەراپۆرتی ناراست وقسەی هەڵبەستراو خۆی بباتە پێشی دەستکەو پلەو پایە وەرگرێ، سەرئێشەو کێشەش بۆ هیچ لایەك دروست نەبوو!!.. هەوڵی ئەدا گێچەڵمان پێبکات، بەڵام ئێمە خۆمان لێبوارد، بەوەش : کاژیك و پارتیو شۆڕش و میللەتیش قازانجی کرد.

پێشکەشکار: ئەوترێ هۆکار هەبوو بۆ ئەو حەزەر و ترسەی کاژیك، بەو پێودانگەی پارتی و پاراستن هەمیشە بەدواتانەوەبوون کێشەیان بۆ دروستکردون، ئەم قسەیە چەند راستە؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: ئێمە لەناو جەماوەری پارتی و پێشمەرگەدا زۆر خۆشەویست بووین‌و خۆشەویستین، هەتتا سەرۆك بارزانی نەمرو سەرکردایەتی پارتی ئەیانزانی ئەوە کادیرانی نەتەوەییو قیادەی کاژیکن‌و بەچاوی حورمەت‌و تەقدیرەوە تەماشا ئەکراین کەچی بەداخەوە عەناسر هەبوو، لەناو دەزگا، پاراستنی ئەوسا واتا لەساڵی 1970- 1974 دژمان کاریان ئەکرد، بەنموونە یەکێ لەوانە لەکاتی یەکگرتنی پاسکۆك‌و سۆسیالیست و گەل زۆر دۆستیشم بوو، شەهیدێکی غەدرلێکراویشە (....)، یەکێك بوو لەوانەی کە بەدوامانەوە بوو، هەوڵی ئەوەشی ئەدا ئیستدامێ لەنێو تەنزیم و خەڵکانی ئێمەیا دروستکات‌و شێوازی تەنگپێهەڵچینی پەیڕەو ئەکرد، ئەمە بۆ ئەوەی حاڵەتێکی نائارامی لەنێوان ئێمەو بارزانیی نەمر لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە لەنێوان کاژیك‌و پارتیدا دروستبێ...

. پێشکەشکار: پاراستن ترسی چی بوو لە کاژیك؟

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: قیادەی بارزانی نا، چونکە وەك زۆر جار لەهەندێك هاوبیرم ئەبیست کاك ئیدریس وتویەتی من خۆم بەیەکێ لە کاژیك دائەنێم‌و بارزانیش ئاگای لەکارەکانمان هەبوو، ئەوا ئەوانەی لەناوپارتایەتیدا ترسیان لەکاژیك هەبوو، ئەوانە بوون خەمی لەدەستدانی دەستکەوتی تایبەتی خۆیانبووەو لەشوێنی خۆیان

ئەترسان، چونکە ترسیان هەبوو لە پشتگیری خەڵکانی ناو پارتی بۆ بیرورِاو ئامانجو خۆشەویستیان بۆ ئەندامانی قیادەی کاژیك لەپایەو مەنزڵیان کەم بکاتەوە، ئەمە پێچەوانەکەی راستە، ئەگینا هیچی تر لەئارادانەبوو.

ئەوانە ئەو هەڵوێستەیان تەنیا لەبەر مەسڵەحەتی تایبەتی خۆیانبوو. بێموزایەدە من رۆڵی سەرەکیم هەبوو، نەمهێشت دەرفەتم بۆ ئەوانە نەرِەخسان و بیانووم نەدایە دەست ئەوانەی ئەیانویست تەسادووم دروستبێت، ئەمە ئەو کارو خەباتەمە لەمێژووی ژیانمدا شانازیەکی گەورەیە پێوە ئەکەم کە لە ساڵی 1969وە تا ساڵی 1974 وەکو و بەرپرسی لقی سلێمانیو هێل و رێکخستنەکانی کاژیك لەبەغداو کەرکوكو رانیەو هەڵەبجەو پێنجوینو ناو پێشمەرگە ئەو رۆڵەم گێرِاوە، سەبارەت رێکخستنی ئەوسای شاری کەرکوك کە هەموو هەفتەیەك لەسلێمانیەوە بۆ کەرکوك ئەچووم، مامۆستا شێرزاد فاتحم، لەگەڵ چەند هاوبیرێکی دی ئەبینیو کۆبوونەوەم لەگەڵ ئەکردن.. خەتی بەغدا کاك شێرکۆی هەژار بوو، ئەو هەموو مانگێك بۆ سلێمانی ئەهات ئەیبینم، خەتی هەڵەبجە مامۆستای خۆشەویستم کاکە عوسمان رەشید کەریم بوو کە ئێستاش نامە سۆزدارەکەی کاك عوسمان رەشید هەر جێی رێزمە.

گەرچی لەهیچەو بەناحەق و وەهمی دروستکرا، ساردیان لەنێوماندا دروستکرد، ئەو هاوبیرە دڵسۆزەم زۆر چالاك بوو، لەڕێگەی ئەو و کاك حـــەمە عەلی حـــەمە مـــورادوە، خەڵکـــانێکی زۆر ناوچـــــەکـــە بەتایبەت

پێشمەرگە) هاتنە ریزەوە وەك: شەهید شەوکەتی حاجی موشیر و کاکە حامید ) حاجی خالید هاتنە ناو کاژیکەوە، کاك حەمە عەلی حەمە موراد پێشمەرگەیەکی بەوەفاو بەجەرگە، ئەو هاوبیرانە کاك شەوکەت‌و کاك حامید یەکەم نامەی داواکاریان بۆ هاتنە ناو ڕێزی کاژێك لام پارێزراوە.

ئەوەش بۆ من شانازییە، کە ئەونامانەی لە 1969وە تاکو 1974 ناردوویانە وەك گلینەی چاو پارستوومن، لە دوای 1975/3/6ی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، پاراستنی ئەو ئەمانەتە زۆر ئەستەم و ترسناکبوون‌و هەموو کەس زاتی ئەوەی نەئەکرد لای خۆی داینێ‌و بیپارێزێت، چونکە بەعس لەوکاتەدا خواخوای بوو، وشەیەك ببیستێ‌و چنگی کەوێت تاوەك دیکۆمێنتێکی بڕوا پێکراوی نکۆڵی‌و حاشا هەڵنەگر، بیکاتە بیانوو بۆ ئیعدامی مرۆڤی کورد بەگشتی‌و نەتەوەپەروەرەو شۆڕشگێرە دڵسۆزەکانی کورد.

بۆیە وەکو دەرمانی چارەسەری سەرەتان بەدواییدا وێڵبوو، ئەو بەڵگانە بەهەر کەس بگیرایە کەمترین حوکم ئیعدام و ماڵکاولکردنی لەدوابوو، ئەو نامانەی لامن لەناویاندا نامەی دەستنوسی شەهیدی جوانەمەرگ کاك (ئازاد مستەفا)هەیەو یەکەمجار بۆ کاژیکی ناردو ئەوسا ناوی کاك محەمەد مستەفا بوو، لەڕێگای خێزانی کاك عومەری برامەوە کە خزمیان بوو، ئەهاتە لامان، جا کاکە عومەری برام بەئیلحاحەوە ئەیوت: عەبدوڵلا ئەوە بۆچی کاك محەمەدتان ئیهمال کردووە؟ ئەو زۆر ئێوەی خۆش ئەوێت!!.. کاك محەمەد مستەفا (ئازاد مستەفا) سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، من شانازی بە پاراستنی ئەو نامانە و ئەو (مۆرانە)شەوە ئەکەم کە هەمانبوون و کارمان پێیان ئەکردو ئێستا لای من هەر لەساڵی 1972دا رەوتێکی نەتەوەیی دروستبووبوو بەسەرپەرشتی برای خۆشەویست‌و

هاوبیری بەوەفام کاکە کەمال جەمال موختار، کۆمەڵی قوتابیو لاوی خوێنگەرمو
دڵسۆزی کۆکردبوەوە، وەکو

یەکەم نامەی دەستنووسی شەهیدی جوانەمەرگ کاك ئازاد مستەفا بۆ (کاژیك)ی
ناردووە

تەنزیم ئەویش لەڕێگای نەتەوەییەکی دڵسۆز کاکە دکتۆر حسێن محەمەد عەزیزەوە بوو ئاگادار کراینەوە، ئەو پەیوەندی بەئێمەوە کرد، کاکە کەمال جەمال موختار بەرۆحیەتێکی سپۆرتەوە نامەی ئەو رێکخستنانەی بەشەخسی تەسلیم کردمو هاتەوە ناو کاژیکەوەو هاتنی ئەو هاوبیرانە بوە مایەی ئەوەی خوێنێکی نوێی گەرمو گوڕو تەوژمێکی تیندار بەرێکخستنەکان بدرێتو فەزڵەکەش بۆ کاك کەمال جەمال موختار ئەگەرێتەوە، چونکە ئەو بەشەخسی بەرپرسی ئەو کۆمەڵە بوو، بازگەی رێکخستنەکەی شارەزایانە ڕەنگی رشتبوو، ئاڕاستەی پەروەردەیەکەشی، دیسیپلینێکی بەهێزی پێوە دیاربوو، ئا لەو ساتەدا بەڕاستی لەرێکخستنەکانماندا، جگە لەو هاوبیرانەی لەلای کاك کەمالەوە هاتبوون، ئیدی لەلای ئەوانەی پێشووی خۆمانەوە هەستم بە بەخاوی دیسپلینی رێکخستن ئەکرد.. ئەو بۆچوونەم بە کاك

کامیل گەیاند، کاك کامیل یەکێك بوو لەوانەی حەزی ئەکرد چالاکیەکانی حزب ئەکتیڤ کرێت و جوڵەیەك بکەن، ئەمەش هەروا سانا نەبوو، چونکە ئەو هەر خۆی نەبوو، لەولاوە کاکە دکتۆر جەمال نەبەز و لەم‌و لاوە کاك هەردی و کاك فەرەیدون و ... تاد .. ئەوەشمان لەبیر نەچێ تا رێکەوتننامەی 11ئازاری 1970 کاك فەرەیدون سەرکردەیەکی دیاری کاژیك بوو، من ئەوە ئاگادارنیم چۆن و لەبەرچی وازیهێنا،چونکە نامەی وازهێنانی نەداوەتە دەست من، لەرێگای رێکخستنیشەوە هیچمان پێنەگەیشت!.

پێشکەشکار: دوای ئەوەی سەرکردایەتی کاژیك بلاوەیان لێکرد و ئێوە کۆنگرەیەکتان بەست و بوونە قیادەی کاژیك بڕیاری تەجمیدی تەنزیمی کاژیکتاندا.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: ئەوە وانییەو زانیاریەکی هەڵەیە.. بەر لەو کۆنگرەیەی 1972/5/25 سەرکردایەتی کاژیك بلاوەی پێنەکردوەو لەو رۆژەشدا واتە: نەچالاکیەکانی حزب وەستێنراو نەحزبیش تەجمید کرا، بەڵکو ئەو کۆنگرەیە بەمەبەستی ئەکتیڤکردنی چالاکی کاژیك بوو.

ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هات.. من پێشنیازمکردو بە کاك کامیلم وت: ئێمە پێویستە بەخۆماندا بچینەوە و گڕوتین بدەینەوە بەر خۆمان، ئەوەتا حکومەتی

عێراقی خۆی ئامادەکردووە، ئەیەوێت شەڕ بکاتەوە، وەکو وتم: غەیری قیادەی بارزانیو هەندێك قیادەی پارتی، ئیدی زۆربەی هەرە زۆری پارتی بیرو بۆچوون ساویلکانەیان هەبوو، هەروەها  لەو بڕوایەدا نەبوون رژێمی بەعس شەڕ بەکوردو شۆڕش ئەفرۆشێ. تەنانەت لە 1974/3/11 کاتی بەعس شەڕی هەڵگیرساندەوە، زۆر هەبوو کاتێك ئیلتحاقیان بە شۆڕشەوە کرد، جگە لە دەستێ بیجامەو تاقمی تەراشو خاولیەك هیچی دیان لەگەڵ خۆیان نەبردە دەرەوە، بەونیازەی دوای (24) ئەگەرێنەوە شوێنی خۆیانو رژێم مافی کورد ئەدات، ئەوانە سەرمەستی سەرکەوتن و وەزیفە و دەسکەوت و ئەمانەبوون، کاك کامیلیش وتی: زۆر باشە چی بکەین؟، وتم: با کۆنگرەیەك بگرین، وتی چۆن؟. کۆنگرە لەکێ و کێ پێك بێت؟ وتم: خۆتان دیاریان بکەن، ئەوا ئەندامی لق هەیە.. دواتر وتم: ئەمە وەزعی ئێمە، ئەوە وەزعی عێراقو ئەوەش کاك دکتۆر جەمال نەبەزیش وەکو مونەزیرێك و تێکۆشەرێك هەندێ چالاکی ئەنوینێ، یەکێ لەو چالاکیانە ئەوەبوو نامیلکەی دەرئەکرد رەنگی ئەفکارو ئامانجی موحسنی پزیشکپوری ئەدایەوە، موحسنی پزیشکپور سەرۆکی حزبی پان ئیرانستبوو، رۆژنامەی (خاكو خون)ی دەرئەکرد، نزیکی شای ئێران محەمەد رەزا شای پەهلەوی بوو،

ئەفکاری ئێرانی گەورەی لەکەللەدا بوو، ئەو ئەفکارانەش تەواو پێچەوانەی ئامانج فیکری‌و کاژیک بوو.

ئەمانەوێت لەبەرنامەکەمانا قسە لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی پاسۆك لە 11ی 9ی 1975 بکەین، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و پەیوەندیەکانی ئەو پارتە و هەڵوێستی لایەنە کوردیەکان‌و کێشەو ململانێکان بەرامبەریان، هەروەها ئاماژە بەرۆڵی مامۆستا عەبدوللا ئاگرین لەناو پاسۆك و قۆناغی دوای راپەڕین تا ساتەوەختی دروستبوونی یەکگرتن و چوون و توانەوەیان لەنێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانداو بەگفتوگۆ و تەواوکردنی ئەو تەوەرانە لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوللا ئاگرین پێکەوە ئەبین.

پێشکەشکار: لێرەدا گەیشتینە ساتەوەختی دروستبوونی سەرکردایەتیەکی کاتی دژ بە سەرکردایەتی کۆنی کاژیك، بە پاساوی هەندێ رەخنە و گلەیی و کەمتەرخەمی سەرکردایەتیە کۆنەکەی پێشوو، ئایا هەڵوێستی جەنابتان چی بوو کاتێك سەرکردایەتی کاتی بەیاننامەیەکیان لەسەر سەرکردایەتی ئێوەی کاژیك دەرکرد؟.

د.عەبدوڵلا ئاگرین: ئەو جوڵەو چالاکیەی لەلایەن چەند گەنجێکی خوێنگەرم بەناوی هاوبیری و کاژیکیەوە، سەرکردایەتی نوێی کاژیکیان پێ دروستکردن،

چاوەڕوانەکراوبوو!! چونکە بیرۆکەو مەبەستو ئامانجی ئەو جموجوڵو چالاکیە بیروڕاو بۆچوون و پێشنیازی خودی خۆمبووم بۆیەکەمجار بەر لەساڵی (1972) لای کاك شێرکۆی هەژار دڕکانمو تاوتوێمان کرد، (ئەو) زۆر بەحەماسەت و شەوق وتینێکی ئاگراوییەوە پشتگیری سەرجەم راوبۆچوونەکانی کردمو لەو رووەوە هەر دووکمان جوڵەیەکی بزێوانەشمان بۆ کرد!!!.. ئاکام وەك خۆمان ئەمانویست کورتی هێنا.. ئەوە هەقیقەتێکەو ئێستا کاك شێرکۆ لەژیاندا ماوەو لەهۆڵەندەیەو بڕواناکەم ئەخلاقی سیاسی وکۆمەڵایەتیو کوردایەتی رێگای بدات نکۆڵی لێبکات.. چونکە ئەو تا 1974/3/11 نەك وەك قوتابیەك بەڵکو وەك موریدێکی شەیدا گفتارو هەڵوێستەکانی بەعەشقەوە قەبوڵئەکرد، ئالەو دەمەو ئێستاشدا لەگەڵ کاك کامیل ژیر زۆر ئینسیجامیمان هەبووەو هەیە، لەم رووەوە قسەم لەگەڵ کردو ئەویش قسەکانی وەرەگرتم، وتم وەزعی ئێمە باش نییە و پێویستە حەرەکەیەك بکەین و بەرەو پێشەوە بڕۆین، لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپانەی کە هاتنە بەردەممان، سەرەتا پێمان باشبوو لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەیەکی وردی عەقلانیو هێمن بارودۆخی سیاسی عێراقو باشووری کوردستانو راڤەکردنێکی عەقلانی رەوشی ناوخۆو دەرەوەی رێکخستنەکانی کاژێك هەڵسەنگێنین، بەتەنزیما بچینەوە لەبەر رۆشنایی چەند دیاردەی رووداوی هەقیقی ، من ئەمزانی بەڕاستی جەنابی بارزانی کە ئەو نامەیەی دامە دەستی لە 15ی5ی 1964دا، پێشتریش

ساڵی 1958 کە تەشریفی بۆ سلێمانی هێنا لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید وەك یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ خزمەتی چووین، ئێمە چەند قوتابیەك بووین چووین، وێنەیەکی یادگاریمان لەگەڵیا گرت، تەنیا ماوەیەکی کورت لەخزمەتیدا ماینەوە، من لەو ساوە بەرەفتارەکانی سەرسامبووم، بۆیە بە کاك کامیلم وت: کاتێك حکومەتی بەعس شەر بەکورد ئەفرۆشێتەوە، ئەوا بەتایبەت قیادەی بارزانی ، ئەوکاتە بارەگای بارزانیان پێ ئەوت: مشووری خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی بەعس و سەدام خواردوەو ئەخۆن، بۆیە با ئێمەش بەخۆماندا بچینەوەو لەو رووەوەك حزبێکی سیاسیی کوردی بڕیارێك بدەین، بەتایبەت لەوکاتەیا براو هاوبیری بەرێزم کاکە دکتۆر جەمال نەبەز بەهۆی پەیوەندی بەتین لەگەڵ کامەران بەدرخان، لەڕێی ئەوەوە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ موحسینی پزیشکپور هەبوو، بەراستی ئەو نزیکبوونەوەیە لە حزبی پان ئێرانست دوور بوو لەهەڵوێستی کاژێكو پێچەوانەی ئەفکارو ئامانجمان بوو، ئەو نزیکبوونەوەیە زەرەری زۆریشی لێئەداین، بۆیە وتم: با دیراسەی ئەوەش بکەین، ئیتر قرارماندا کە کۆنگرەکە ببەستین، دیارە کە وەکو یەکەم کۆنگرەی تەئسیسی کاژێك وابوو، رۆژی پێنج شەممە 1972/5/25 چووین لە ماڵی کاك کامیل لەخوار مزگەوتی نالی لەسلێمانی، لە ژوورێکی بچووکا کۆنگرەمان بەست، پێشئەوەی کۆنگرەکە ببەستین کاك کامیل بەماوەیەك وتی: کێ بۆ کۆنگرەکە بانگ بکەین و نوێنەران کێن؟ منیش وتم: من

ئەم هاوبیرانە پێشنیاز ئەکەم و جەنابیشتان کێ تر دەستینشان ئەکەن ئەوە بڕیاری خۆتانە.. لای منەوە (کاك محەمەد مەجید ئەسلاڵن، کاك حەمە عەلی فەرەج، کاك فەتاح عەبدولرەزاق) ئەوانیش ئەندامی لق بوون، کاك کامیل وتی: باشە.. ئیتر دوای ئەوە، کاتو رۆژو شوێنی کۆنگرەکە دانرا، منیش ئاگاداری هاوبیرانی لقم کردەوەو پێکەوە.

مامۆستا ئەحمەد هەردی مامۆستا کامیل ژیر

عەبدوڵڵا ئاگرین

مامۆستا فایەق عارف محەمەد مەجید ئەسلاڵن فەتاح عەبدولرەزاق

حەمە عەلی فەرەج

(ئەندامانی کۆنگرەی یەکەمی (کاژیك

25/5/1972

شاری سلێمانی

لە سەعات (4ر30) رۆژی پێنج شەممە 1972/5/25 لەماڵی کاك کامیل ئامادە بووین، چووینە ژوورەوە، بینیم سێ مامۆستاو هاوبیری خۆشەویستی لێیە: کاك هەردی و کاك کامیل و کاك فایق عارف، بەهەموومان ئەوانە قیادەی کاژیك و نوێنەرانی تەنیا حەوت هاوبیر بووین، وەك چۆن لەکۆنگرەی تەئسیسی لە 1959/4/14 دا حەوت هاوبیر ئامادە بوون، ئێمەش لەم کۆنگرەی یەکەمدا حەوت هاوبیر ئامادەبووین ، ئەگەرچی وەك هەلو مەرجو پرەنسیبی کۆنگرە ئاگادار نەکرامەوە، راپۆرتی رێکخستن پێشکەشکەم، کە دانیشتین تێبینم کرد، راپۆرتەکانی: (رێکخستن، سیاسی، دارایی، پەیوەندی دەرەوە، راگەیاندن بوونیان نەبوو)!!.. لەژوورێکی ماڵی کاك کامیلدا دانیشتن و سەرەتا مامۆستا گەورەو دڵسۆز هاوبیر ئەحمەد هەردی: بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستانو رەوشی هەلۆیستی شۆڕشو پێشمەرگەی بەشێوازێکی جوانی زانستانە شرۆڤە کرد.

شرۆڤەکانی مامۆستا هەردی زۆر لۆژیکیانەبوو، دوای هەریەك لەکاك کامیل و کاك فائق بیروڕایان دەربڕی، منیش سەبارەت بەرێکخستن قسەم کرد، لە دواییدا گەیشتینە ئەنجام چەند بڕیارێك لەوانە: هاوبیرێك بۆ لای کاك دکتۆر جەمال نەبەز

بنێرین، تا له شێوازی نووسینەکانیان موراعاتی ئێمه لەباشووری کوردستان بکات و له موحسنی پزیشکپوریش نزیك نەبێتەوە، چونکه ئەمه زەرەرمان لێئەدان ، بۆ ئەم مەبەسته کاك کامیل ژێردیاریکرا. دووەم/ گەیشتینه ئەو قەناعەتەی که رژێمی عێراقی لەرێکەوتننامەی 11ئازار پاشگەز ئەبێتەوە و شەڕ به کورد ئەفرۆشێتەوە، له 2013/6/5دا لەگەڵ کاك فەرهاد عەبدولحەمیدو کاك فوئاد سەراج لەگەڵ کاك کامیل باسی ئەو کۆنگرەیەم کرد (ئەو) کاك کامیل ژیر کەمو زۆر ئەو کۆنگرەیەی 1972/5/25 که لەماڵی خۆیان بەسترابوو لەبیرویادی نەمابوو، لەبەرچاوی ئەو دوو هاوبیره ئەسڵەن نکۆڵی لەبەستنی ئەو کۆنگرەیه کردو ئەیوت: شتی وا کوا هەیه.. نەکۆنگرەو نەهیچ کۆبوونەوەیەك لەماڵی ئێمه نەکراوەو لەبیرم نییه؟!، ئیّ کۆنگرەکەش لەماڵی ئەوداکرا، بەڵاّم من هەموویم به سەعات و بەرۆژ و مانگ و ساڵ لەیادداشتەکانی خۆما نووسیومه و بلاّویشی ئەکەمەوە. ئینجا وتم: چۆن کاك کامیل بەبیرت نایه؟، وتی: نەخێر نەناوەرۆکی ئەو کۆبوونەوەو نەکۆبوونەوەکەم نه ئەو بڕیارەی (که خۆی پێشنیازیکرد)و وتی: ئاماده بووان واته: ئەو حەوت هاوبیره ئێسته بەدوا ئەندامی سەرکردایەتی کاژیکن ، وتم: ئەی ئەو قراره گرنگو مێژوویيەی دامان چی بوو؟ بەراستی قراری ئاوا سیاسی بدریّ لەمێژووی سیاسی هاوچەرخدا دەگمەنه، ئەویش ئەوەبوو: (بڕیارماندا: ئەگەر شەڕ دەست پیّ بکاتەوە، ئەوە هەموو کارو چالاکیەکانی کاژیك هەڵپەسێرین،

ئەمە بەبێ ئەوەی لەگەڵ قیادەی بارزانی رەحمەتی یان قیادەی پارتی یان هەرکەسێ ئیتیفاقێك بكەین و رێككەوتبین هەموو توانایەكمان لەژێر سایەی فرمانی بارزانیو .(شۆڕشدا دادابنێن وەك هاوبەشیەكی  نەتەوەییانەمان

□

□

□

□

ئێمە لەکاتێکدا ڕێکخستنی بەهێزو فراوانمان هەبوو، خەڵکی پێشمەرگەی دڵسۆزو ئازاو گوێڕاڵی باش‌و زۆرمان لە هێزی خەبات و هێزی رزگاری و زمناکۆ و شوێنەکانی تریش هەبوو، تەنزیمێکی پتەو فراونیشمان لەناو شارو شارۆچکەکاندا هەبوو، بەپێی ئەو بڕیارە هەموو تواناى ماددی و مەعنەوی و راگەیاندن و فیکری خۆمان خستە ژێر دەستی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، لە کۆنگرەکەدا، ئەمە بڕیاری قیادەبوو (سا هەر کەس بەهەر مەبەستێك، چۆنی بۆ ئەچێت‌و لێکیئەداتەوەو راڤەی بۆ دائەنێت) ئازادە، بە: (دانیشتن، یاخود کۆر یان کۆبوونەوە یان سیمینار یاخود کۆنگرەی دائەنێت یان نا.. یاخود

ئەسڵەن نکۆڵی لەو کۆنگرەیەو بڕیارەکانی ئەکات، یان لەبیری چۆتەوەو لەیادی نەماوە، ئەوە ئازادە، بەڵام ئەوە پێچەوانەی واقیعو هەقیقەتو مێژوویشە، بەڵگەی زیندووی تۆمار کراو راستی بەستنی ئەو کۆنگرەیەو بڕیارەکانی ئەسلەمێنن.

بەدڵنیاییو بێ دوودڵی ئەڵێم: لەو کۆنگرەیەدا خودی هاوبیری دڵسۆز کاکە کامیل ژیر (گەر ئەمەشی لەبیرمابێ) ئەو پێشنیازەی کرد: ئەم حەوت هاوبیرە ئەندامی سەرکردایەتی کاژیکن.

ئاوا ئەو حەوت هاوبیرە شەرعیەتی قیادەی کاژیکیان وەرگرت، پاشان بڕیارەکانی کۆنگرەمان جگە لەئاشکراکردنی ناوی قیادەی نوێی کاژیك، بەرێکخستن گەیاند بەوەی: کاتێك رژێمی بەعسی شەر بەکوردو بارزانیو شۆڕش ئەفرۆشێتەوە هەر هاوبیرێك ئازادە رووەو چ بنکەیەکی شۆڕش ئەڕوات، کوێ هەڵبژێرێ بەرەو ئەوێ بڕوا، هەبوو لەناو شارا مایەوە.

شەهید مامۆستا عیزەت رەشید          شەهید مامۆستا حەمە سالّح فەرەج

دوو هاوبیر و ئەندامی (کاژیك) سالّی 1974 لە لایەن رژێمی بەعسەوە ئیعدام کران

بە داخەوە لەوانە هاوبیری شەهید مامۆستا حەمەسالّح فەرەج حکومەت ئیعدامی کرد، هەروەها هاوبیری تێکۆشەری ناو ریزەکانی کاژیك شەهید مامۆستا (عیزەت رەشید) بەعسی دڕندە گرتیو ئیعدامی کرد.

ڕێنمایمان دەرکرد هاوبیران بچن لەگەڵ شۆڕشدا کار بکەن لەژێر قیادەی بارزانیدابن، ئا ئەمە بە هەڵوێستێکی گەورەی نەتەوەو نیشتیمانپەروەرەی بێ ئەندازە ئەژمێردرێ کە پارتێکی نەتەوە پەروەر بێ بەرانبەرو بێ هیچ دەسکەوتێك، هەموو توانایەکی بەبەرانبەر ببەخشێت، دەنا ئێستا لایەنێك یاخود دوو کەس و لەتێك بیانەوێت بێنە ناو حکومەت یان پەڕلەمانەوە ئەڵێن: چ دەسکەوت و مەنسەب و پارەو پۆست و وەزارەتێکمان ئەدەنێ؟، خەڵك ئاوایە.. بەڵام ئێمەی کاژیك ئەو هەموو توانای تەنزیمەمان خستە ژێر سەرکردایەتی شەخسی بارزانی مستەفاو شۆڕشەوە بەبێ هیچ دەسکەوتێك، بەو مەبەستەی هاوبەشیەکی نەتەوەییانە لەشۆڕشدا بکەین.

پێشکەشکار : باشە کاك ئازاد و شێرکۆی هەژار بۆچی بەمە نیگەران بوون؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین: عەقڵی شێرکۆی هەژار لەسەر شەپۆڵی وهمی تۆقاندن و تیرۆر مەلەی ئەکرد، کەسێکی دووفاقی ناو دووتوێی (سادیو ماسۆشتی) بوو!!.. کاتی خۆی زۆر هەوڵم لەگەڵیدا، لەو وەهمەچڵکنو خەیاڵ بڵاوو ناسەردەمانە نامرۆڤانەیە وازبهێنێ، تەقەلام لەگەڵ دا ئارامی بکەمەوەو دەروونی خاو بکەمەوە، وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژیو سیاسەتو حزبایەتی بکات، سەرەتا بەنەرمی خوساو قەناعەتی ئەکرد، کە چی دوای نەیئەتوانی خۆی لەو ماکی ژەهر وەشاندنە رزگار بکا، فکرەی جەهەننەمی و ئەهریمەنانەی هەبوو، بەنموونە ئەیوت: با کوڕی فلانە سەرکردە بفرێنین دواتر فدیەی لێوەرگرین، ئاماژەی بەوە ئەداو ئەیوت: ئەوەتا فەلەستینیەکانیش ئەمە ئەکەن ، لای من ئەمانەی باس ئەکرد.

هەتا ئەو کاتەی من لە بەغا بووم، بارەگایەکی باڵی مەکتەبی سیاسی لە شارع نەهربوو کە نووسینگەی محاماتی کاك کەمال محیەدین بوو، قیادەی باڵی (م.س) هاتوچۆی ئەوێیان ئەکردو شێرکۆش بەو سفەتەی

سەر بەوباڵەیەو لەرقی باوکی هاتوچۆی ئەوێی ئەکرد ئەیوت: کاك عەبدوڵڵاً بادەستێکیان لێبوەشێنین، ئەموت: کاکە ئەو توند و تیژیانە نەفیکرو نەئامانجو نەکاری ئێمە... ئێمە ئەو کارانە ناکەین، ئێمە ئەمانەوێ گەشەیەکی پۆزەتیڤانەو مرۆڤانە بەئەفکارەکەی خۆمان بدەین، لەبەر چاوی کورد بەرگێکی جوانی نەتەوەیی پێبپۆشین و بە ئامانجی بگەیەنین. 

لەو کاتە، ساڵی 1964 بۆ یەکەمجار کاك شیرکۆی هەژارم بینی، تاکو 1974/3/11 لەئاستو لەبەردەممدا هێندە متەوازع خۆی ئەنوان بۆچوونو لێکدانەوەو بیروڕاکانمی بەسەرسورمانەوە ئەسەلمان،بە دەگمەن موریدی ئەوتۆ هەڵکەوێك، ئەوا موتیعو عاشقی شێخەکەی بێ، ئائەو هەڵوێستەی وایکرد من متمانەیەکی بێ سنوورم پێبێت!... بەراستی هاتنە پێشەوەی لەکاژیکداو ئەو هەموو هاوبیرانەی ناسی،بەتاییەت، ئەوانەی لە رێکخستنی کاژیکدا خەباتیان ئەکرد. خەتابار من بووم!! چونکە ئەو لای من تەنزیم بوو.

ئەو) بەجۆرێك خۆی هێنابووە پێشێ، تەنانەت هەندێ جار )

لەسلێمانی بۆ ماڵمان ئەهات، ئەو وەختە من لەماڵی باوکمدا بووم،

شەو درەنگ ئەهاتەوە، نازانم لەکوێ بوو، بەپێڵاوی قوڕاویەوە

ئەهاتەوە ، دایکم لەبەر خاتری من بەو تەمەنەوە، ئەچوو پێڵاوەکەی

بۆ ئەشووشت. جارێکیان لەماڵی خۆمان هەڵساین هاتینە دەرەوە، ئەو

پڕیدایە پێڵاوەکەم بۆی دانام، زۆرم پێناخۆشبوو، تووشی شۆك بووم

وتم: کاکە شێرکۆ ئەوە چیئەکەی؟، وتم: قەیناکە من لەحزبا بەرپرسی

تۆم و لەحزبێکداین، بەڵام ئێمە هەموو هاوبیری یەکین، نابێ خەڵك

فێری ئەوە بکەین پێڵاو دابنێین، خۆ ئەمە پەیوەندی نێوان ئاغا و

نۆکەرایەتی نییە کەئەمەی کرد خورپەیەکی ترسناك شریخەی لەهەناوم

هەڵسان!! کاك شێرکۆ ئەمەی بۆ کرد؟ ئەم جۆرە رەفتارە نادروستانە

لەرێکخستنی حزبایەتیدا و لە پەروەردەو گۆشکردنی ئێمەی نەتەوەی

ناوەشێتەوە، خۆ ئێمە بەرۆحیەتی نۆکەر و ئاغا پەروەردە نەکراوین. 

بۆ ئەو هەڵوێستەی کاك شێرکۆی هەژار، من زۆر سەرزەنشتم کرد و داواملێکرد بەهیچ جۆرێك شتی وا لەگەڵ کەسدا دووپاتنەکاتەوە.

ئا ئەو رەفتارە سووكو هەرزان بەهایە، منی لەدەریای گوماندا نغرۆ کرد.. بەوەی مرۆڤێك بەتایبەت ئەوەی لەهەرزەیی تەمەنیدا بێ پەنا بۆ هەڵوێستی ئاوا کە چرفتار بەرێت.. ئەشێت کاری قێزەونی نالەبارو ناشرینتر، لەگەڵ رێکخستن و هاوبیرەکانیدا ئەنجام بدات.

بەڵام (پاش باران کەپەنك) کۆمەڵێ ئەسراڕم لا باس کردبوو، بە نموونە ئەموت: ئەوە کوردێکی باشە، ئەوە سەر بەئێمەیە، ئەویش تاقیبی ئەوەی ئەکرد قیادە کێیە و ئەوانەی تەنزیم کێن؟ ئەو پرسیارە زۆرە گوماناویانەی سەبارەت کاژیك ئەکرد، پرسیاری تەمو مژاویی لا دروستئەکردم، منیش دڵپاکانە باسی مێژووی کاژیك و پارتی گەل و یەکێتی (قوتابیان و لاوانی) نەتەوەیی کوردم بۆ ئەکرد، ئەمە لەمانگی 3ی 1974 بوو، خەڵك رووی لەدەرەوە ئەکرد، ئەوساتە نێوان شۆڕش و حکومەت لەئەگەر و نەگەری رێکەوتن و شەڕدابوو،

من کۆمەڵێ نهێنی ڕێکخستنەکانی کاژیکم لا باسکرد، بەڵام دوای دەرکەوت نییەتی پاك نەبووە، ئەو بێوەفا دەرچوو، من لەو متمانەیەی بەوم هەبوو بەهەڵەداچووبووم، کەکۆمەڵێ شتم دایە، دوایی لەلای زۆر هاوبیری دڵسۆز و ڕێکخستنەکانمان خۆی کردە پاڵەوان و ئەو ئەمانەتە حیزبیانەو ئەو نهێنی و زانیارانەی من پێموتبوو، دژی سەرکردایەتی کاژیكو شەخسی خودی من بەکارهێنا، لەرێگای هاوبیرانەوە هەموو قسە و هەڵوێستەکانیم پێگەیشتەوە و کۆمەڵێ بوختانی هەڵبەستبوو، چونکە کەمن چوومە ناو شۆڕشەوە ، یەکسەر رووم لەبەشی راگەیاندن کرد و ئەوساتە شەهید دارای تۆفیقە فەندی ئاغا فەتحوڵڵا ئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوان بوو.. شاعیری جوانەمەرگ و بەهرەدار کاك جەلالی میرزا کەریم بردمیە لای و بە (نووسەر- محرر) لەئێستگەی کوردی دەنگی کوردستانی عێراق دانرام. 

دوایی لەرێگا و بەهۆی رۆشنبیر و دیبلۆماتکاری بەتوانای کورد، دکتۆر جەمال جەلال بەشەخسی بردمیە پەیمانگای کادیران (خولی

شەشەم).. ئەمە وەك خۆم عەبدوڵڵا نەك وەك کاژیکیەك، چونکە هەندێ کەس بەمەبەست یاخود بەبەرنامە بۆ چاو راو ئەیانوت عەبدوڵڵا چووە بووە بە مامۆستا لەمەعهەدی کادیران، بەرانبەر ئەوەی هەرچی نهێنی و مومتەلەکات و نامە و دیکۆمێنتەکانی کاژیك هەیە تەسلیمی پاراستنی کردووە!... راستەوتویانە، بەری رۆژ بەبێژینگ ناگیرێت!!!.. ئەوەتا حەقیقەت هەر دەرکەوت.

پێشکەشکار: ئەوانیش گلەیی ئەوەیان هەبووە تۆ زۆر لەپارتییەوە نزیك بووی، هەتا قسە لەسەر ئەوە هەیە کە عەبدوڵڵا ئاگرین رێکخستنەکانی کاژیکی بەکارهێناوە بۆ پاراستن؟!، ئەمە چییە؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: سەرتاپای ئەو قسانە هەڵبەستراو و بوختانێکی دڕکاویە، بوختانێکی زۆر زۆر روونە. چونکە من بەشانازییەوە عەرزت ئەکەم، ئەوە ئێستا منن ئەو راستیە ئەسەلمێنم هەموو ئەو نهێنیو نامەو مۆرو مومتەلەکاتانەی لامبوون لەساڵی 1969ەوە، وەك بیلبیلەی چاوم لام پارێزراون و لەبەردەستمدانو لام ماونەتەوە، خۆ

ئەگەر تەسلیمی کەسێك یاخود لایەنێکم بکردایە ئەبوایە ئەمانە ئێستا لامن (کەهەر هەموو مومتەلەکاتی کاژیکە) تەسلیم بکردیایە، خۆ ئێستا دەزگای پاراستن ماوە و شایەتی راستی قسەم ئەدەن، من ئێستا ئەوە ئەزانم با عەرزی ئێوەش بکەم، ئەوەی وەك شەخسی بیستوومە دەزگایپاراستن لەو رۆژەی کەدروست بووە تا ئەمڕۆ هەموو شتەکانی پاراستووە، تەنانەت ئەو دەنگانەی لەساڵی (1974-1975) لەرادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق پەخشبوون هەموویان پاراستووە.

جا لەوکاتەی (رۆژی سێشەممە 1974/3/12) چوومە ناو شۆڕش و بووم بەپێشمەرگە.. دواتر هەستم کرد لەلایەن هەندێك هاوبیرانی رێکخستنی کاژیکەوە جوڵەیەکی نائاسایی و ناسروشتی ئەکرێت، چونکە دوای رۆژی دووشەممە 1974/3/11 کاك شێرکۆی هەژار لێ دوورە پەرێز بوو، ئیتر دوای ئەوەی چوومە شاخیش کاك شێرکۆی هەژار نەهات بەلاما و پەیوەندی لەگەڵ من پچڕا.

دوایی بیستمانەوە پێچەوانەی بڕیارە مێژوویی و نەتەوەییانەکەی سەرکردایەتی کاژیك، ئەیانەوێ هەندێ حەرەکە پێچەوانە بکەن تەنانەت بەعەقڵیەتێکی تیرۆررزمیەوە دەست لەهاوبیرانی قیادەی کاژیکیش بوەشێنن، لەیادداشتەکانی کاکە مەم بۆتانیدا ئەم هەقیقەتە تۆمارکراوە و ئەڵێ: کاك شێرکۆ بێکەس پێی راگەیاندم و وتی: با فریای کاك هەردی بکەوین لەوانەیە شتێکی خراپی بەرانبەر بکرێ.

ئێمە پێشتر ئەمانزانی، ئەوان پلانیان وا دانابوو، بێن من کەلەوکاتەدا لەگوندی زینۆڵی شێخێ مامۆستا و بەڕێوەبەری کارگێری خولی شەشەمی پەیمانگای کادیرانبووم، کاك شێرکۆی هەژار و کاك فەرهاد عەبدولقادر بەناوی گفتوگۆوە لەگوندەکە دوورمخەنەوە و بەبێ دەنگی بەچەقۆ بمکوژن!! دواییش بەیانێکی بەرگریم لەسەر بڵاوبکەنەوە و بڵێن: وەڵا پاراستن کوشتوویەتی.

هەروەها لەبابەکراوای نزیك دەربەندی رایات و ئازادی تەقە لەجێبەکەی کاك محەمەد عەزیز (خالە حەمە) بکەن و بلێن: بارەگای بارزگانی خۆیان ئەمەیانکردووە، خالە حەمە خۆی ئەفەرمووێ: مام هەژاری مەزن و رەحمەتی تەشریفی هێنایە لام، داوای لێکردم کە دەمانچەیەك بۆ کورەکەی بدەمێ، منیش ماوەیەك ئەو دەمانچەیەم بۆ وەرگرت و تەسلیم بە مام هەژارم کرد ، کەچی دوایی پێم گەیەنرایەوە کە شێرکۆی کوڕی ویستوویەتی بەو دەمانچەیە بمکوژێ، کاکە مەم بۆتانیش ئەفەرمووێ: لەسەر قسەی کاك شێرکۆ بێکەس مامۆستا ئەحمەدی هەردیمان هێنابووە ماڵی خاڵم (عومەر دەبابە)، پیلانی تیرۆرکردنی مامۆستا هەردی بەمشێوەیە بووە. گوایا بەقسە لەماڵی کاك عومەر دەبابە بیهێننە دەرەوەو سەرینێك بخەنە سەر دەمی و بیخنکێنن، کاکە مەم لە موزەکەراتەکەی ئەڵێ: (چوومە ماڵی خاڵم و وتم: مامۆستا هەردی هەڕەشەی مردنی لەسەرە، ئەویش وتی: کێ ئەتوانێ ئەوە بکات با بێت بۆ ماڵی ئێمە)، هەر کاکەمەم

ئەفەرمووێ: (من شەوانە حەراسەتی کاك هەردیم ئەگرت)، جا ئەمە وایکرد ئێمەش بەخۆمانا بچینەوە.

هاوبیر کاکە کامیل ژیریش لە 2013/6/5 بەئامادەی کاکە فەرهاد عەبدولحەمیدو کاکە فواد سەڕاج لەماڵی خۆیان لەشاری سلێمانی فەرمووی: شێرکۆی هەژار هەوڵی کوشتنی منیشی داوە، لە سلێمانی شەو هەبووە درەنگانێو لەناوەختا خۆی ئەکرد بەماڵا، بەڵام دیارە بەهۆی ئامادەگیی خۆمەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوتووە.

پێشکەشکار: باشە.. لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە 1974دا ئێوە ئەچن بۆ شاخ و ئەندامانی سەرکردایەتی کاژیك هەریەکە و ئەچن بۆ شوێنێك، لەو دەمەیا کاك ئەحمەد سەلام و کاك فەرهاد عەبدولقادر هەریەکەیان بەبیانوویەك واز لەکاژیك ئەهێنن، ئەوان بۆ ئەوەیان کرد؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: ئێمە وەك قیادەی كاژێك تاكو 1974/3/11 داواكاری لەوجۆرەی هاوبیری خۆشەویست مامۆستا ئەحمەد سەلام و كاك فەرهاد عەبدولقادرمان پێنەگەیشتووە، سا نازانم لەدوای ئەوەوە، وازیان لەو تاقمە هێنابێ.. ئەوەی من ئاگاداری بم كاك ئەحمەد سەلام وازی نەهێنا بوو، بەڵام ئەوان ئەو حەرەكە پێچەوانەیەی كاژێكیان پێخۆش بوو، پڕوپاگەندەیان ئەكرد بەوەی. كاژێك تەنزیم و كار و چالاكی خۆی تەجمید كردووە و ئەمە سەفقەیەكە لەگەڵ مەلا مستەفادا ئاڵوگۆڕییان بۆ پارە و مەنسەب پێكردووە.

پێشتر ئاماژەم پێكردووە و بەبەڵگە ناراستی ئەو بۆ چوونەم سەلماندووە ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نەبوو و نییە من بەدرێژایی ئەو ماوە دوورەی لەشاخ ناو شۆڕشدا پێشمەرگەبووم، بارزانی رەحمەتیو جوانەمەرگ كاك ئیدریس و كاك مەسعودم نەبینیوە، نەبەقسە نەبەنووسین نەبەهیچ شێوەیەك، كاك كامیلیش هەر هەمان شت، ئینجا ئەو تاقمە وتیان: ئێمە ناوچەیەكی تایبەت و سەربەخۆ بۆ

پێشمەرگەو کاروچالاکی کاژیك دیاری ئەکەین، قیادەی کاژیك لە 1972/5/25دا بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەرزە سیاسیانەی ئەوان: بڕیاری وەرگرتنی هەڵوێستێکی دڵسۆزانە و نەتەوەپەروەرانەماندا، تواناکانمان بەشۆڕش ببەخشن، چونکە ئەگەر هەڵوێستێکی نێگەتیڤانەی لەو جۆرەمان وەرگرتبایە کار و چالاکیمان ئەنجامیدایە، ئەبو ئیستیدامان لەگەڵ قیادەی بارزانی نەمرو شۆڕشدا بکردایە، بەتایبەتی ئەو جەماعەتەی پاراستن، ئەوەش بیانوویەك بوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی کوردستان.. باشە هەڵگیرسانی شەڕو پێکدادان لەناوخۆی کورد و شۆڕشدا لەقازانجی شۆڕش‌و میللەتەکەماندا بوو؟ کەپێشمەرگە بچێ بەگژ پێشمەرگەیا و شەڕ بکەن؟

ئەوسا گەر خوانەخواستە کاری وارووبیدایە، بەدڵنیایەوە مەسیرمان هەر ئەوەبوو یان بچووباینە پاڵ بەعس یان ئێران، کە ئەوەش

هەڵوێستێکی خیانەتکاریانە ئەبوو، بۆیە ئێمە ئەو بڕیارە
مێژوویەماندا.

بەڵام ئەوان بژارەی نەخوازراویان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێکیان
دروستکرد وەك ئێستا بیٚ لەیادمە (شەهید مامۆستا شەریف
مەولوود) ئەندامێکی پێشکەتووی چالاكو دڵسۆزمان بوو، پەیوەندی
راستەخۆ بەمنەوەبوو، قسەو بۆچوونو هەڵوێستی ئەو شەهیدە
جوانەمەرگەی کورد جێی تەواوی بڕواومتمانەم بوو، سەرساغ،
راستگۆ، بیٚ فرتو فێڵ.

لەقەسری سەلامی نزیك چۆمان پێیڕاگەیاندم، وتی: خۆم
بیستوومەتەوە بەکردەوە ئاگادارم لەپێنجوێن حەرەکەیەك هەیە،
ویستویانە تۆ بکوژن، بەناوی مناقشەوە لەمەعهەدی کادیران لەزینۆی
شێخی دوورتخەنەوەو بەچەقۆ سەرتببڕنو بتکوژن تەنانەت: شێرکۆی
هەژارو فەرهاد عەبدولقادر بۆ ماوەی هەفتەیەك، بەهەسان چەقۆکەیان
تیژکردووەو شێرکۆ وتویە: بەیەك زەربە خپی ئەکەین!!.

هەڵوێستی جوامێرانەی تێکۆشەری دڵسۆزی نەتەوەییو سەرکردەو

پێشمەرگەی ئازا، شەهید کاکە فەتاح ئاغای حەمە ئەمین ئاغای زێ

ئەو دەنگۆیە ئەبیستێ، هەڵوێستێکی یەکجار جوامێرانەی ئەبێ، من

هەرگیزو تاماوەم لەیاد ناکەم، ئەو قارەمانە جگەرسۆزێکی دەگمەنو

بێ ئەندازەم بوو.

(شەهید فەتاح ئاغای حەمە ئەمین ئاغای (زێ

شایانی ئاماژەیە لەخیلالی 1974/3/11 تاکو 1975/3/20

لەناو شۆڕشدا بەخزمەتی نەگەیشتمو مەخابن بە دیداری شاد نەبووم،

ئەو شەهیدە قارەمانە، سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕو فیکری پاك بوو،

مرۆڤێکی مەزنو بەوەفا بوو، خاوەنی بەهای ئەخلاقی نموونەیی بوو،

لامن ئەیفەرموو کە ئیلتیزامی لەگەڵ مرحوم جەنابی مەلا مستەفایا

هەیە، ئەیوت: من مولزەمم لەگەڵ جەنابی بارزانیدا، بۆ خۆم خاوەنی

ئەفکاری کاژیکم‌و لەگەڵتانم، بە دڵ پشتگیریشتان ئەکەم‌و خزمەتیشتان ئەکەم... خانەوادە تێکۆشەرو قوربانیدەرو کورد پەروەرەکەیان ئاگادارن ، من لەساڵی 1968ەوە پەیوەندیم بەهاوبیری بلیمەت‌و دڵسۆز شەهید کاکە فەتاحەوە هەبوو، ناو بەناو ئەچووم بۆ گوندەکەیان (گوندی زێ) لە ئەودیو چوارتاوە سەردانیم ئەکرد هەر دوو مانگ جارێك لەچوارتاوە بەپێ ئەرۆیشتم لە گوندی زێ بەیەکئەگەیشتین، ئەو جەماعەتە ئەیانزانی کاکە فەتاح مرۆڤێکی نەتەوەییەو ئەفکار کاژیکیە، ویستبوویان ئیستغلالی بکەن، لەوکاتەی شێرکۆی هەژارو فەرهاد عەبدولقادر، نیازیان تیرۆری من بوو ، هەروەها بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاژیك دەست لەسەرکردایەتی بوەشێنن‌و ئێمەو مانان تیرۆرکەن، پێشمەرگەی دڵسۆزی کورد کاکە فەتاح بانگی کردبوون، پێی وتبوون: (یەك دڵۆپ خوێن لەلوتی کاك عەبدوڵڵا بێت یەك بتڵ خوێنتان لێ دەرئەهێنم کاری وامناڵانە نەکەن) ئا ئەوە خەسڵەتی مەزن‌و وەفای مرۆڤی نەتەوەییە، ئینجا

دوای ئەوەی ئەمە سەری نەگرت ئەو جەماعە بەیانێکیان دەرکرد، لەبەیانەکەیا بەناوی ئینقلابی دووەمی کاژیکەوە، بەخەیاڵی بڵاوی خۆیان (11) هاوبیری سەرکردایەتیان گسک لێداوە، بەتایبەت شێرکۆ ی هەژار زۆر ناهەقانەو بێ ویژدانانە دەستی لەسەر من داگرتبوو، ئەم عەبدوڵڵایەی تا دوێنێ چۆن وەك مورید سەیری شێخەی ئەکات، ئەویش ئاواتە تەماشای ئەکردم، کەچی لەو بەیانەدا بەمووی ناوماست ناو زەدەی کردبووم و کۆبەپەرستو بێ رەوشت داینابووین، دیارە رەوشتو بەهای بەرزو پیرۆز لای کاك شێرکۆی هەژار ئەوەیە: کە باوك و دایکی پێهەڵئەسەنگێنێ لەکتێبی (هەژارو مرۆڤـ و دەوربەری) لە بەشی یەکەمداو لەدوو بەشەکەیدا، ساڵی (2008زاییینی-2620کوردی) بڵاویکردۆتەوە زۆر بێ ویژدانانە لەو سونبولە نەتەوەیی و شاعیرە هەڵکەوتووەو خاوەن فەرهەنگی زمانە (هەژار موکریانی) باوکی ئەدوێت، بۆ ناوزڕاندنو سووکایەتی پێکردن: نەك تیرو تەشەر، بەڵکو بوختانی ئەوتۆی بۆ هەڵئەبەستێت، مرۆڤ

قیزی لێئەکاتەوە.. کەچی بۆ بەرژەوەندی خۆی ناز ناوی هەژاری باوکی، بۆ خۆی هەڵبژاردووە!!.

باشە مرۆڤێك.. ئەو هەموو قسە ناشریفو پۆخڵانە بەبابی بڵێت.. ئیدی چاوەڕوانی چی بۆ کەسانێك لێدەکرێت، خۆشینەوێت یاخود ململانێ لەگەڵدا هەبێتو بەمونافیسی خۆی دابنێت!!

ئەمەش ئەو بەیانە ناجوامێرانەیەیە، کە قسەی زۆر زۆر ناهەقیو رەقو ناخۆشی تیایە، ئەڵێ: (گسکمان لێدان، ئەو مووەمان لەناو ماستا دەرهێنا گوایا ئێمە پاراستن بووینو لەناو کاژیکدا لەلایەن بارزانیەوەچاندراوین!! گوایە ئێمە لەگەڵ کاژیکدا راستگۆنەبووین!!.. دیارە ئەو سەر راستە، لەبەر رۆشنایی هەموو شرۆڤەیەکی سیاسیی ئەو بەیانە، ناپاکیەك بوو کرا ،چونکە تا ئەو دەمە سەکردایەتی کاژیك لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرو تۆقێنەرو سیخوریەکانی حکومەتی: (عێراق، ئێران، تورکیا سوریا)ەوە، بەتایبەت حزبی بەعسی رەگەزپەرست ئاشکرا نەبوو، تەنیا بەگۆمان ئەم یاخود ئەویان

بەکاژیك تۆمەتبار ئەکرد، زانیاری ناو ئەو بەیانە، بووە بەڵگەیەك بەدەست دەزگا سیخوریو داپڵۆسێنەرەکانی داگیرکەرانی کوردستانو دوژمنانی ئازادیو سەربەخۆی کوردستان، ئەمەش بۆ ئەوەی جەزرەبە بەوانە بگەیێنن رێبازی کوردایەتی پەیڕەو ئەکەنو ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

لەو ساتە ناخۆش و نەخوازراوەی کاك شێرکۆی هەژار و یەك دوانێکی ) دی لە 1975\1\25دا، بەناوی سەرکردایەتی کاژیك بەیانێکی ناوزڕاوی لێواولێو لە بوختان و تۆمەتباران کردن بڵاو کردەوە. بۆچوونی نارەوا و هەڵوێستی ناشارستانیانەیان، بەرانبەر سەرکردایەتی کاژیك بەگشتی و بەرانبەر خودی من بە تایبەت نواند. ئیدی لەوساوە تا نووسینی ئەم کتێبە راشکاوانە و بە زمانێکی لۆژیکی مەقبوڵ سەرکۆنەی ئەو کەچرفتارییەی کاك شێرکۆی هەژارم کردوە.. ئەو لەو ساتەی 1975\3\19گەڕاوەتەوە عیراق تا ئەم نووسینە بەهیچ شێوەیەك نەگەتیڤانە باسی منی نەکردوە، "ئەو" دووجار ویستویەتی

من ببینیٚ: جارێك بە تەنیا و جارێك لەساڵی 1979دا، کاتێك لە سەماوە نەفیکرابووم، لەگەڵ کاك فەرهاد عەبدولحەمید هاتن و من هەردوو دیدارەکەم رەتکردەوە: پێموایە: دوای ئەم نووسینەم هەر رەفتارێکی پێچەوانەی دەرخستنی ئەم راستیانەی هەبێت، ئەوا ئاکامی هەڵچوونی جامی تووڕەیی و گرژیی دەماری کین و ئینتیقامی کوێرانەیە و رەهەندی وەهمی و بنچینەیەکی پوچەڵە و جێی بڕوا و متمانە نییە).

پێشکەشکار: جگە لە گومانەکانیان، ئازاد مستەفا ئەڵێ کاژیك هەر بە مردوویی لەدایك بوو، ئەڵێ یەك وەسیقە و یەك دیکۆمێنتی

لای خۆی نەبووە، هەرگیز کۆنگرەو کۆنفرانسێکی نەبەستووە، هیچ ئۆرگان و بلاۆکراوە و نامیلکەیەکی نەبووە، ئایا ئەو رەخنانەی ئازاد مستەفا بێ هۆکارن؟، ئەڵێ یەك کادیری سەرکردایەتی کاژیك نەگیراوە و کەسێکیان لە سەر نەتەوەیی بوون و کاژیك بوون زللەیەکیان لێ نەدراوە؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: من نازانم و ئاگاشم لێی نییە شەهیدی جوانەمەرگ کاکە ئازاد مستەفا چۆن و لەکوێ ئەو بۆچوونو بیرو رایانەی دەربڕیوەو بلاوکردۆتەوە.

ئەگەر (ئەو) بۆ چوونانەشی وتبێت، لەو روانگەیەوەیە (ئەو) لەسەرەتاوە واتە لەساڵی 1961ەوە ئاگای لەدیوی ناوەوەو نهێنیو هەموو چالاکییەکانی رێکخستنەکانی: یەکێتی (قوتابیو لاوان) نەتەوەیی کوردو پارتی گەلی کوردو کاژیك نەبوو. (ئەوەش خەوش نییە وتیێزێکی ئاساییە) من بەتەشەر نایلێم.

کاکە ئازادی شەهیدی جوانەمەرگ بەر لەرێکەوتننامەی (11)ی ئازاری 1970ی نێوان شۆڕشی کوردستان بەرابەرایەتی بارزانی مستەفا، لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەڕێگای کاکە عومەری برامەوە .بۆ یەکەمجار پەیوەندی بەمنەوە کردو هاتە پێشێ

یەکەم نامەی داواکاری ئینتمای بۆ ناو کاژیك لە1971/10/31 ناردو تائێستاش لای من پارێزراوەو لێرەشدا بڵاوی ئەکەمەوە، ئەو ئاگای لەکۆنگرەکەمان نەبوو کە لە 1972/5/25 دا بەستومانە، ئەم نووسینە بۆ (رەدەڵو بەدەڵ)و وڵامدانەوەی رایەکانی شەهیدی جوانە مەرگ کاکە ئازادو هیچ کەسێکی دی نییە، بەقەدەر ئەوەی: بەقەدەر ئەوەی ئەمەوێت: هەقیقەت دەربخرێت.. دوای ئەوەی لە1959/4/14دا کۆنگرەی دامەزراندنی کاژیك بەسترا، کاژیك درێژەی بەخەباتی داوەو لەکاتی (4,30)ی عەسری رۆژی پێنجشەممە 1972/5/25 یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێداوەو پێشتر لەم نووسینەدا، .بەوردی ئاماژەی پێکراوە

کاژیك لەرێگای: رێکخراوی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کوردو قوتابیانی نەتەوەیی کوردوە رۆژنامەو ئۆرگانی (چرای کوردستان و رابەر) پارتی گەلی دەرئەکردو دەیان نامیلکەشمان هەبوو لەوانە: (هەقیقەتی کاژیك، نێوان کاژیكو بارزانی.. تاد..).

سەبارەت بەوەی: یەك کادیری سەرکردایەتی کاژیك نەگیراوەو لەسەر نەتەوەیی بوونو کاژیك بوون، زللەیەکیان لێنەدراوە.. لەگەڵ ڕێزی بێ پایانما بۆ ئەو شەهیدە، سەر بەرزو موقەدەسە، ئەو بڕیارە پەلەو بێ ئاگای باڵی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە.. دەنا ناوەندی بڕیارو دەستەڵاتداری سەرکردایەتی کاژیك هەموو زانیارییەکانی لایە.. بەنموونە: دڵسۆزو سەرکردەیەکی کاژیك پێشمەرگەی لەخۆبوردی شۆڕشی ئەیلول، مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین لەساڵی (1961-1962) لەلایەن رژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە گیراو رەوانەی بەندیخانەی سەرای بەغدا کراو دواتر کەئازادبوو، یەکسەر چۆتە ناو شۆڕشەوە.. هەروەها لەئەنجامی چالاکیو کاری سیاسی کاژیکی

لەساڵی 1962 شەهید سەعید گەوهەرو مامۆستا غەفور ئەمینو ئەبوبەکر مەلا مەجیدو چەندینی دیی لەلایەن رژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە، لەسەر خەباتی کاژیکیی کوردایەتی لەبەندیخانە توندکراون.. ئەمە جگە لەوەی لەسەر خەباتی کاژیکێتی چەند هاوبیرمان نەفیو دووخراونەتەوە، بەنموونە: کوردی جەسوورو جوامێرو بەتوانا.. کادیری پێشکەوتووی کاژیك کاکە جەلالی دەروێش قادر لەساڵی 1967ەو، بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر خۆیو خانەوادە بەڕێزەکەی بۆ شاری (حلە) نەفیکران.. هەروەها شاعیری گەورەی کوردو هاوبیر شێرکۆ بێکەس ساڵی 1967 لەبەغدا لەمەنفا ئەژیا.. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر دەست دانەگرمو نەڵێم: سەدان، ئەوا دەیان کاژیکی لێبوردوانە لەناو شۆڕشدا پێشمەرگەی دیارو گیان بەختکەربوون.. بۆ ئەوەی گوایە کاژیکیش لەسەر کاژیکیەت زللەیەکی لێنەدراوە ئەوا نەك زللە بەڵکو هاوبیران: مامۆستا حەمە ساڵح فەرەجو تێکۆشەری کاژیکیی ون ناو مامۆستا عیزەت رەشید هەردووکیان لەساڵی 1974دا لەلایەن

رژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسەوە، لە ناوشاری سلێمانیدا گیرانو دواتر ئیعدامکران. ئا ئەوانە چەند نموونەیەك لە قوربانی نەتەوەو کاژیکن.

پێشکەشکار: جەمال نەبەز لە شەستەکان بانگی کاژیکی لەبەرلین بڵاوکردەوە.

عەبدوڵڵا ئاگرین: بەڵێ بەڵێ، بڵاوکراوەی زۆری بەهادار لەڕێگای کاکەدکتۆر جەمال نەبەزە بڵاوکراوەتەوە، دواتر ئێمەش لەکوردستان بڵاومان ئەکردەوە، کاژیكو بارزانی، کاژیكو شۆڕش، کاژیكو حکومەتی عێراقی، هەروەها کۆمەڵێ بەیاناتی دیکە، سەبارەت بەوەی لەلایەن دەزگا تۆقێنەرو سیخورییەکانی حکومەتە داگیرکەرەکانی: (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) جەزرەبەی گوشندە لەڕێکخستنەکانی کاژیكو ڕێکخراوەکانی نەدراوە.. بەبۆچوونی هەموو خاوەن ویژدانێك ئەوە ئەبێت بەتەقیدرەوە هەڵسەنگێنرێت، هەقەو ئەبێت ئافەرین لەدیسپلینی ڕێکخستنی کاژیك بکرێ، بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەوەوە ئەکەم من لەساڵی 1969وە تا

ساڵی 1974 بەرپرسی ئەو تەنزیمە بووم، نەمهێشتووە رایەڵو جومگەکانی رێکخستن، شلو خاوبێتو ئەو دیسپلینە پتەوە وایکرد: هاوبیران لە هەڕەشەی نەیاران بپارێزرێت نەهێڵدرێت، خوێن لەلووتی کەسێك بێ، دوایی نەمهێشتووە تەنزیمەکەمان ئاشکرا بێتو بکەونە ژێر جەزرەبەی دەزگا تۆقێنەرو داپڵۆسێنەرەکانی حکومەتی عیراقیو سەدامو ئیرانیو هەتا...تاد کەخەڵکی بەگومان دەستگیر ئەکرد، محاسبەی شێخ محەمەدی هەرسینیان کردووە وتویانە: تۆ کاژیکی، ئەوەی پرسیاری لێ کردووە ئێستا هەڤاڵی خۆشەویستو بەڕێزمە، کاك شێخ محەمەدیش وەلامی داوەتەوەو وتویە: باشە تۆ محارەبەی کاژیك ئەکەی ئەمەوێ کاژێکم بۆ شیکەیتەوەو هەڵسەنگێنی. کاکە شێخ محەمەد هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەڵێ: کاکە کاژیك واتا:(کۆمەڵی ئازادیو ژیانەوەی یەکێتی کورد)، ئا ئەوە دروشم و ئامانجی کاژیکە ئیدی بۆ ئەبێ محارەبەی بکرێ، جا ئەو دیسیپلینە رێكو پێکە چنراوە،

فەخرە، چونکە زەربەی زۆرمان بەرنەکەوتوە، بۆ خەڵکی بەخۆڕایی بەگرتن‌و شەهید بوون بدرێت؟ خۆ ئەوە ئازایەتی نییە..!.

هەر بۆ زانیاری‌و هەقیقەت‌و مێژوو.. کاتێك شەهید کاکە ئازاد مستەفا سەرکردایەتی رێکخستنەکانی پاسۆکی لە شاخ ئەکرد، بەپێشمەرگەی دڵسۆزو چاونەترسی پاسۆك کاکە مەلا شواندا نامەکانی بۆ ئەناردم (شایانی ئاماژەیە، ئەم هەقیقەتەش بەدەنگی تۆمارکراوی کاکە مەلا شوان، لامپارێزراوە ئێستا مەلا شوان لە هۆڵەندا نیشتەجێیە).

لەم دیداردا بە دەنگ قسەکانی هاوبیری تێکۆشەر مەلا شوان تۆمار کراوە

19/8/ 2013

لەدوای ساڵی 1980وە کاکە ئازاد مستەفا پێنج نامەی بۆ ناردوم پێش ئەوەی، ئەو نامانەم بۆ بنێرێ پێشانی کاك مەلا شوانیداوەو فەرموویە: بیخوێنەرەوە. پێی وتووە: با ئەو مامۆستایانە بێن، ئەم جەنگڵەستانە، تەنیا بەمن نابڕێ بەرێوە. لەنامەکاندا شەهید ئازاد ئەوەی بۆمن دووپات ئەکردەوە کە بڕوام وایە بەتەوازعوەوە بووە، ئەیفەرموو: (تۆ مامۆستاو من قوتابی، تۆ سەرکردە من کادیر).. ..نامەکان لەلام پارێزراون

چۆن ئەو بەیانەی جەماعەت دەریانکرد چنگمکەوت؟ من لەناو چۆمانەوە لەدوکانەکەی کاکە حەمە سدیقەوە بۆ قەسرلسەلام ئەچووم کەبارەگای ئەمانەتی گشتی رۆشنبیرو لاوانبوو. شاعیری جوانەمەرگ جەلالی میرزا کەریمی رەحمەتی هات وتی: کاك عەبدوڵڵا بەیانێکتان لەسەر دەرکراوە ئاگاداری؟ وتم نەخێر، وەلەراستیدا نەمبینی بوو، دوایی هاوبیری بەوەفاو دڵسۆزم کاکە نەورۆزی مەلا عەلی بەیانەکەی بۆ هێنام، زوو زانیم ئەو جەماعەتەیە، بەتایبەت زۆری قسەکانی هی

کاك شێرکۆی هەژاربووە کە پێشتر من لامدرکاندبوو!!، سەیرم کرد، لەبەیانەکە ناوی ئێمەی تیایە کەئەڵێن، ئەوانەمان پاکۆدا مەسەلەن ئەڵێ (ج.نەبەز، أ.هەردی، ك. ژیر، ع.جەوهەر، أ.احسان، ع.ئاگرین، ف.ع) کەهەموو کەس ئەزانێ مەبەست لەکاکە دکتۆر جەمال نەبەزو مامۆستا ئەحمەد هەردیو کاکە کامیل ژیرو مامۆستا عەبدوڵا جەوهەرەو عەبدوڵلا ئاگرینو مامۆستا فائق عارفە...تاد.. ئەوسا مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر وازی هێنابوو کاکە دکتۆر ئیحسان فوادیش لە 1961ەوە فڕی بەسەر کاژیکەوە نەمابوو، لەوکاتە ئێمە پێشمەرگەبووین، واتە 1974 ئەو بەڕێزو خۆشەویستو مرۆڤە خاوێنە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کوردی بوو لەشاری بەغدا، ئینجا دوایی کۆمەڵێ قسەی ناخۆشو بوختانی سووتێنەریان کردووە، بەیانە کە بەشێوەیەکی فراوان لەڕێگای قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعیەوە بڵاوئەکرایەوە، کەسی سەرەکی کە ڕۆڵی لەنووسینی بەیانەکەدا بوو، کاك شێرکۆی هەژار بوو، خەتای هاتنە پێشەوەی کاك

شێرکۆی هەژار بۆ خۆم ئەگێڕمەوە، چونکە کاك شێرکۆی هەژار من هێنامە ناوەوەو گرینگیم پێداوە، لەڕۆژی 1974/1/17 کۆمەڵی سڕیاتم لادرکاندو بەدڵپاکی خۆمو ئەو بڕواو متمانە نەتەوەییو کاژیکیەی بەوم دابوو (دیارە بەهەڵە دا چووبوم) چەند ئەمانەتێکی ڕێکخستنم دابویێ ، لەبەیانەکەدا رەنگیان دابووەوەو هاواریان ئەکرد، لەبەیانەکەدا جگە لەو نهێنیانەی لەمنی وەرگرتبوو هەندێ زانیاری نووسیبوو سەرچاوەکەی وەهمو خەیاڵ بێ ئاگایی بوو، بەیانەکە بڵاوکرایەوە، ڕۆژێکیان کاك دارا تۆفیق کە لەشۆڕشداو ئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوان بوو و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیشبوو، لەڕێگای کاك مستەفا ساڵح کەریمەوە کەبەرپرسی بەشی کوردی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو بانگی کردم ، بەئامادەیی کاکە مستەفا، وتی: کاك عەبدوڵڵا بەیانێك دەرکراوە نازانی کێن؟ من بەبەڵگەوە باشم ئەزانی ئەو بەیانە لەلایەن کاك شێرکۆی هەژارومامۆستا فەرهاد عەبدولقادر کەسانی دیەوە.. دەرکراوە، وەلێ

ئەخلاقی پەروەردەیی نەتەوەیی‌و کاژیکیم رێگای نەئەدام یەك زانیاری یاخود (ناوی ئەوانە ئاشکرابکەم) بەیانەکەیان لەسەر دەرکردوین ئەمە لەکاتێکدا بەیانەکە لێواو لێو بوو لە بوختان‌و هێرشی نارەواو تەنانەت رێکخستنەکانی کاژیکیان لێهانئەداین بەگژماندابین‌و تەنانەت هەوڵی تیرۆر کردنیشمان بدەن! لەگەڵ ئەوانەشدا من ئاشکرا کردنی ئەو ناوانەم (تەنانەت لەلای کەسێکی پاك‌و دڵسۆزو سەرکردایەتیەکی پارتی‌و شۆڕش) بەکاری نائەخلاقی سیاسی‌و سیخوڕی‌و ناپاکی دا ئەنا.

پێشکەشکار: مامۆستا عەبدوڵلا، کێشەی ئەو دەمەی کاژیك لەگەڵ بیری مارکسی‌و شیوعیەکان چی بوو؟.

د. عەبدوڵلا ئاگرین: حەرەکەی سیاسی کوردی لە1920ەوە بەرەو ژوورو بەتایبەتی لەدوای ساڵی 1934، لەلایەن رۆشنبیرانی

عێراقیوکوردستانی واکەوتبووەوە، ئەوەی پشتگیری بلۆکی سۆشیالیستو یەکێتی سۆڤیەت نەکات یان ئەوەی ئەفکاری مارکسی نەبێ بەتەقەدومیو ئاشتیخوازو میللەتپەروەرو جەماوەر پەروەر دانانرێتو گوایە لەگەڵ مافو ئازادی چینی کرێکارو جوتیاراندا نییەو پشتگیری داگیرکەرانی رۆژئاواو چینی بورجواو سەرمایەدار ئەکات، لەگەڵ ئەوەی لە31ی3ی 1934ەوە حزبی شیوعیی عیراقی دامەزرا، ئەو ئەفکارە بڵاوبووەوەو زۆربەی زۆری رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانی کوردو عەرەب لە ئایدولوژیای چەپو لەبازنگەی فەلسەفەو بیری مارکس یا خۆیان بینیەوە، کوردیش هەر لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونی خەباتی نەتەوە ژێر دەستو خاك داگیرکراو وچێنە چەوساوەکانی: (کرێکارانو جوتیاران) دەریخست، ئەفکاری چەپ ومارکسیەت ئەو ئەفکارە بەتینو کاریگەرە ئەکتیفە نییە لەخزمەتی رزگارکردنو سەربەخۆی نەتەوەی کوردو دروستکردنی دەوڵەتو کیانی سەربەخۆ کوردستاندابیت، وەك ئێستا بێ، باش

لەبیرمە لەساڵی 1958دا ململانێی ئێمە لەگەڵ شیوعیو

مارکسیەکاندا ئەوە بوو: ئەیانوت: کورد ئومە نییە، میللەت نییە،

بۆیە بەپێی نەزەریەکەی ستالین نەك مارکس مادام کورد لەو پێنج

مەرجەی ستالین بۆ پێناسەو ناسنامەی (ئومە) دایناوە، تێدانیەو

بریتین لە: ( خاك، زمان، مێژوو، دابو نەریت، حکومەت- دەوڵەت)

بەو پێیە کورد مەرجی دواییان کە خاوەنی دەوڵەتە تیایدا نییە،

بەقسە شیوعیو مارکسیەکان ناکرێت کورد بە(ئومە)بناسرێت!!.

کەچی لێنین ئەم مەرجانەی بۆ ئومە داناوە: (خاك، زمان، مێژووو

نەرێت) بۆ بەدبەختی کورد ، شیوعیەکان تیۆرەکەی ستالینیان

بەسەردا ئەچەسپانینو ئەیانووت: هەر میللەتێ ئومە نەبێت، ئەوەمافی

ئەوەنییە رێکخراوی پیشەییو جەماوەریی بەناوی خاکەکەیەوە هەبێ

وەك: (یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستانو

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و..تاد) بۆیە ئەبێ قوتابیانی کورد

بچنەناو یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراقەوەو یەکێتی لاوانیش بچنە ناویەکێتی گەنجانی عێراقەوەو.. تاد.

پێشکەشکار: ئێوە لە یاداشتێکتاندا داواتان لە شیوعیەکان کرد پێکەوە جۆرێك لە هاوپەیمانی دروستکەن ، بەو مەرجەی کە ئەوان واز لە عێراقچێتی بێنن، بەو مەرجەی لایەنی کوردستانی بگرنەبەرچاو، بەلاّم ئەوان وەلاّمیان نەدانەوە، بۆ؟.

د. عەبدوڵلاّ ئاگرین: ئێمە لەڕووی فەلسەفی و فیکریەوە، لەبوارەکانی:(عەولەمەو ئایینو نەتەوەو گەردونو ئابووریو زانستیو بنیاتنانی دەولّەتی سەربەخۆی نەتەوەییەوە).

خیلافی فکریمان لەگەڵ مارکسی و شیوعیەکاندا هەیە، من هەرگیز وەك تیزی فەلسەفە دژی مارکس نیم، وەکو شەخس ، جۆری ئەفکارەکەیانم رەتکردۆتەوە، قەتیش بەرانبەریان بروام بەعونف بەکار هێنانی هێزو توندوتیژی نەبووە نییەو نابیّ، من ئاگاداری ئەوەنیم کە

داوامان لێکردبن واز لەعێراقچێتی خۆیان بێنن، کاژێك ئەو داوایەی لێنەکردون بەڵام هەموو ئەزانین کە شیوعیەکان ئەوەندەی پشتگیری یەکێتی سۆڤیەتیان ئەکردو بەئەمرو بڕیارو ڕێنمایی ئەوان بەرنامەکەیان بەجێئەهێنا، لەسەدایەکی ئەوە پشتگیری ماف‌و ئازادی کوردیان نەکردووە،بەڵام ئێمە ئەوەمان بەلاوە گرنگ نەبوو، منیش پشتگیری مەعەسکەری سۆشیالیستم کردووەو لەدژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەریتانی و فڕەنسی بووم، گرنگ ئەوە بوو ئەوان لەگەڵ ماف‌و ئازادی و سەربەخۆیی کوردی خۆشمانابن، ئەوان وەکو ئەفکار بڕوایان بەوە نەبوو کورد ئوممەیەو مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروستکات، من ساڵی 1959و 1960 لەیەکێتی قوتابیان‌و لاوانی دیموکراتی کوردستاندا بووم، جارێکیان لەگەڵ کاکە جەلالی مام ئەحمەد کە ئێستا لەژیاندایەو تەمەنی درێژ بێت لەبارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەبەرانبەر مزگەوتی گەورەو نزیك ماڵی شێخ قادری برای شێخ مەحمودی حەفید لەسلێمانی،

ئەهاتینە دەرێ (کەسێك) ئەوسا شیوعی بوو، ئێستا کوردێکی نەتەوەیی دڵسۆزەو دۆستێکی خۆشەویستمە، دەستی بۆ گیرفانی شەڕواڵەکەی بردو رووویتێکردینو وتی: دۆلارتان پێیە؟ قەناعەت بکەن ئەوسا نەمئەزانی دۆلار عوملەیەکی ئەمریکیە، جا ئەوانە وایکرد ئێمە لەگەڵ ئەوانا خیلافەکەمان درێژەی هەبێ، بەڵام هەنووکە هەڵوێستان گۆڕاوە بەئەرێنی ، مامەڵە لەگەڵ پرسو دۆزی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەوەش هەڵوێستێکی راستو جوانو سەردەمانەیەو هەمووان پێمان مەقبوولە، گرنگ پشتگیری کردنی ئازادیو مافی کوردە، رووی قسەکانم بۆ بیروڕاو بۆچوون و هەڵوێستی شیوعیەکانی لەساڵانی دوای شۆڕشی (14) تەمووزی 1958ە، بەڵام بەڕاستی دوایی دێمە سەری، لە دوای راپەرینی 1991 لە پاسۆکا دەورە ئەرینی سەردەمانە لەگەڵ حزبی شیوعیو لایەنە مارکسیەکان هەبوو زۆر بەکراوەیی و هەقیقی واقیعبینیانەوە پردی لێکنزیکردنەوەو بەیەکگەیشتنو لێکتێگەیشتم

خولقان! بەتایبەت لەگەڵ تێکۆشەری ماندو نەناس‌و خۆنەویست،هاورێ: (مەلا حەسەن- کاك فەتاح تۆفیق) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق‌و دواتر کوردستانی.. من لەگەڵ ئەو دڵسۆزەدا جگە لە تاوتوکردنی فەلسەفەی فیکری‌و ئایدۆلۆژیا نێوانمان وەك: نەتەوەیی‌و مارکسیە لەلایەك‌و لەلایەکی دی گفتوگۆمان لەسەر جۆری پەیوەندی نێوان تاك و حزبە رکەبەرەکان‌و چالاکی سیاسی‌و هەڵوێستی جەماوەر وەك پاسۆك و حزبی شیوعی ئەکرد کرد... بەتایبەت دوای ئەو گۆرانکاریە مەزنانەی لەسەر ئاستی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی لەکایەدابوو. ئیدی بۆ ئەبێت دووکەس یاخود دوو حزبی بیروباوەرو ئایدۆلۆژی‌و ئامانج جیا لەیەکەوە دووربن‌و خاڵی هاوبەش‌و بەیەگەیشتن نەدۆزنەوەو لەپێناو بەرژەوەندی باڵای جەماوەردا، تیژی و گرژی‌و دابڕان، کاڵکەنەوەو بەیەکجاری بنبڕی نەکەن؟.. من هەر لەسەر ئەو رایەم سوورم، باهەریەکەمان ئەوسا من وەك پاسۆك‌و ئەویشی وەك حزبی شیوعی کارو خەباتی خۆی درێژە

پێبدات، دژایەتی یەکنەکەین‌و جەماورو مێژووش دادوەربێت. ئا
لەدوای ئەو بۆ چوونانە پەیوەندیەکی جوان‌و بەتین و سروشتی لەنێوان
هەردوو حزبەکەماندا خولقا.

(هەڵوێستی ناسەردەمانەی شێرکۆی هەژار)

لەجێی خۆیدایە ئاورێکی دی لە لەهەڵوێستی کاك شێرکۆی هەژارو
کاك فەرهاد عەبدولقادر بدەینەوە کەبەنیازبوون ئێمە بکوژن‌و
لەناوبەرن، سەبارەت بەمامۆستایم لەپەیمانگای کادیران من تەنیا
لەرێگای دکتۆر جەمال جەلال ئامۆزای کاکە نەورۆزی مەلا عەلی
یەوە بوو، کاکە دکتۆر جەمال خەڵکی گەڕەکی سابونکەرانی شاری
سێلمانییە پیاوێکی رۆشنبیرەو لەدوای 11ی ئازار بارزانی نەمر
لەئەوروپا بەسەفیری کورد داینا، (ئەو) بوو بەبەرپرسی پەیمانگای
کادیران، بەمنی وت: داواتلێئەکەم لەپەیمانگای کادیران یارمەتیم
بدەی... ئەو متمانەیەش لەوەوە هاتبوو کاتێك ئەندامی مەکتەبی
سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانبووم، لەدوای 11ئازاری

1970 لەگەڵ خوشکی بەڕێز ناجی خانی خێزانی کۆبوونەوەی سکرتاریەتمان لەبەغدا لەماڵی ئەوان ئەکرد، خێزانەکەی ئەویش ئەندامی سکرتاریەتی مامۆستایانا بوو، ئا لەو دیدارانەدا بڕواو متمانەی برایانەو دڵسۆزانەی پێکردم، من ئاوا لەپەیمانگای کادیران بەمامۆستا دانرام، ئیدی نەسفقە بووە نەهیچ شتێك.

پێشکەشکار: تۆ لە 12ی3ی 1974 وە راستەوخۆ چوویتە دەرەوە و یەکسەر بۆ ناوپردان، حاجی ئۆمەران و ئەوناوە، کە گەیشتیە ئەوێ رۆژی دواتر چوویتە بارەگای راگەیاندن و کرایتە (محرر) نووسەری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، ئەمە چۆن بوو؟

د. عەبدوللا ئاگرین: لەیادەوەریەکی بچووکاو لە کتێبی (دژە پەیام و داشۆڕینی بەعس) بەتێرو تەسەلی ئەمەم باسکردووە، (من لەگەڵ

مامۆستا مەلا کەمالی محامیدا ڕۆیشتمە ناو شۆڕشەوە، هەستم ئەکرد (ئەو) پەیوەندی لەگەڵ پاراستنا هەبوو، لەپێش حەفتاو چوار ئەچووم

سەری کاکە محەمەدی عەزیزم ئەدا، مامۆستا مەلا کەمال لەرێگای ڕەئوفی مەلا ساڵحەوە ئەیزانی من هاتوچۆی ئەو ناوە ئەکەم جارێکیان فەرمووی: ئەو نامەیەش بۆمن بگەیەنە بارەگای بارزانی، منیش لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندیەکم بە هێڵو تۆرەکانی دەزگای پاراستنەوە نەبوو، هەرجارە نامەکەم ئەبرد بۆ بارەگای بارزانی و ئەمدایە دەست قەڵەمی بارەگاو ئەموت: ئەو نامەیە بۆ جەنابی کاك مەسعود هاتووە.

من لەرێگای هاورێو خزمم کاکە رەوفی مەلا ساڵحی مەلا زوبێری سەر شەقامیەوە ئاشنایەتیو تێکەڵم لەگەڵ مامۆستا مەلا کەمال پەیدا کرد، جارێکیان نامەکەی بەکراوەیی دایە دەستم، وتم مامۆستا ئەمە کراوەتەوە، وتی قەیناکە خۆ تۆش وەك من بۆ کوردو شۆڕشی دڵسۆزی

کراوەتەوە، وتی قەیناکە خۆ تۆش وەك من بۆ کوردو شۆڕشی دڵسۆزی و نامەکەی دەرهێناو وتی: ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی... لەدوایدا لەبری ناوی خۆی (باران)ی نوسیبوو، واتە: ناوە نهێنیەکەی مامۆستا مەلا کەمال (باران) بوو، رۆژی 1974/3/12 لەگەڵ (ئەو)و کوڕە شەهیدە جوانەمەرگەی کاکە هاوڕێی کوڕی بۆ چۆمان رۆیشتین.

رۆژی پێنجەشەممە 1974/3/14 بۆ ناوپردان چووم، کە بارەگای راگەیاندن لەوێ بوو، کەچووم بۆ ناوپردان کاك جەلالی میرزا کەریمی شاعیر هاتە بەپیرمەوە (ئەو) هەم پێکەوە کوڕی گەڕەکی چوارباغ بووین‌و هەم لەدنیای ئەدەب‌و رۆشنبیری‌و رۆژنامەگەریدا تێکەڵبووین.

دوایی (ئەو) بردمی بۆ لای کاك داراو بەیەکی ناساندین کاك دارا تۆفیقەفەندی ئاغا فەتحوڵلا وتی: ئەتوانی بێژەری بکەیت، وتم: بەخوا کاك دارا قەت بێژەریم نەکردووە، وتی: باشە ببەبەموحەریرو لە بەشی کوردیی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق دانرام، بەڵام پاش ئەوەی کەلقی سلێمانی ئەدیبان‌و هونەرمەندان‌و رۆشنبیران هاتن، باڵی شپرزەیی راگەیاندنی داپۆشیبوو، کەس بەکەس نەبوو، بێ سەرو بەرەیی بەدۆخەکەوە دیاربوو، من لەوێ زۆر بێزار بووم!!

پێشکەشکار: مەبەستت چییە لەوەی کە لەگەڵ هاتنی ئەدەیبانو رۆشنبیرانی سلێمانی بێ سەرو بەرەیی دروست بوو، تۆ کۆمەڵێك رۆشنبیری وەك لەتیف هەڵمەت و کاك موحەمەد موکریو ئەدیبانی ترت بینیوە لەوێ، رۆڵی ئەوان لە ئێزگەکەدا چی بوو؟.

د.عەبدوڵڵا ئاگرین : بەراستی بەر لە چوونەدەرەوەم من خیلافێکی هونەریم لەگەڵ لقی ئەدەبیانی سلێمانییدا هەبوو، لەرۆژنامەی ژینی کاکەی فەللاحدا وتارم ئەنووسیو رەخنەم لەهەڵسوکەوتو هەڵویستیان ئەگرت، ئەمە وەك هەڵوێستی شەخسی، ساردەیەکی لەنێوانماندا دروستکردبوو،ئیتر من لەگەڵ ئەدبیانی سلێمانی نەچوومە دەرێ، ئەوان روویانکردە تەویڵەو هێزی خەبات کە کوردی پاكو نەتەوەیی دڵسۆز شەهید کاکە فەتاح ئاغا ئامر هێزی خەبات لەوێ بوو.. دواتر ئەوان لەرێگای ئێرانەوە بۆ ئەمانەی گشتی راگەیاندن لە چۆمان هاتن، من لەگەڵ مامۆستا مەلا کەمال بەرەو چۆمان چووین، هاتنی ئەو لێشاوە ئەمەندەیتر وەزعەکەی شڵەژان، پێش ئێمە کاك محەمەد موکریو کاك کەمال جەمال موختارو کاك لەتیف هەڵمەتو کاك سەلاح شوانو کاك جەلالی میرزا کەریمو کاك عەبدوڵڵا عەباس لەوێ بوون، ئەمانە هەموو لەرۆژنامەی برایی کوردی لەبەغادا کاریان ئەکرد، هەموو ستافەکە هاتن ئیلتیحاقیانکرد، جا کاتێ کاك جەلال میرزا کەریم بردمی بۆ لای کاکە داراو بەموحەریر دایا نام، دوای کەدکتۆر جەمالم بینی و وتی:

وەرە بۆ پەیمانگای کادیران.. من زۆرم پێخۆشبوو، چونکە بۆ ئەوکاتە جێو ڕێگە زۆر گرنگ بوو، من جگە لەراگەیاندن هیچ شوێنو پەنایەکم شك نەئەبرد، تا تێیدا سەقامگیربم.. دواتر ئەوە بوو نزیك پردی ناو بازاری چۆمان ژوورێکی لەگڵ دروستکراوی بچوکم بەکرێ گرت.

ئاواو لەو حالو بارەدا دوای ئەوەی وەك مامۆستا بڕیاری مەکتەبی سیاسیم بۆ دەرچوو کاکە دکتۆر جەمال جەلال تەشریفی هێناو بەدەستی خۆی (ئەمرەکەی) تەسلیمکردم، دواتر چووم بۆ خولی شەشەمی پەیمانگای کادیران لەگوندی زینوێی شێخی کە گەیشتم کاك حەمید سوریی رەحمەتی لەوێ بوو، ئەو (ئیستیعابی) باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، کەسێکی باش بوو، ئیتر لەو خولە من دوو وانەم ئەوتەوە وانەی: (پەرەپێدانی قۆناغی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و حزبە عێراقییەکان) لەو کادیرو قوتابییانەی خولی شەشەم: کاك کۆسرەت رەسول عەلیو کاك سەعدی ئەحمەد پیرەو کاك حەمەی حەمە باقیو کاك دکتۆر سەلام خۆشناوو شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا رەحمەتی بوو، ئەوانە کۆمەڵی کادیری پێشکەوتووی بەتواناو رۆشنبیری پارتی بوون، کاك حەمید سوری بەرەحمەتبێ ماڵەکەی لەزینوێ شێخی لەنزیك پەیمانگا کەوە بوو، ئەو زۆریشی خۆشئەویستم، جاری وابوو بۆنان خواردن نیوەرۆ بۆ ماڵەی خۆی بانگیشی ئەکردم، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆتایی خولەکەداو کاتی تاقیکردنەوە، گۆڵمەزیکی لەناحەق بۆ خولقانم، راپۆرتی بۆ

پاراستنو بارەگای بارزانی لێنووسیبووم، گوایە من پرسیاری تاقیکردنەوەکانم بە کاك حەمەی حەمە باقی کە ئێستا لەژیاندایەو لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ ئەخوازمو شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵلا)داوە..!!.. چونکە پرسیارەکان هەموو لای من بوون، ئەو رایە ناراستبوو، دروستکردنی ئەو تۆمەتە، هەڵوێستێکی بێ ویژدانانە بوو بەرانبەرم، خۆ ئەوەتا ئێستا کاك حەمەی حەمەباقی لەژیاندا ماوە، خوا بەو سەرەوە شایەتە دوورو نزیك کەمو زۆر ئاگام لەوە نەبووە، دوای زانیم ئەوە بەرنامەی کاك حەمید بوو لەرێگای کاك شەکیب ئاکرەییەوە کە بەرپرسی پاراستن بوو بەناهەق بەرانبەرم دارێژرابوو!!. پاراستینش ئەیویست لەپەیمانگا نەمێنمو بۆ خولی دواتر واتا خولی حەوتەم نەچمەوە، کاك حەمیدیش ئەیویست خۆی ببێتە بەرپرسی یەکەمی خولی کادیران، دەنا ئەوسا هەموو دەستەڵاتێکی هەبوو، منیش ئەو پەندە گرنگو بەهادارەی لە مامۆستام کاك فەرەیدون عەلی ئەمینی رەحمەتیەوە فێربووم، ئەڵقەیەکەو لەگوێم گرتووە، ئەو هەمیشە ئەیفەرموو: کاك عەبدوڵلا ئەگەر ویستت بچیتە شوێنێك، زانیت پێویستیان پێت نییە یان پێیان خۆش نییەو دووچاری کێشەو سەریەشەت ئەکەن مەچۆو بەپەلە لێیان دووربکەوە.

منیش زانیم ئەم ماستە بێ موونییەو کێشەم بۆ دروستئەکات، دوای تەواو بوونی خولەکە یەکسەر بۆ سەردانی دایکمو هاوسەرەکەم (شەمسەکەریم غەفور)و ئاگرین بۆ تەوێلە رۆیشتم، چونکە ماوەی هەشت مانگ بوو،کەسیانم نەبینیبوو.

پێشکەشکار: تۆ ئەو فەزڵی دانانەت لە پەیمانگەی کادیران ئەگێڕیتەوە بۆ دکتۆر جەمال جەلال، بەلاّم هەر خۆت ئاماژەت بەوە کردووە کە لە 20ی 3ی 1975ەوە .تائێستا ئەو پیاوەت نەبینیوەتەوە. ئەمە بۆ؟ 

د. عەبدوڵلاّ ئاگرین: بەڕاستی دانانی من لەپەیمانگای کادیران فەزڵەکەی بەتەنیا بۆ شەخسی ئەو ئەگەرێتەوە ، من ئێستاش هەمان بیروراو هەڵوێستی ئەرێنیو رێزو خۆشەویستی بێ ئەندازەم بەرانبەر ئەو رۆشنبیرە جوامێرە (دکتۆر جەمال جەلال) هەیە.. من کەلە 1975/3/20ەوە نەبینیوەتەوە.. بەئانقەست نەبوو، ئەو دوای ئەو هەرەسە ناخۆشەی شۆڕشی ئەیلول بۆ بەغدا گەڕایەوەو دواتر وەك بیستم بۆ خوێندنو تەواوکردنی تێزێکی دکتۆراکەی رووەو ئەمەریکا رۆیشتووە بەو جۆرە لەیەك دوورکەوتوینەوەو منیش لە 1975/3/27ەوە بۆ سلێمانی گەڕامەوەو بەسێ بڕیاری یەك لەدوای یەکی ئەنجومەنی بەناوسەرکردایەتی شۆڕشی رژێمی بەعسی عێراقی بۆشاری سەماوە نەفیکرام، ژمارەی کتابەکان: (1190/10و 1283/10و 1360/10 لە 4/30و 5/8 و 1975/5/15)ن رادەستی بەڕێوەبەر ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی مامۆستا (سەلمان) کرابوو کە بەشەخسی و بەپەلە پێمڕاگەیێنێ و (ئینفکاکم) پێبکات و نەفی شاری سەماوە بم.. نوسخەی

ئەو دوو ئەمرە لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانیو ئامادەیی پیشەسازی هەیە لێرەشدا بڵاوی ئەکەمەوە، و من بەرەو مەنزڵگای نەفیم رۆیشتم، پێنج ساڵ بەنەفێتی لەسەماوەی نزیك (نوگرە سەلمان) مامەوە..

بەنوقورچگرتنو تەشەرنایلێم: ئەمە لەکاتێکدا دەیان سەرکردەی پێشمەرگە (ئامر بەتالیۆن)و کادیری سیاسیو راگەیاندنی پێشکەوتووی ناو شۆڕشو پارتی و تەنانەت ئەوانەی بەیانەکەیان لەسەر ئێمەش دەرکرد، لەوانە کاك شێرکۆی هەژارو کاك فەرهاد عەبدولقادر لە 1975/3/19ەوە هاتبوونەوەو لەناو شاری سلێمانیدا بەئازادی ئەگەڕان!!.

پێشکەشکار: بابێینە سەر رۆڵی دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین وەك نووسەرو موحەریر لە ئێستگەی دەنگی کورردستانی عێراق لەساڵی 1974- 1975؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: دوای ئەوەی لە پەیمانگای کادیران ئەو حاڵەتەی نەخوازراو ناڕاستە هاتە پێشەوە، من روومکردەوە راگەیاندن لە ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق، پێشتریش موچەکەم هەر لەراگەیاندن وەرئەگرت، موچەی مامۆستایم بەر

لەئیلتحاقم لەشار (54) دیناری ئەسڵی بوو ئەو موچەیە بۆ ئەوسا موچەیەکی موحتەرەم بوو، بەموچەی (هایلایف)ی ناوئەبرا، لەراگەیاندن 27 دیناریان ئەدامێ، جا ئەچووم ئەم (27) دینارەم لەوێ وەرئەگرت، بۆیە دواتر بۆ ئەوێ گەڕامەوە.

سەرەتا بە نابەدڵیەوە بۆ راگەیاندن چوومەوە وامئەزانی هەر فەوزاکەی جارانە، کەچی بۆ چوونەکەم سەریکردو وا دەرنەچوو، بەڕاستی کاك مستەفا ساڵح کەریمی براو دڵسۆزم، جوامێرانە بەپیرمەوە هاتو وتی: تۆ چۆن و چی ئەڵێیت: من ئامادەم کارت پێبسپێرم.

کاك مستەفا  راستەوخۆو سەرەکیی بەرێوەبەری بەشی کوردی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو، پێشتر لەسەر ئەوەی کێ وتارێك لەئێستگە بڵاوکاتەوە، هەڵڵای لەسەر ئەقەوما، کەچی تەماشام کرد دۆخەکە گۆڕاوە، کەفو کوڵی هەڵچووی ئەو (کەس بەکەس نەبوو نییە)، نیشتۆتەوەو رەوشەکە ئارامە.. یەکسەر کاك مستەفا ئامادەکردنی دووبەرنامەی لەئێستگە پێسپاردم، بەرنامەی شەهیدانو بەرنامەیەکی تریشی دامێ بەناوی لێدوانێکی هێمنانەوە، شەوانی پێنچشەممە لەسەر هەینی بەدەنگی خۆم پێشکەشم ئەکرد، هەر ئازیزێك بیەوێو بزانێ چی لەمێشك و ناخی دەروونمدایەو ئەو راستگۆیەم بەپێوەر دابنێ. ئەوا

بابەوردی ناوڕۆکی ئەوبەرنامانە بخوێنینەوە سەرجەمی لەدووتوێی کتێبە چاپکراوەکەمدا بەناوی (دژە پەیامو داشۆرینی بەعس2013/1/1) بڵاوم کردۆتەوە. هەموو ئەو وتارانەی ئێستگەی تیایەو بەڵگەیەکی زیندووەو تەعبیرە بۆ ئەوەی کەمن دووربوومو دوورم لەبیرکردنەوە، لەمەسائیلی عونفو توندو تیژیو کاری خراپ، لەوکاتەی شۆڕشدا (بەزمانی گوڵ) بەرنامەکەم پێشکەش ئەکرد. نۆ بڵێیت: ئەو کۆنفرانسەی مانگی 1975/2 بەسیمنار یاخود کۆبوونەوەیەك دابنرێت!.

خواو ڕاستان ئەو بەرنامانە هەمووییم نووسیبووەوە، ئێستا بەدەنگی و تۆمارکراوی لەبارەگای مەکتەبی سیاسیش هەیە، جا لەو ماوەیە کەلە ئێستگە بووم، بەیانەکەی کاك شێرکۆی هەژاریش دەرچوو بوو کاك کامیلم بینی، عەرزمکرد:

مامۆستا کامیل ژیر – عەبدوڵڵا ئاگرین

بادانیشتنێك یاخود کۆبوونەوەیەك بکەین، بزانین ئەمە چییەو بەرەو کوێ ئەچێت؟... عەرزمکرد لەگەڵ ئەوەیام ئەو تاقممە کاری خۆیان بکەن، کۆمەڵێ گەنجن بازانین ئەتوانن شتێ بەشتی بکەنو پەیامی پیرۆزی نەتەوەیی بەئاکام بگەێنن! هەرگیز پێمڕاستنیە ڕێگا چالاکی سیاسیو ئازادی لەکەس بیگرێت، بەڵام

بائێمەش لەحاڵی خۆمان بپێچینەوەو کاروبارو چالاکیەکانی رابردووو ئێستا خۆمان هەڵسەنگێنین. لەسەر پێشنیاری (من)بڕیاردرا، کۆنفرانسێك بەئامادە بوونی سەرکردایەتی کاژێكو کادیرە پێشکەوتووەکانمان، ببەستین، ئەو کۆنفرانسە لەمانگی دووی 1975 دا لەماڵی مامۆستای مەزنم کاك ئەحمەد هەردی لەشاری نەغەدە سازکرا.

ئەحمەد هەردی کامیل ژیر شەهید نوری حەمە عەلی

عەبدوڵڵا ئاگرین

مژدە تاهیر فایەق عارف فەرهاد

عەبدولحەمید فەتاح عەبدولرەزاق

محەمەد مەجید ئەسلان      عومەر حەمە شەمەیی

نوری کەریم

هاوبیرانی ئامادەبووی کۆنفرانسی (کاژیك) لە مانگی دووی 1975 لە شاری نەغەدە

هاوبیری بەرێزو خۆشەویستم کاك کامیل ژیر بەنەرێتی رووبەرووبوونەوەیتیکردمو خۆی پرسی تۆ کێ پێشنیاز ئەکەیت؟ . تۆبلێیت، ئەو کۆنفرانسەی مانگی دووی/1975ی شاری نەغەدە بەسمینار یاخود کۆبوونەوە دابنرێت؟ یا لە راستیدا ئەویش کۆنفرانسێك بوو.

منیش پێشنیازی ئەم دلسۆزانەم کرد: ( مژدە تایەر، فەرهاد عەبدولحەمید، عومەر حەمەشەمەیی، نوری کەریم، شەهیدی غەدر لێکراو پێشمەرگەی دلسۆزو پالەوانی شەرەکانی چیای سەرتیزو گەرووی ئۆمەر ئاغا کاکە نوری حەمەعەلی) ئەمە جگە

لەئەندامانی قیادە: مامۆستا هەردی و مامۆستا فایەق‌و مامۆستا محەمەد مەجید و کاکە فەتاح عەبدولرەزاق.. من ئاگادار کاکە فەرهادو کاکە مژدەو کاکە عومەر کردەوە، تا ئەوانی دی ئاگاداری بکەنەوە.

بڕواتان هەبێ من ئەمەم لەیاداشتەکانمدا نووسیوەو تۆمار کردووە، کەچی لەو ماوەیە هاوبیرێکی بەشداربووی کۆنفرانسەکە لێیپرسیم: ئەرێ کاك عەبدوڵڵا تۆ بۆچی بۆ کۆنفرانسەکەی نەغەدە نەهاتی‌و ئامادەنەبوویت؟.. بۆ ئەو قسەیە زۆر سەیرم پێهات‌و لەدڵی خۆمدا وتم: دیارە ئەمجۆرە رووداوە گرنگ‌و ناسکانە لەکاتی خۆیدا تۆمار نەکرین ئەوە لەوەیە بەتێپەڕبوونی تەمەن لەمێشك‌و بیرەوەریەکاندا بسڕێتەوە وا لەهەندێك مرۆڤ بکات بەئیلحاحەوە نکۆڵی لەراستیی واقیعی ئەو رووداوانەش بکات‌و دەست لەسەر (نسیان الژاکرە)ی خۆی دابگرێت.

وتم: کاکە ئەی باشە ئەوە کێ بوو پێنیازی کۆنفرانسەکەی نەغەدەی کردووەو تۆشی بۆ بەشداربوون پالاوت؟. من بەنووسین بەشداربوان‌و ناوەرۆکی کۆنفرانسەکەم تۆمار کردووە، لە کۆنفرانسەکەدا هاوبیرێك پێشنیازی ئەوەی کرد: کەئیجرائاتی توندو تیژ بەرانبەر بەشێرکۆی هەژارو ئەوانە بکرێت بەیانەکەیان دەرکردبوو، هەمووان ئاگادارن من دەستم بەرزکردەوە و وتم: من لەگەڵ ئەم پێشنیازەدا نیم، چونکە ئێمە نەمانتوانیوە پەیامەکەی کاژیك بەمەنزلی ئاوات بگەیەنین،ئەگەر ئەو جەماعەتە

هەرزەیەواز لەو هەڵوێستو فیکرە جەهەنەمیانو خراپەکاریانەنی خۆیان بهێنن، کە ئەیانەوێت ئەنجامیبدەنو بەگژ ئەوا بچن ئەم یاخود ئەو بکوژن، ئەوا بابەئازادی کارو تێکۆشانی خۆیان بکەنو وەڵڵا پشتگیریشیان ئەکەین، پاش گفتوگۆیەکی وردو بەسوود کۆنفرانسەکە کۆتایی هات

بڕوام وابوو ئەوتاقمە دروشمیان: بەکارهێنانی هێزی ترسێنەرو کوشتنو برین بوو، بەر لەکۆنفرانسەکە هاوبیری دڵسۆزو ئەندامی بوێری کاژیك ، کاکە فوئاد حەمە ئەمین سەڕاجیان بۆ موحاسەبە بانگکردو هەڕەشەیان لێکردوە بۆ چی دژیانە؟.. گوایە بڕیاری دادگای بەرزی کاکە شێرکۆی هەژار ئەوە بوو، مەنجەڵی ئاوی لەکوڵو داغ بەسەریدا بکەن!!.. خۆی لای باسکردم وتی: خەریکبوو لەپێنجوین بمکوژن، بەشێوەیەك، یەك مەنجەڵ ئاوی گەرمو داغ بەسەرمدا بکەن، دیارە بەر لە 1974/3/11یش کاك شێرکۆی هەژار خاوەنو هەڵگری ئەو نەهجە ئەهریمەنانە بووە، وەهمی تیرۆری هاوبیرانی، عەشقو خولیای هزرو بیرکردنەوە بوو، ئەوەتا کاکە کەمال جەمال موختار لەم ماوەیەدا پەردەی لەسەر ئەو نهێنی و هەڵوێستە قێزەونو ترسناکەی کاك شێرکۆی هەژار هەڵدایەوە کەپیلانی بۆ تیرۆر کردنی کاکە کەمالیش داڕشتوە، ئاخر ئەم تەسروفاتانە هەرگیز لەکەسانو حزبی نەتەوەیی، ناوەشێتەوە، باشە ئەوە چ موفەکیرێکی نەتەوەییە بەرنامەی لەناوبردنی عەقڵە نەتەوەیەکانی داڕێژێ؟!من لەکۆنفرانسەکەی نەغەدەدا وتم: ئێمە کارەکانمان بەباشی

نەکردووە قەیچیەکا با ئەوان پەیامەکە تەواو بکەن، کۆمەڵێ گەنجن، ئازادن بەڵکو بتوانن لەوکارە موراهیقیە دەربچن‌و خزمەتەکانی خۆیان بەجوانی و سەردەمانە پێشکەش بەکوردو شۆڕش بکەن، پێشنیازەکە سەریگرت‌و ئیتر قرارەکە بەو شێوەیە درا : پارێزگاری خۆمان بکەین، ئێمە پەیوەندیمان بەسەریانەوە نەبێت.

پێشکەشکار: باچینەوە سەر ئێستگە دەنگی کوردستانی عێراق لەشەوی بیست لەسەر بیستویەکی سێی (1975) ئیدی ئەمە دواشەوی ئێستگەبوو، دەبا ماڵئاوایی لەگوێگرەکانی خۆت بکەی، ئەوساتەوەختە بۆ عەبدوڵڵا ئاگرین چۆن بوو؟.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین: بەلای منەوە ئەوساتە، مەرگباران‌و ئاواتکوژە بوو، هەرگیز لەیادو بیرمدا نەکاڵبەبێتەوەو نەئەبڕێتەوەو یەکێکە لەوێستگە هەرە حەساسەکانی ژیانم، هەم سەربەرزییە هەم ناخۆشیشە، لە 1975/3/6 پیلانەکەی نێوان سەدامی خوێنڕێژو و شای ئێران: حەمە رەزا شای بێ عەهدو وەفا کرا، بۆ فەوتانی کوردو دامرکانەوەی ئاگری شۆڕشی کوردستان، شەرم نییەو ئەڵێم: زۆر تەقدیرو رێزم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی لەراگەیاندنا بەگشتی وئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراقدا کاریان ئەکرد، خۆشەویستیم بۆ هەر هەمووشیان هەیەو دڵسۆزبوون بەڵام

دوای 1975/3/6 یەکە یەك و دوو دوو هەریەکەیان بەبیانوی سەردانی کەس‌و کاریان و گەڕان بەدوایاندا، بەرەو لایەك ڕۆیشتن، شوێنی کارەکەیان (ئێستگە) بەجێهێشت لە 1975/3/11 دەنگوباسی ئەوە هەبوو کە سەرۆك مستەفا بارزانی لەلایەن شای ئێرانەوە لەتاران دەستبەسەرکراوە، ئەوە راست نەبوو، دواتر بۆ ناوشۆڕش گەڕایەوە، کەتەشریفی هاتەوە ئێمە لەئێستگە لەچیای مەمی خەلانی پشت- چۆمان و دەبەندی رایات بووین، تەنیا سێ کەس نووسەرو بێژەر مابووینەوە، من‌و کاك رەشید فندی‌و کاکە دارا حەمەعەلی، ئەفسەری پۆلیس ئەو دەنگ‌و باس‌و هەواڵی شۆڕشی بەزمانی عەرەبی پێشکەش ئەکرد، لەئەندازیارەکانیشدا کاك ئەمجەد عەبدولواحید کەکوڕێکی زۆر دڵسۆز و خۆگر بوو، هەروەها ئەندازیاری لاو و بەتوانا و دڵسۆز کاك مەریوان ئەمە جگە لەپێشمەرگەی دڵسۆز و بەزات کاکە ئەحمەد دەشتی تۆماری دەنگی ئەکرد، ئائەمانە مابووینەوە، لە 12ی مانگەوە بۆ 17ی مانگ من خۆم وتارم ئەنووسی و ئەمخوێندەوە ئەوانی دیش هەروەها، چونکە بێژەرەکانیش هەریەکەی بەحاڵەتێك ڕۆیشتبوون، من وتارێکی توند و حەماسەتدارم دژی فرت و فێڵ و ناپاکی و خوێنڕشتنی سەدام نووسی، دوایی نەما نەمزانی چی لێبەسەرهات!.

بۆ بەیانی چووم بۆ مەکتەبی سیاسی کە لەخۆشکان بوو وتیان: ئەمشەو ئەوە چیبوو بڵاوتانکردەوە؟ وەڵڵا خۆ ئێوە عەزمی ئێمەشتان بەرزکردەوە لە 17-

1975/3/20 ئێمە لەئێستگە لەبارێكی دەروونی ئالۆز و ناخۆش و نادیاردا بووین، نەمانئەتوانی وتاریش بنووسین، وتارە كۆنەكانمان بلاو ئەكردەوە كەس خۆی لەئێمە بەرپرسیار نەئەزانی، تەنانەت، نەبارەگای بارزانیو نەمەكتەبی سیاسی نەئەهاتن بەلاماندا، هەتا برادەرێكی ئەدیب و خۆشەویستم هات وتی: (تۆ لێرە چیئەكەی؟ ماڵكاول خەڵك هەمووی رۆیشت، خۆ خۆت نەدۆزیوەتەوە، هەروەها وتی: بڕوات هەبێ دوور نییە هەلیكۆپتەر بێتە سەرتان و چەتاڵتانكەن!!) وتم: بەخوا تازە من بڕیاری خۆم داوە و لێرە ئەمێنمەوە، تا دەمەو نیوەڕۆ كاتی (12)ی رۆژی پێنجشەممەی 1975/3/20 لەوكاتەدا من، لەسەر گردۆڵكەیەكی نزیك ئەو جۆگە ئاوە دانیشتبووم كەسێ هەفتە بەر لەو كاتە، فڕۆكەی سیخۆی رووسیی، رژێمەكەی بەعس (كۆنە فڕۆكەیەكی) خەڵكی خەلان كە خۆیان تیا حەشاردابوو، ساروخێكی بێ ویژدان دایتەپان و مەرگ و خوێنی خێزانێكی بێ گوناهو (جەستەی چوار منالّ و دایك و باوكەكەیانی) خەڵتانی خوێن و گلّ كرد و بەجۆگەكەدا رووە و چەمەكە رۆیشتن !! من لەدەریای خەمی ئەو رووداوە دلّتەزێنەدا ئەژیام بەجێبێكی كولّی ئەمەریكی بەرەو رومهات! كەلەبەردەم گردوكەكەدا وەستا، سەیرمكرد كاك دكتۆر كەمال مەزهەر كە ئێستا لەژیاندا ماوەو تەمەن درێژ بێ لەگەلّ شەهید كاك دارا تۆفیق هاتنە خوارەوە و سەلامیانكرد و هاتنە سەر گردۆڵكەكەو پاش سلاو، وتیان: ئەوە چی ئەكەی؟

ئەڕۆیتەوە بۆ سلێمانی یان ئەچیتە ئێران؟ چونکە هەندێ خەڵك ئەگەڕانەوە، وتم: بەڕاستی قەرارم داوە ئەم جەولەیە لەگەڵ شۆڕشدا بمێنمەوە، وتیان: مادام بڕیارت وایە، ئەگەر ئەمڕۆ بۆ پەنەڵەکانی ئێستگە نەیەن ئەوا، ئێستگەیەکی موەقەت ڕێکئەخەین بۆ ئەوێت ئەبەین، لەمەیا بووین ئۆتۆمبێلە ریۆیەکانی ئێران بەرەو ئێستگە هاتن، چاوساغیشیان لەگەڵا بوو، وتم کاك دارا چی بکەین، وتی: دە قسەیان لەگەڵا بکە و بڵێ: سەعات (1-ر) ئێستگەکە ئەکەینەوە و تۆش ئەمە بڵاوبکەرەوە: (لەبەر هەندێ خەلەلی فەننی ئێستگەکەمان لەکار ئەوەستێ)، وەڵڵا ئەوان نەرۆیشت بوون منیش کلاشنکۆفێکم پێ بوو وتم: کاك دارا ها ئەم چەکەم لێوەربگرە، کاکە دکتۆر کەمال مەزهەر وەڵامی دامەوەو وتی: نا خەڵکی تر هەیە دێن بەوانی بدە... مەبەستی ئەوەبوو هەندێك لایەنی سیاسی و کەسانی دی هەبوو نیازی بەرگریان هەبوو، چەکیان کۆئەکردەوە لەناویاندا (قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی) بوو. وتم: ئەمە چەکی شۆڕشە و تەسلیمی شۆڕشی ئەکەمەوە، نایدەمە دەست کەسێك دوایی دژی خۆم بەکاری بهێنێت و پەشیمان ببمەوە! دوایی برای دڵسۆز و مێژووناسی بەناوبانگ کاکە دکتۆر کەمال مەزهەر فەرمووی: دەبێنە، با لەناو جێبەکەدا بێت.. من خۆم چووم و چەکەکەم لەناو جێبەکە دانا تا لەوکاتەدا مام عەلی ئازەری هەبوو، پیاوێکی قسەخۆش بوو، دڵسۆزی ماڵی مەلا مستەفا بوو، ئامادەبوو، ئەو تفەنگێکی سەرتۆپی کورتی پێبوو، پاش پرسکردن

سەرتۆپەکەی دانا و کلاشنکۆفەکەی برد، کاکە دکتۆر کەمال و کاکە داراش ڕۆیشتن، منیش چوومە لای ئەندازیارە ئێرانیەکان جا ئەوسا فارسیم نەئەزانی، بەهەر جۆرێکبوو تێم گەیاندن بەرنامەی ئەمشەوی ئێستگە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەیە، بەشکو ئەمشەو ڕێگای بڵاوکردنەوەمان بدرێتێ! وتیان باشە، جا ئەو شەوە من و کاکە دارا محەمەد عەلی و کاك ڕەشید فندی مابوینەوە، ئێستگەکەمان بەڕێوە ئەبرد، دوا قسە من کرد، ئەوە بۆمن زۆر ناخۆش‌و جەرگبڕ بوو، تا ئێستاش ژانەکەی لەخوێنما قوڵپئەدا، بەڵام ناچارم بۆ مێژوو، ئەو هەقیقەتە ژەهراویە ئاشکراو تۆمار بکەم، من لەنێوان بڕگەکانی بەرنامەی ئەوشەوەدا تا دواسات شیعرەکانی: کامەرانی موکری‌و هەژارو هێمن‌و دڵدارم ئەخوێندنەوە، چونکە هیوای گەشی خەڵك ئێستگەکەبوو، تا ئێستگەکە مابوو جەماوەر هیوایان بە شۆڕش بوو، لە کۆتایی بەرنامەکەدا ئەو ڕاسپاردەیەم بڵاوکردەوە کەکاك دارا تۆفیقی ئاغا فەتحوڵڵای ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و بەرپرسی ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیرولاوان ڕایسپارد بووم.. وتم: (گوێگرانی ئازیزو خۆشەویست: لەبەر هەندێ هۆو خەلەلی فەننی ئێستگەکەمان (ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق) لەکار ئەوەستێ تا بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر بەخواتان ئەسپێرین) هەمان گوزارشت کاك ڕشید فندی بەکرمانجی ژوور دووپاتیکردەوە هەروەها کاك داراش بەزمانی عەرەبی ئەوهەواڵە گورچکبڕەی بڵاوکردەوە..

ئێستگەی دەنگی شۆڕش کوردستانی عێراق.ئێستگەی کوردو شۆڕش‌و پێشمەرگەی دەنگی کپکراو فرزەبراوبوو!! بۆ رۆژی هەینی 1975/3/21 چووینە دەرەوە، خەڵك ئەیانوت: وتوویانە ئێستگەکەمان لەکارئەوەستێ تا شۆڕشێکی تر بەخواتان ئەسپێرین، ئەوە ئیفترابوو، بە مێژوو کرا.

پێشکەشکار: لە 11ی 9ی 1975 پاسۆك دروست بوو، ئەڵێن کاتێك چارەنووسی پاسۆك ئەکەوێتە دەست عەبدوڵلا ئاگرین ئیتر بۆخۆی دەست بەسەر هەموو شتێکدا ئەگرێ و لەهیچ بڕیارێك ناگەڕێتەوە بۆ کادیرەکانی پاسۆك، خۆی بڕیاری موتڵەق ئەدات، ئەم قسانە تا چەند راستن؟

د. عەبدوڵلا ئاگرین: یەکەم جارە ئەم قسەیە ئەبیستم، بەر لەوەی ئەو وەڵامە بدەمەوە، پێمڕاستە لایەنێکی دی گەشی هاوبیرانی کاژێك روونکەمەوە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەمانگی حوزەیرانی 1975دا من لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ سەماوە نەفیکرا بووم، مۆڵەتی هاتنەوە بۆ سلێمانی قەدەغە کرابوو، منیش، وەك حاڵەتێکی دەروونی و هەڵوێستێکی سیاسی‌و تەحەددای بڕیارەکەی بەعس هەموو هەفتەك لەسەماوەوە بۆ سلێمانی ئەهاتمەوە، هاوبیرە دڵسۆزو پەروەردە فەرهاد عەبدولحەمید .. جارێکیان رەسەنەکانی کاژێك پێیان

لێنەئەبڕیم.. لەوانە: کاکە مژدە تایەر ، کاکە عومەر حەمە شەمەیی، کاکە فەرهاد عەبدولحەمید، کاکە نوری کەریم، کاکە فەرهاد عەبدولحەمید لە1975/8/5دا هات وتی: داوا ئەکەم بۆکارێکی گرنگ بائێمە چەند هاوبیرێك کۆبوونەوەیەك بکەین وتم: باشە.. ماڵی خۆمانمان لەگەرەکی عەقاری سلێمانیدا نا.. ئەوسا لەماڵی باوکمدا بووم.. رۆژی هەینی دواتر کۆبووینەوەو ئەم هاوبیرانە ئامادەبوون (کاك فەرهاد، شەهید کاك نوری حەمە عەلی، کاك موژدە، کاك عومەری حەمەشەمەیی)، کاك فەرهاد وتی: ئەمڕۆ فرسەتێکی لەبار هاتۆتەپێش بانەکەوێتە دەست (کۆمەڵەی مارکس‌و لینینین)ی یاخود لایەنێکی دی، ئێمەی نەتەوەیی (کاژیك) دەستپێشخەری بکەین‌و ئەرکی نەتەوەیمان بەجێبهێنین‌و بۆ بەرگری‌و شۆڕش بچینە شاخ، پاش تاوتوێکردنێکی نەترسانە، منیش وەك کەسێکی دڵشکاوو نیگەران لەهەڵوێستی ئەو هاوبیرانەی ناڕاستیان لەگەڵدا کردم، بەتایبەت کاك شێرکۆ هەژار وتم: من نایەمە دەرێ بەڵام پشتگیریتان ئەکەم کاکە فەرهاد عەبدولحەمید، شوکر لەژیاندا ماوەو ئێستا لەسلێمانیە فەرمووی: ئەگەر تۆ نەیەی کارەکە سەرناگرێ!!.. 

ئا ئەمە رووداوێکی یەکجار گرنگی مێژوویە لەهەڵوێستی هاوبیرانی کاژیکدا، ئەگەرچی سەری نەگرت‌و لەوەدا من بەرپرس‌و سەبەبکارو تۆمەتباری یەکەم‌و سەرەکیم بەڵام، من لەدوای ئەوەی کەپاسۆك دروست بوو، رۆژێکیان لەبەردەم

دوکانەکەی کاك نەجمەدینی بەرگدروو لەشەقامی مەولەوی سلێمانی: شەهیدی جوانەمەرگ کاکە جەلالی حاجی حسێن بانگی کردمو قسەی لەگەڵ کردمو وتی:

کاکـــــە عەبدوڵڵا ئەمەوێ

شەهید نوری حەمە عەلی عەبدوڵڵا ئاگرین

مژدە تاهیر

فەرهاد عەبدولحەمید عومەر

حەمەشەمەیی

## کۆبوونەوەی 1975/8/5 لە ماڵی عەبدوڵڵا ئاگرین لە سلێمانی بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

هەندێك قسە بكەین، ئەگەر لێرە نەبێ ئەوا خۆم دێم بۆ سەماوەو هەر ئەتهێنمەوە، پێکەوە بۆ شاخ ئەڕۆین، هەروەها وتی: جارێ من ئێستا مقاوەلەیەکی محەتەی کارەبام لەخورماتوو هەیە هەر دەستم لێبوەوە دێم بۆ لات.. ئیدی ئەو رۆیشتە دەرەو منیش پەیوەندیم لەگەڵ کاك مژدە تایەر دابوو، من لەو فەترەیە تاکو راپەڕین زۆرێك، بەیاناتەکانم ئەنووسی لەگەڵ نووسراوی ترا ئەمدایە دەست کاك مژدە، ئەویش بۆ سەرکردایەتی پاسۆکی ئەنارد بەتایبەت لەکاتی شەهیدی جوانەمەرگ کاك ئازاد مستەفادا ئەو بڵاوی ئەکردەوە، رۆژێك کۆمەڵێ نامەم دابووە دەست کاکە مژدە کەچی کاکە مژدە تایەر لەلایەن ئەفسەری ئیستخباراتی عێراقی عەقید تەهاوە گیرا، من تا فەترەیەك لەسلێمانی خۆم شاردەوە وتم: رەنگە چووبن لەماڵی کاك مژدە دەستیان بەسەر شتەکانی منیشدا گرتبێ بەڵام بەخت یاربوو، پێش ئەوەی نامەو بەیانە نووسراوەکانی بۆ دەرەوەی رەوانە کردبوو، کاك مژدە قارەمانێکی خۆڕاگرە و لەو گرتنەیدا بەرخودانێکی سەربەرزانەی نواندو دواتر کەهیچ بەڵگەیەکی بەسەردا نەچەسپا، پاش ئەوەی ئەشکەنجەیەکی زۆر ئەدرێ و

قۆڵێکی ئەشکێنن.. ئازاد ئەکرێت و بەیەك شاد و شکور بوینەوە.. بەڵام سەبارەت بەوەی من دەستم بەسەر هەموو رێکخستنێکی پاسۆکدا گرتبێت‌و خۆم خاوەنی بڕیاری بڕای بڕ (مگلق)، بووم ئەوە هیچ بنەماو بنچینەیەکی راستی نییە و پشت بەخوا لەنووسینەوەی مێژووی تەواوی پاسۆکدا ئاماژەی پێئەکەم و ئێوەش هەرشادبن.

پێشکەشکار: زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونت پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین.

ئەمەش چەپکێك دیکۆمێنتی نهێنی رێکخستنەکانی : یەکێتیی لاوانی نەتەوەیی کورد و یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد و پارتی گەلی کوردە کە بەر لەیەکگرتنی لەگەڵ کاژیك دا لە ساڵی 1964دا وەك چالاکیەکی پیرۆز نواندویەتی، هەروەها لە دوای یەکگرتنەکەشەوە دیکۆمێنت و ئەدەبیاتی کاژیك

که سەرجەم هەموو چالاکیەکان ئەگرێتەوە بۆ مێژوو و بۆ شایەتی راستی و حەقیقەت لێرەدا پێشکەش ئەکەین، شایانی ئاماژەیە ئەمە تەنیا مشتێکە لە خەروارێك و خودا یار بێ لە ئایندەدا ئەوەی لامە بە ئەمانەتەوە مۆر (ختم)و ئەو نامانەی هاوبیران داوای هاتنە ناو ریزی تێکۆشانی کاژیکیان کردووە لەگەڵ ناوی ئاشکراوو نازناوی حەرەکیو نامەکانی لیژنەی پەیوەندی و نەخشەی رێکخستنی نهێنیشەوە بڵاو ئەکەمەوە.

هەندێك ئەدەبیاتی سیاسی كاژێك

(پڕۆگرامی كودەتایی: فیكریو پراكتیكیی  كاژێك)

بۆ منی نەتەوەیی تاجی شکۆ و شانازییە هاوبەشی لە پێکهێنانی ئەم رۆژە مقەدەسەی میللەتی کورد لەباشووری کوردستان کردووە بە بەشداری کردن لەبڕیارێکی مێژوویی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی شارستانیدا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان تیا لەدایك بوو.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین